گی دو موپاسان

# ڤیان

کۆچیرۆک

و: حەمە کەریم عارف

## پێڕست

١ – ڤیان

٢- گۆڕ

٣ – بیرکردنەوەی کۆڵۆنێل

٤ – باوک

٥ – خیانەت

٦ – جولی رومن

٧ – موڕاسیل

٨ – شێت

٩ – ئایا خەون بوو؟

١٠ – نامەێن عاشقێنی

١١ – گەڕانەوە

١٢ – بیرەوەرییانی شێتێک

# ڤیان

***چەند لاپەڕەیەک لە یاداشتنامەی نێچیرڤانێک...***

ئێستا لە لاپەڕەی هەواڵە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەیەکدا بویەرێکی خەمناکم دەربارەی ڤیانێک خوێندەوە، پیاوێک ژنێکی کوشتووە وپاشان خۆیشی کوشتووە، کەواتە بابەتێکی ئاشقێنی و دڵداری لە ئارادا بووە، یارۆی بکوژ ئەم ژنەی خۆشویستووە، لای من ئەم ژن و پیاوە هەردووکیان یەکسانن و هیچ بایەخێکیان نییە، ئەوەی بەلای منەوە گرینگە تەنیا ڤیانەکەیانە. چونکە ئەم ڤیانە یادەوەرییەکی دەورانی گەنجاتی خۆمم بیردەخاتەوە، یادەوەرییەکی سەیر دەربارەی بویەری شکارێک، کە حەقیقەتی ڤیانی لێئاشکرا کردم وەکو چۆن خاچ لە حەوێقی ئاسماندا، بۆ مەسیحیانی هەوەڵین بەدیار دەکەوت.

من وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی دی، هەموو غەریزە وکەڵکەڵەیەکی مرۆڤانیم هەبوو، لە ڕادەبەدەر حەزم لە تیرەندازی وڕاو وشکار بوو. وێڕای ئەوەش دیمەنی باڵندەیەکی بریندار کە خوێن لە باڵەکانیەوە بەسەر دەستما دەچۆڕایەوە، بەجۆرێ دڵی دەگوشیم و خەمباری دەکردم کە هەندێجار خۆزیام دەخواست بتوانم ئەم خوێنە ڕابگرم.

ئەو ساڵە لە ئاخر وئۆخری وەرزی پاییزدا، دنیا لەناکاوا تەواو ساردی کرد، خزمێکم بەنێوی کارل دو روفیل، بۆ کۆشکەکەی خۆی دەعوەتی کردم تا بەرەبەیانێک بەنیازی ڕاوە مراوی بچین بۆ قۆپی و مرداوەکانی ئەو دەوروبەرە.

خزمەکەم ( کارل ) پیاوێکی چل ساڵان بوو. پیاوێکی خۆش قەد و قەڵافەت بوو. قژ سوورێکی ڕدێن درێژ بوو، بەشێوەیەکی گشتی پیاوێکی نیمچە هۆڤی و ڕووخۆش و شۆخ بوو، لەهەمان کاتدا بەدخوو بوو، کە بەدخووییەکەی ئاوێتەی شیرین زمانی و حەنەکچیاتیە فەرەنساوییەکەی دەبوو، هاوڕێیاتی زۆر خۆش دەبوو.

کۆشکەکەی لەنێو مەزرا و دۆڵێکی فراوانا بوو، ڕوبارێکی خرۆشان بەنێو ئەم دۆڵەدا دەڕۆیی کە گردەکانی ئەم بەر وئەوبەری، یەکپارچە لێرەوار بوو، ئەم بێشە و دارستانانە لە کۆنا هی دەوڵەمەند و ئاغاوات بوون و هێشتا دار ودرەختی زۆر گەورەیان تیابوو، هێشتاش دەگمەنترین نێچیر و باڵندانی کێوی لەوێندەر دەژیان وڕوویان دەکردە ئەوێندەر.

لەپایینی ئەم دۆڵەدا مێرگ و سەوزەزارێکی پان و بەرین هەبوو کە پڕ بوو لە قۆپی و مرداو ودەشت و دەرەکەی ئاو دەدا، قۆپی و جوێبارانێ کە سروشت لێکدی جیاکردبوونەوە، کەمێک پاینتر لەم قۆپیانە، هەمان ڕوباری خرۆشاو بوو، کە ئاوە زۆرەکەی لەیەک شوێندا کۆ دەبووەوە و دەبوو بە مرداوێکی گەورە... ئەم قۆپی ومرداوە باشترین ڕاوگە وجێڕاو بوو کەبە عەمراتم دیتبووم و لە ڕاستیا قیبلەی هەموو حەز وئارەزووەکانی کارلی پسمامم بوو، بۆیە زۆری بایەخ پێدەدا و بەدڵ وگیان خزمەتی دەکرد. کارل بە کۆمەکی ڕەعیەتەکانی خۆی لەبەینی ئەو قامیش و نەیجانەوە کە سەری قۆپیەکەیان داپۆشی بوو و دیمەنێکی سەیریان پێبەخشی بوو، کۆمەڵێک ڕاڕوەی باریکی لە زەلکاوەکەدا کردبووەوە کەبە بەلەمی ژێر ساف وکۆمەکی

سەوڵان بە ئاسانی بەناویا تێدەپەڕی، بەدەنی بەلەمەکان لە قامیش و نەیجەکانی ئەم بەرو وئەوبەر دەخشی و ماسییەکان دەڕەوینەوەو خۆیان وەبن گیا و زەلەکاندا دەکرد و لە زەلکاوەکەدا ون دەبوون و مراویانی کێوی دەڕوینەوەو سەرە ڕەش و تیژەکانیان وەبن ئاوەکەدا دەکرد.

من عاشقی ئاوم، شێتانە ئاوم خۆشدەوێ، دەریا دەپەرستم، چونکە زۆر گەورەیە ولە جووڵەی بەردەوامدایە، هەرگیز ناوەستێ و هێز نییە بیوەستێنێ. ڕوبارو جۆیبارانی خرۆشان و بەهاڕە و هاژەم خۆشدەوێن، چونکە جوان ودڵگیرن و بەردەوام دێن ودەڕۆن... بەڵام لە هەموو ئەمانە زیاتر مرداو و زەلکاوانم خۆشدەوێن، زەلکاو شوێنێکە هەمیشە نهێنی تایبەتی خۆی هەیە، باڵندەێن نادیار، دەیهەژێنێ و دەیخاتە جووڵە.

زەلکاو، بۆخۆی دنیایەکی تایبەتی تەواوە، دنیایەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەموو شتەکانی هی خۆیەتی، ڕۆنشینانی هەمیشەیی وڕێبوارانی ڕەوتەنی و زوو گوزەر. هەرا و هەنگامە خەیاڵ ئەنگێزەکانی، تایبەت بە خۆین. لەم دنیایەدا هیچ شتێک لە زەلکاو و مرداوان زندووتر، هەیەجان ئەنگیزتر و لەهەمان کاتدا ترسناکتر نییە، چونکە ترسێکی گونگ فەرمانڕەوایی ئەم دەشتە ئارامە پڕ ئاوە دەکات! ئەمە چ سرێکە! ئایا ڕەنگدانەوەی ڕاز ونیاز وسۆز و زەمزەمەی خەمناکی زەل و نەیجەکانە؟باشە ئەو ڕۆشنایيە سەیرەی کە شەوان بەسەر مرداوانەوە دەبینرێ چییە؟ ئەو بێدەنگی وئارامییەی کە شەوان باڵ بەسەر زەلکاوەکاندا دەکێشێت چ سام وهەیبەتێکی هەیە! ئەو چڕە تەمتوومانەی کە سەری زەلکاوان دادەپۆشێت وەکو پەردەیەکی نادیار یان کەفێکی سپی وایە کەبە نەرمی و بەکاوەخۆ بەسەر مرداوەکەدا دەدرێت! ئەمانە، هەموو ئەمانە مرداو لەبەرچاوی من دەکەن بە مەڵبەند و سەرزەمینی ئەفسانە وخەونان.

نا، جگە لەمانە، ڕازێکی دیکەش هەیە، ڕەنگە ئەم ڕازەیان ڕازی خیلقەت بێ! مەگەر تەبیعەت بەخۆی لە هەوەڵەوە، خەڵقەنە وئافەریدەی ئاوی وەستاوی قوڕاوی نەبووە کەلەژێر گەرمای بەتین وسووتێنەری هەتاودا بەرەبەرە ژیانی تێگەڕاوەو بەرەبەرە ئەم شێوەیەی ئەمڕۆی وەرگرتووە؟

***

ئەو ڕۆژە، لای خۆرئاوا گەییمە کۆشکەکەی خزمەکەم، سەرماکەی لەکێشا نەبوو، بەردی دەتەقاند. مێزی نانخواردنەکە لە هۆڵێکی گەورەدا دانرابوو، کە هەموو دیوار وبەر پەنجەرەکانی بە جۆرەها باڵندەی مۆمیاکراو ڕازابووەوە، هەندێکیان باڵیان کردبووەوە و هەندێکیان باڵیان دادابووەوە، جۆرەها باڵندە بەدی دەکران، لە هەڵۆوە بیگرە تا دەگەییە شینە شاهۆ و سەقاقوش و بووە کوێرە و... کارل، جلێکی لە پێست و چەرمی سەگڵاوی لەبەردا بوو، بەدەم شام خواردنەوە بۆی دەگێڕامەوە کە بە چ زەحمەتێکی فرە ئەم گیانلەبەر وباڵندە سەیر وجۆراوجۆرانەی لە شوێنانی سەردەسێر و سەهۆڵبەنداندا ڕاو کردووەو هەروەها باسی بەرنامەی ڕاو وشکاری ئەو شەوەشی بۆ کردم وگوتی:

– دەبێ ئەمشەو سەعات سێ و نیوی دوای نیوەشەو ڕابین تا سەعات چوار ونیو بگەینە مەنزڵ و ڕاوگەکە و لە حەشارگەکەدا دانیشین و چاوەڕوان بکەین. لەوێ کولبەیەکمان لە پارچە سەهۆڵی گەورە دروستکردووە، تا لە کزەی سەرما و ئەو بایە ترسناکەمان بپارێزێ کە ڕێک لەو دەمی گورگ و

مێشەی بەرە بەیانەدا هەڵدەکات. ئەم بایە ئەوەندە سارد و تیژە کە وەکو هەرە گۆشتی بەدەن دەبڕێ و وەکو تیغ دەیبڕێت و وەکو ئاگر دەیسووتێنێت.

کارل، دوای شام بەدەم هەڵگلۆفتنی دەستەکانییەوە گوتی:

– بە عەمراتم سەرمای وام نەدیتووە، هێشتا سەعات شەشی ئێوارەیە، کەچی پلەی گەرما دوازدەی ژێر سفرە.

من هەرکە لە خواردنی شێو بوومەوە، یەکسەر چووم بۆ ژوورەکەی خۆم، لەسەر جێگاکەم ڕاکشام و لەبەر گڕی سورباوی ناو سۆپاکەدا کە نێڵەنێڵ دەسووتا، خەوم لێکەوت.

کارل ڕێک لە سەعات سێی پاش نیوەشەو بێداری کردمەوە، خێرا پۆسینەکەم لەبەرکرد، ئەویش کەوڵە ورچێکی لەبەرکرد، سەرو قاوەی تاڵمان خواردەوە، سەرو پێکی شامپانیامان بەسەریا کرد، لەگەڵ پاسەوانێک و هەردوو تاژیەکەمانا، بلونجون و بیسرۆدا کەوتینەڕێ.

هەرکە لە کۆشکەکە وەدەرکەوتین، هەستم بە سەرمایەک کرد خەریک بوو ڕەق دەبوومەوە. یەکێک بوو لەو شەوانەی کەلەتۆ وایە دنیا لە سەرما ڕەق بووەتەوەو مردووە، بایە سەردەکە، وەکو جەستەیەکی هەست پێکراوە، خۆی بە ڕوخساری بەشەردا دەکێشا و لەتۆوایە گازت لێدەگرێت، درەختەکانی دەشکاندەوە. تەیر وتوویەکی زۆر لەسەر ڕێگاکەمان رەق بووبوونەوە، لەسەر چڵی درەختەکانەوە کەوتبوونە سەر ئەرزە ڕەق و یەخبەندانەکە.

مانگ کە تەنیا یەک چارەکی سەرەوەی ڕوناک بوو، لەتۆوایە بەحەوێقی ئاسمانەوە لە مۆڵەقا وەستاوەو ڕەق بووەتەوە، هێندە لاواز وبێ توانا دەهاتە بەرچاو کە تەنانەت توانای ئاوابوونیشی نەبوو، لەتۆوایە ساردی دنیا لەنێوان ئەرز وئاسمانا هەڵی واسیبوو، تریفەیەکی سارد وخەمناکی هەبوو، هەمان تریفەی مردەڵە و بێ ڕەنگ بوو کە هەمیشە لە ڕۆژانی ئاخر وئۆخری تەمەنی خۆیا بەسەرمانا پەخشی دەکاتەوە.

من و کارل، شانبەشانی یەکدی ڕێمان دەکرد، لە سەرما خۆمان کوڕ کردبووەوە و دەستەکانمان پەستابوونە گیرفانی پانتۆڵەکانمانەوەو تفەنگەکانمان نابووە ژێر باڵمان. ڕووکەشێکی خوری ئەستوورمان لە پێڵاوەکانمانەوە پێچابوو تا لەسەر سەهۆڵبەندانی سەر ڕوبارەکە نەخزێین و دەنگی پێمان نەبیسترێت. من دەمڕوانیە ئەو هەڵمە سپییەی کەلە دەمی تاژییەکانی کارلەوە دەردەهات. زۆری نەبرد گەیینە قەراخ زەلکاوەکە، خۆمان کرد بەیەکێک لەو توولە ڕێگایانەدا کەبەنێو نەیجە بەرزەکاندا تێدەپەڕی و بە بێشە ودەوەنەجاڕێک کۆتایی دەهات. کە ئانیشکمان بەر گەڵای درێژی نەیجەکان دەکەوت، خشەخش ودەنگێکی نەرمی لێبەرز دەبووەوە. زەلکاوەکە تەواو سەرمەستی کردبووم، دەتگوت زەلکاوەکەی جاران نییە، دەتگوت مردبوو! لە سەرما مردبوو! بێدەنگیەکی مەرگبار باڵی بەسەر هەر چوارنکالا کێشابوو، من وەختێک هەستم بەم بێدەنگیە خەمناکە کرد کە دەگەڵ کارل دا بە تووڵە ڕێیەکی تەنگا دەڕۆیشتین و بەرەوپێش دەڕۆیشتین. لە پێچی یەکێک لەم تووله ڕێیانەدا لەناکاوا چاوم بە ژوورۆچکەیەکی یەخین کەوت، یەکسەر خۆمان بەم ژووروچکەیەدا کرد،

هێشتا نزیکەی نیو سەعاتێکمان بەدەستەوە مابوو، تا مراوی وباڵندە سەرگەردانەکان بێدار ببنەوە، هەوڵمدا لە گۆشەیەکا دانیشم و خۆم لەو پەتۆیەوە بئاڵێنم کە لەگەڵ خۆما بردبووم. لەسەر گازی پشت ڕاکشام وکەوتمە تەمەشای مانگ کەلە پشت ساپیتە تەنکەکەی ئەو کولبە سەهۆڵینەوە دەدرەوشایەوە، بەڵام سەرمای بەترەفی دیوارە سەهۆڵینەکان زۆر زوو کاری تێکردم و کۆکە گرتمی، کارل کەبەو حاڵەوە منی بینی زۆر ناڕەحەت بوو وگوتی:

– ئەگەر ئەمڕۆ هیچ ڕاوێکمان دەست نەکەوت گرینگ نییە، گوێی مەدەیە، خۆ ناکرێ لەبەر ڕاو خۆمان لەسەرما بکوژین، با ئاگرێ بکەینەوە.

یەکسەر، بەو پاسەوانەی، کە دەگەڵمان هاتبوو، گوت هەندێک هەژگ وبژاڵ و چیلکە و چەوێڵان و زەل و قامیشان خڕ بکاتەوە و لەناو کولبەکەدا، کە سەرەکەی کون بوو، ئاگرێک بکاتەوە. کاتێ کە بڵێسەی سووربڵاوی ئاگرەکە بەرز بووەوە، سەهۆڵی دیوارەکانی کولبەکە دەستیان بە توانەوە کرد، دڵۆپەی درەخشانی ئاوەکە وەکو خوناوی سپێدە لە میچ و دیوارەکانەوە تک تک دادەچۆڕا.

کارل، کەلە دەرەوەی ژوورۆچکەکە بوو، گازی کردم: – وەرە تەمەشاکە!

وەختایەک چوومە دەرێ، دیمەنێکی زۆر جوان و عەنتیکەم لە هەنبەر خۆدا بینی، کولبە سەهۆڵینەکە کە ئاگری تیادا دەگڕا، وەکو پارچە ئەڵماسێکی درشتی سووربڵاو دەهاتە بەرچاو، وەختایەک دووبارە خۆم بە ژووروچکەکەدا کردەوە، تاژیەکانی کارلم بینی کە تەواو خۆیان لە ئاگرەکە نزیک کردبووەوە وخەریک بوون خۆیان گەرم دەکردەوە.

لەناکاوا دەنگێک کە زیاتر لە هاواری بوونەوەرێکی گوم بووی سەرگەردان دەچوو هاتەگوێ، کە تەمەشای ئاسمانمان کرد، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاگرەی کەلە کولبەکەدا دەسووتا، پۆلێکی گەورەی سۆنەی کێویمان بینی کەبە خێرایی تێدەپەڕین!

هیچ شتێک بە ئەندازەی هاواری بوونەوەرێکی زندوو کەلە تاریک و ڕوونی سپێدەدا تێدەپەڕێ و بەچاو نایەتە دیتن، کارم تێناکات، بۆمن وبەلای منەوە هاواری ئەو باڵندە کێویانە، کە بلەز ئاسمان دەدەنە ژێر باڵی فڕینەوە و دوور دەکەونەوە، ڕێک لە ناڵین و ئاخینی ڕوحێکی سەرگەردان دەچێ کەلەو دنیاوە بگاتە گوێ!

کارل، لەناکاوا هاواری کرد:– ئاگرەکە وەکوژێنن، دنیا ڕوناک بووەوە.

شەو خەریک بوو دەڕەوییەوە ورەنگی بەردەدا، سپێدە بە ڕوخساری کەوەیی خۆیەوە بەئارامی دەردەکەوت ومراویان بە ئاسمانەوە ڕیزیان دەبەست و بەپەلە دەڕۆیشتن. ڕوناکی سپێدە ئاسۆی ڕوناک کردەوەو سینەی تاریکی شەوی شەق کرد. کارل تەقەی کرد، جووتە تاژییەکە بەپەلە بەرەو نێچیرەکە تاویان دا. ئیدی لەم ساتە بەدواوە هەر باڵندەیەکمان دیتبا یەکسەر تەقەمان لێدەکرد، تاژیەکان، ببیرۆ و بلانجون خۆشحاڵ و بە هانکەهانک بەرەو نێچیرەکە دەچوون و دوای تۆزێک ئەو باڵندە باڵ بە خوێنانەیان، کە هێشتا خوێنیان

لێدەچکاو دەتگوت چاوانی ترساویان بەنیگایەکی پڕ ئازارەوە بڕی بووە ئێمە، دێنان و لەسەر بەفرو بەستەڵەکەکەی بەرپێی ئێمەدا دایان دەنان.

***

خۆر لەپشت کێوانەوە هەڵاتبوو، ڕۆژ بە حەوێقی ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە، ئاسمان ساف وشین بوو. ئێمەش بەرەبەرە کەوتینە بیری ئەوەی بگەڕێینەوە، لەوکاتەدا دوو مراوی دەنووک و مل درێژ، بەسەر سەرمانەوە بەدیار کەوتن کە بلەز بەسەرمانا تێدەپەڕین. من دوو فیشەکی دوابەدوای یەکەم پێوەنان، یەکێکیانم پێکا وڕێک لەبەر پێمدا کەوتە سەر ئەرزەکە. مراویەکی کێوی گەورەی سینە زیوین بوو. لەم کاتەدا لەناکاوا بەسەر سەرمەوە و بە ئاسمانی شینەوە گوێم لە دەنگی هاوارێک بوو، هاوارێکی وشک، هاواری باڵندەیەکی دی بوو.

ئەم هاوارە کورتە، یەک لەسەر یەک وپچڕپچڕە، لە ناڵەی کەسێک دەچوو کە بۆ کوشتە و مەرگی ئازیزێکی خۆی بگری و بناڵێ. کە تەمەشای ئاسمانم کرد، مراوییەکی بچووکم بەدی کرد، کەبە ئاسمانا دەخولایەوەو هاواری دەکرد و دەیڕوانیە جووتەکەی خۆی کە مردبوو و بەدەست منەوە بوو.

کارل چۆکی دادابوو، تفەنگەکەی نابوو بە شانیەوە ونیشانەی گرتبووەوە، حازر وئامادە تا هەرکاتێ باڵندەکە بێتە مەداری تیری، تەقەی لێبکات و... بەمنی گوت:

- تۆ مراویە مێچکەکەیت کوشتووە، ئیدی نێرەکەی لەم ناوە دوور ناکەوێتەوە.

بەڕاستی سەیر بوو! مراوییە نێرەکە بەهیچ جۆرێ نیازی ئەوەی نەبوو لەوناوە دوور بکەوێتەوە، بەردەوام بەسەر سەری منەوە دەخولایەوە و هاواری دەکرد. لە ژیانما ناڵە و ئاخینی هیچ بوونەوەرێک بە ئەندازەی هاوار وناڵەی ترسناکی ئەم باڵندە جووت گوم کردە و سەرگەردانە، ژانی نەکردووەتە دڵمەوە.

هەندێجار، کەبە ئاسمانا دەسوڕایەوە، ڕێک دەهاتە بەرسێرەی ئەو تفەنگەی کە چاودێری ڕەفتارەکانی دەکرد، هەندێجاریش وادەهاتە بەرچاو کە بیەوێ بەتەنیا ملی ڕێگا بگرێت وبڕوات. بەڵام دیاربوو، بەڕادەیەک پەرۆشی مەرگی جووتەکەی بوو کە نەیدەتوانی بڕیار بدات، یەکسەر دەگەڕایەوە تا بەڵکو جووتەکەی خۆی بدۆزێتەوە.

کارل گوتی:- مراوییە پێکراوەکە لە ئەرزەکە دابنە، ئێستا جووتەکەی دێت بۆلای!

هەرواش دەرچوو، چونکە وەختایەک مراوییە کوژراوەکەم لەسەر ئەرزەکە دانا، مراوییە نێرەکە، بێئەوەی سڵ لە هیچ مەترسییەک بکاتەوە لە حاڵێکا وەکو ئەوەی لە ئەشقێکی ئاگریندا شێت بووبێ، هاتە خوارترەوەو دوای تۆزێک بەسەر سەری جووتە کوژراوەکەیا تەواو لە عاردی نزیک بووەوە، ڕێک لەوکاتەدا دەنگی گوللەی کارل، لە ئاسمانا دەنگیدایەوەو ڕێک وەکو ئەوەی پەتێک مراوییە نێرەکەی بە ئاسمانەوە گرێ دابێ و لەناکاوا پچڕابێ، لەناکاوا وەکو تارماییەکی ڕەش بەرەو زەوی داکشا ویەکسەر دەنگی کەوتنی جەستەیەک، چەند هەنگاوێک لەولاترەوە، لەنێو قامیشەڵانەکەوە هاتەگوێ. یەکێک لە تاژییەکان بلەز ڕۆیی و مراوییەکەی، کە هێشتا خوێن لە باڵەکانی دەچکا، بۆلای من هێنا. هەردوو مراوییەکەم، کە سارد بووبوونەوە، لە توورەکەکەم نا و هەر ئەو ڕۆژە بۆ عەسرەکەی بۆ پاریس گەڕامەوە.

# گۆڕ

له ۱۷/ ۷ / ۱۸۸۳، سەعات دوو نیوی دوای نیوەشەو زێوانی گۆڕستانی " بزیە " کەلە خانۆچکەیەکی کۆتایی گۆڕستانەکەدا دەژیا، لەدەنگی قروسکە قروسکی سەگەکەی، کەلە مووبەقەکدا دەرگای لەسەر داخستبوو، خەبەری بووەوە.

بلەز چووە قاتی خوارەوەو سەیری کرد سەگەکەی لەژێر دەرگاکەوە بۆن دەکات وشێتانە دەوەڕێ. ڕێک وەکو ئەوەی گوێی لەدەنگی پێی دزێکی شەوگەڕ بێ کەلە ماڵەکەدا بسوڕێتەوە. فنسانی زێوان، تفەنگەکەی هەڵگرت وبەپارێزەوە وەدەرکەوت. سەگەکەی بەرەو شەقامی (جەنەڕاڵ بونە) کەوتە غاردان و لەبەرانبەر بینا یادگارییەکەی مەدام (توموازو) دا وەستا.

زێوانەکە، لە حاڵێکا بەپارێزەوە دەچووە پێشێ، ڕوناکیەکی کزی لە سەمتی شەقامی "مالین ڤەر" دا بەدی کرد. زۆر بە ئەسپایی، لەسەر نووکی پێ، بەنێو بەرد وکێلی قەبرەکاندا چووە پێشێ و یەکێک لە ترسناکترین کارێن کوفرئامێزی لە هەنبەر خۆیا بەدی کرد.

پیاوێک، گۆڕی ژنێکی گەنجی، کە ڕۆژی پێشتر بە خاک سپێردرابوو، هەڵدابووەوەو جەنازەکەی لە گۆڕەکە دەردێنا. فانۆسێکی چکۆلەی کز کەلەسەر بارستە خاک وخۆڵێک دانرابوو، ئەم دیمەن و بەرجەوەنە نەفرەت ئەنگێزەی ڕوناک دەکردەوە.

ڤنسانی زیوان، لەناکاوا پەلاماری کابرای تاوانباری دا و دای بە عاردیدا، هەر دوو دەستی بەست و بۆ پۆلیسخانەی برد.

ئەم پیاوە یەکێک بوو لە وەکیل و پارێزەرە لاوەکانی دادگا کە سەروەت و سامانێکی زۆری هەبوو و نێوی " کورباتای " بوو.

دادگا دانرا. دادسێن، لە وتەکەیا ئەم کارەی بە تاوانە دزێوەکانی عەریف "برتران" شوبهاند و بووە مایەی هاڕوژاندنی هەستی تەمەشاڤانان، هۆڵەکە لە تووڕەیی حەشیمەتەکەدا هاتبووە لەرزە، هەرکە سەرۆکی دادگا دانیشت، هاواری خەڵکەکە بەرز بووەوە کە " ئێعدامی بکەن! ئیعدامی بکەن! " وسەرۆک زۆر بە زەحمەت خەڵکەکە و هۆڵەکەی کۆنترۆڵ کردەوە.

بەڕاوێژێکی زۆر جدی گوتی: - تۆمەتبار، هیچ قسەیەکت هەیە کە بەرگری لەخۆ بکەی؟

کورباتای، کە وەکیلی مودافیعی ڕەفز کربوو، هەستا. گەنجێک بوو جوانخاس، قۆز، زەلام، ڕەشتاڵە و ڕووخۆش، بە ڕواڵەت ئارام وبێباک.

دەنگی وس وسی خەڵکەکە بەرز بووەوە و بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا.

یارۆی تۆمەتبار، ئارام و بێخەم و خەیاڵ، بەڵام بەدەنگێکی برێک وشک دەستی بەقسان کرد، لە هەوەڵەوە دەنگی هێواش بوو و بەرەبەرە بەرزتر و مکومتر بوو و گوتی:

پایەبەرزان، دادسێنانی بەڕێز...

ئەوەی من دەمەوێ بیڵێم، زۆر کورتە، ئەو ژنەی کە من گۆڕەکەیم هەڵدایەوە، ماشقە وگراوێی من بوو و منیش ئاشقی ئەو بووم. من ئەوم خۆشدەویست، بەڵام نەک خۆشەویستیەکی شەهوانی، نەک خۆشەویستیەکی سادە و هەڵقوڵاوی میهرەبانی دڵ و ڕوح، بەڵکو عەشق و خۆشەویستی من بۆ ئەو عەشقێکی تایبەت بوو، لە ئاستی کەماڵ وئاوێتە بە جۆرە کەڵکەڵەیەکی سەودایی بوو.ئێستا، گوێ لەو حیکایەتە بگرن کە ناچارم لێرەدا بیگێڕمەوە:

هەوەڵجار کە دیتم، هەستێکی پەرێشانی سەیر دایگرتم، هەستی حەیرەت و حەپەسان نەبوو، هەستی ستایش و شەیداییش نەبوو، چونکە بەهیچ جۆرێ لەو عەشقانە نەبوو کە دەڵێن بەنیگایەک دیتە ئاراوە، بەڵکو هەستێکی لەزەتبەخش و خۆشبوو، وەکو ئەوەبوو لە پڕێکا کەوتبمە ئاوی شیرتێنی گەرماوێکەوە. ڕەفتاری دڵی دەبردم، دەنگی ئەفسوونی دەکردم، کە تەمەشای دەکردم ئۆخژنێکی بێکۆتاییم لە دڵ و دەروون دەگەڕا. لەهەمان کاتدا وام هەستدەکرد کەلە مێژە دەیناسم، لەتۆوایە پێشتر دیتبووم، وادیاربوو یەکێک لە ڕوحەکانی من چووبووە پێستی ئەوەوە.

ئەم ژنە بۆمن وەکو وەڵامێک بوو کەبە پێویستیەکانی ڕوحی من درابێتەوە، هەمان ئەو پێویستیە گونگ و بەردەوامەی کەلە سەرانسەری قۆناغەکانی ژیاندا بەرەو ئومێد و ئومێدواریمان دەبات.

کاتێ کە کەمێک دەگەڵیا ئاشناتر بووم، هەموو فیکر وزیکری من هاتەسەر ئەوەی کە دووبارە بیدینمەوە. ئیدی ئەمە بوو بە خەون و خولیام، دووچاری نیگەرانی و ئاشوفتەییەکی سەیری کردبووم. تەماسی دەستی لەنێو دەستما، لەزەتێکی ئەوتۆی بەمن دەدا، کەلە خەونیشا، قابیلی تەسەور نەبوو، بە زەردەخەنەیەکی ئەو شادی و ئومێد لە چاوانما پرشنگی دەدا و حاڵێکم لێدەهات کەوام هەستدەکرد خەریکی هەڵپەڕکێ و ڕاکردن و ڕەقسینم یان بەسەر عاردیدا غل دەبمەوە.

ئیدی لەو دەمەوە بووبە ماشقەی من.

بەڵام ئەو بۆمن زۆر لەمانە زیاتر وباڵاتر بوو. ئەو ژیان وژینی من بوو. ئیدی لەم دنیایەدا هیچ ئارەزوویەکی دیکەم نەبوو، هیچم نەدەویست وهیچ کەسەر و عەزرەتێکم لەدڵدا نەمابوو.تا ئەوەبوو، عەسرانێک دوای پیاسەیەکی برێک دوورودرێژ لەکەناری ڕوبارێکا، لەناکاوا باران غافڵگیری کردین و ئەو زۆر سەرمای بوو. بۆ سبەی تووشی برک و باپەڕ بوو و دوای هەشت ڕۆژ نەخۆشی مرد. لەو ماوە کورتەدا دووچاری حیرەت وحەپەسانێکی هێندە ترسناک بووبووم کە نە لەهیچ حاڵی دەبووم ونە دەمتوانی بیربکەمەوە.

وەختایەک مرد، تووشی جۆرە نائومێدییەکی ئەوتۆ بووم، ئازام ئیفلیج بوو، توانای بیرکردنەوەم نەبوو، تەنیا دەگریام.

لەو ماوەیەدا کە ڕێورەسمی ترسناکی کفن ودفنەکە دەکرا، خەمێکی قووڵ ولە ڕادەبەدەر دایگرتبووم، خەمێک زۆر لە توانای مرۆڤێک زیاتر وقورستر بوو. بەگوتەیەکی دی جۆرە خەم و کەسەرێکی جەستەیی ئاوێتە بە شێتی بوو.

دوای ئەوەی کە مرد، بەخاک سپێردرا، مێشکی منیش لە ناکاوا کەوتەکار و هەموو شتێکم بۆ ڕوون بووەوە و گەڕایەوە بارودۆخی ئاسایی خۆی، بەڵام پەڕینەوە بەناو ئەو هەموو عەزابە ڕوحی و دەروونییە دوور ودرێژەدا، ئەوەندە ترسناک و ناخۆشبوو، کە تەنانەت ئەو ئەشقەش کە ئەو بەمنی بەخشی بوو، قەرەبووی نەدەکردەوە.

ڕێک لەو کاتەدا بوو کە نیگەرانی و وازوازییەکی تووند بەسەرما زاڵ بوو، نیگەرانی ئەمەی کە: " ئیدی هەرگیز ئەو نابینم. "

ئەگەر ئێوە یەک ڕۆژی تەواو دانیشن و بیر لەو حاڵەتە بکەنەوە دین و هار دەبن. بیری لێبکەنەوە! بیهێننە بەرچاوی خۆتان کە کیژێک لێرەدا بێ، کیژێک کە دەیپەرستن، بوونەوەرێکی تایبەتی کەلە سەرانسەری ئەم دنیا پان و بەرینەدا کەس نەتوانێ " ئەو " بێ، یان تەنانەت لەوە بچێت و، ئەم بوونەوەرە تەنیا و بێهاوتایە خۆی ڕادەستی ئێوە بکات، ئەم پەیوەندییە نهێنییە ئامێزەی کە ئەشقی ناوە، لە هەمێزتان بخولقێنێ. نیگای ئەو لەبەر چاوتان لە ئاسمانی بێکۆتایی بەرینتر بێ، لەهەموو دنیا دڵڕفێنتر بێ، نیگایەکی درەخشان کە سەرڕێژ لە بزەی میهر و مەحەبەتە، ئەم کیژە ئێوەی خۆشبوێت و، وەختێ قسە دەکات دەنگی ئێوە لە شادی وبەختەوەریا نقوم بکات.

ئەوسا ئەم بوونەوەرە لەناکاوا دیار نەمێنێ! جا خۆتان بیری لێبکەنەوە! نەک هەر لەبەرچاوی ئێوە دیار نەمێنێت، بەڵکو لەبەرچاوی هەموو کەسێک دیار نەمێنێ! بەڵکو بمرێت! ئایا دەزانن ئەم وشەیە چ دەگەیەنێ، چ مانایەکی هەیە. هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز، شتی وا لە هیچ شوێنێکدا نەبووەو نابێت، ئیدی ئەو چاوانە نابینرێن، هەرگیز ئەو دەنگە نایەتەوە بیستن. هیچ دەنگێکی دیکە، تەنانەت دەنگی تێکڕای بەشەریش ناتوانێ تاقە وشەیەک بەو ڕاوێژ ودەنگەوە کە ئەو دەیدرکان، دەرببڕێت.

هەرگیز نموونەیەکی دیکەی وەکو ئەو نایەتە دنیاوە. هەرگیز، هەرگیز! دەتوانین پەیکەرانی زۆرچاک دروست بکەین، مۆرمان هەن، کە هەمان هێڵ و ڕەنگان وەکو خۆی لەسەر کاغەز کۆپی دەکاتەوە، بەڵام ئەم بەدەن و ئەم دیم و دەم وچاوە هەرگیز و جارێکی دی لە سەر ڕووی زەوی نایەتە دیتن. لەکاتێکا هەزاران ژنی دی دێنە دنیایێ، ملیۆنان، هەزاران ملیۆن و لەوانەیە زۆر زیاتریش بێنە دنیاوە، بەڵام لەهەموو ئەم ژنانەدا هەرگیز یەکێکی وەکو ئەو پەیدا نابێتەوە. ئایا شتی وا دووبارە دەبێتەوە؟ تەنانەت بیرکردنەوەش لەو شتە مرۆڤ دین وهار دەکات!

ئەو، تەنیا بیست ساڵ ژیا، بیست ساڵی خشت، بێ کەم و زیاد، وحاڵی حازر دیار نەماوە، بۆ هەمیشە هەتا هەتایە ڕۆیی! ئەو بیری دەکردەوە، پێدەکەنی، عاشقی من بوو، نها لەهەموو ئەم شتانە، هیچ شتێک، هیچ شتێک

نەماوە! ئەو مێرو ومەگەزانەی کەلە پاییزا دەمرن چەند لە ڕوانگەی سروشتەوە بایەخیان هەیە، ئێمەی بەشەریش هەر ئەوەندەمان بایەخ هەیە.

لە حاڵەتێکی وەهادا بوو کەمن بیرم کردەوە، بەدەنی ئەو، بەدەنی گەرم و بۆنخۆشی ئەو، بەو نەرمییە، بەو سپێتییە، بەو جوانییە، لەناو سەندووقێکی دارینا، لەژێر زەویا لەحاڵی ڕزینداپە، ئەدی ڕوحی ئەو، عەشقی ئەو، ئەمانە کوێوە چوون؟

هەرگیز جارێکی دی نای بینمەوە! هەرگیز بیری ئەو بەدەنە فەوتاوەی کە مێشکی منی پڕکردبوو، ئەو بەدەنەی کەبە هەموو ئەم قسانەشەوە لەگینە هێشتا بیناسمەوە! دووبارە نابینمەوە!

هەستام، بە بێڵێک، فانۆسێک و چەکوشێکی گەورەوە لەماڵ وەدەرکەوتم، بەدیواری گۆڕستانەکەدا هەڵزنام و خۆم هەڵدایە ئەو دیوەوە، ئەو قەبرەم دۆزییەوە کە ئەوی تیا نێژرابوو، هێشتا بەتەواوی پڕیان نەکردبووەوە. خاک وخۆڵی سەر تابووتەکەم لادا و خستمە لایەکەوە، لەناکاوا بۆنێکی ناخۆش، نەفرەت ئەنگێز، بۆنی بۆگەنی جەستەیەک کەلە حاڵی ڕزیندا بوو، وەکو شەپۆل بەر ڕوخسارم کەوت… ئاخ، جێگاکەی ئەو هەمیشە بۆنی گوڵە مریەمی لێدەهات.

وێڕای هەموو ئەمە تابووتەکەم کردەوە، فانۆسەکەم بردە پێشەوەو ئەوم بینی، ڕوخساری ئاوسابوو، شێن و مۆر بووبووەوە و ترسناک بوو! زوخاوێکی ڕەش لە دەمیەوە ڕژابوو.

ئەو، هەمان کیژی جوان بوو! ترسم لێنیشت، دەستم برد، گێسوەکانیم گرت تا ئەو ڕوخسارە بەسامە بۆلای خۆم ڕاکێشم! ڕێک لەو کاتەدا وبەدەم ئەو کارەوە گیرام:

بەدرێژایی شەوەکە کە ئەو بۆن بۆگەنیەم لەگەڵ خۆدا هەڵگرت، ڕێک وەکو کەسێک کە عەتری ماشقەکەی خۆی دوای هاوئامێزیەکی سێکسی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، منیش هەوڵمدا بۆن بۆگەنی ئەو جەستە ڕزیوە لەگەڵ خۆدا هەڵگرم، بۆنی تاقە مەحبووبەکەم!

ئێستا هەر کارێکتان دەوێ، بیکەن!

بێدەنگیەکی سەیر باڵی بەسەر دادگاکەدا کێشا. وەکو ئەوە بوو کە خەڵک چاوەڕوانی ئەوە بن کە شتی زیاتریان گوێ لێبێت. دادسێنەکان، بۆ ئەوەی دوا بڕیار بدەن، چوونە دەرەوە و دوای چەند خولەکێک هاتنە ژوورەوە، تۆمەتبارەکە هیچ ترس و نیگەرانییەکی بەسیماوە نەبوو، تەنانەت دیار بوو کە بیریش ناکاتەوە. بەگوێرەی ڕێوڕەسمی باو، قازی (دادسێن) بە تۆمەتبارەکەی گوت کە هاوکارەکانی، ئەویان بەبێتاوان زانیوە.

ئەو کەمترین جووڵەی نەکرد، بەڵام خەڵکەکە بەتووندی کەوتنە چەپڵەلێدان.

# بیرکردنەوەی کۆڵۆنێل

کۆڵۆنێل " لاپورت " گوتی:

- من ئێستا پیرم و نوقرسم لەگەڵە، لاقەکانم وەکو کۆڵەگەی پەرژین وشک بووە، بەڵام نەعلەت لەمن، لەم دڵە سەگەی من، ئێستاش ئەگەر ژنێک، ئەگەر ژنێکی شۆخ وبەناز فەرمانم بداتێ کەبە کونی دەرزییەکا بچم، یەکسەر وەکو لیبۆکێ کەبەناو ئەڵقەیەکا ڕەت دەبێ، بەبازێک ئەوکارە دەکەم. من بەو دەقەوە دەمرم، ئەمە لە خوێنمایە. من پیاوێکی کۆنەکار و بە ئەزموونم، من پیرەمێرێکی بە ئەزموونم و ساردی وگەرمی ژیانم چەشتووە، سەر بەنەوەی کۆنم، دیمەنی ژنێک، ژنێکی خشیک و بەنازو کریشمە، ئازام دێنێتە جۆش، دڵنیابە کە واهیم. ئەوسا بزەیەکی بۆ کرد ولەسەری ڕۆیی:
- بەڕێزینە، ئێمەی فەرەنسی هەموومان واین، ئێمە تا ڕۆژی مردن هەر سوارچاکین، سوارچاکی " ڤیان و سەرکێشیان " ین، ئەمە لە خوێنماندایە، کەبە ناشوکری نەبێ ئێستا خوا بڕیویەتی. بەڵام هێزنییە بتوانێ ژن لە دڵی ئێمەدا بسڕێتەوە. ژن لەکانگای دڵی مەدایە و هەر لەوێشدا دەمێنێ.

تا فەرەنسا لەسەر نەخشەی ئەوروپادا هەبێ، ئێمەش عاشقی ژنین و عاشقی ئەو دەبین و لەپێناوی ژنا، هەر کارێکی شێتانە دەکەین. تەنانەت ئەگەر ناوی فەرەنساش کوێر ببێتەوەو نەمێنێ، ئەوا ئێمەی فەرەنسی هەر دەمێنین. بۆ نموونە من کەکاتێ ژنێ، ژنێکی جوان وبەناز وعیشوە تەمەشام دەکات، هەستدەکەم بۆ هەرکارێ ئامادەم. جا نەحلەت لەمن کە وەختایەک چاوانی ژنێک، چاوانی جوان و گوناحکاری ژنێک، تا ناخم دەبڕێ و گڕ لە دەمارەکانم بەردەدات، مەگەر هەر خوا بزانێ چ حاڵێکم لێدێت ودڵم دەخوازێ چ کارێ بکەم! حەزدەکەم شەڕ بکەم، زۆران بگرم، هەرچی تەخت وکورسی هەیە بیاندەم بەسەر یەکدا، تا ئەوە بەخەڵکی نیشانبدەم کەبەهێترین و بێ پەرواترین و لەهەمان کاتدا دڵسۆزترین پیاوی سەرزەویم.

جا هەرمن وانیم، بەڵکو هەموو ئەندامانی سوپای فەرەنسا، وان. سوێند دەخۆم کە هەر هەموویان وان: لە دەرەجە دارەوە بیگرە، تا دەگاتە سەر لەشکر، هەرهەموومان کە چاومان بە ژنێکی جوان دەکەوێ، ئیدی جڵەوی خۆ لەدەست دەدەین و هەموو شتێک لەبیر دەکەین. بیهێننە بیری خۆتان کەکاتی خۆی " ژاندارک " لەکاتی خۆیدا، لە کۆنا چۆن هاڕوژاندینی. من گرێو دەکەم کە ئەگەر ژنێک، ژنێکی بەناز وعیشوە، فەرماندەیی سوپای فەرەنسای لە ئەستۆدا بوایە، شەوێ بەرلە بویەرەکەی " سیدان " کە مارشال " ماک ماهون "ی تیا بریندار بوو، ئەوا بێ چەند وچوون، مەتەڕێز و سەنگەری پروسیەکانمان دەشکاند و لە تۆپەکانی ئەوانا شەرابمان دەخواردەوە و مەست دەبووین!

یانی ئێمە، لە پاریسا پێویستمان بە فەرماندەیەکی وەکو " تروشو " نەبوو، بەڵکو پێویستمان بە فریشتەیەکی وەکو جینیڤیڤ بوو.

ئەم قسانە، چیرۆکێکی بچووکی کاتی شەڕی بیر هێنامەوە کە دەیسەلمێنێ، ئێمە لەبەردەم ژنا، هەموو کارێکمان لەدەست دێ و لێدەوەشێتەوە.من ئەوکاتە سەروان (نەقیب) بووم، فەرماندەی فەوجێکی دەورێ بووم، دەبوایە بە دەڤەرێکا بگەڕێینەوە کە پرۆسیەکان زۆر بەتووندی هێرشیان بۆ دەکرد و تۆپبارانیان دەکرد.

پەیوەندییمان بە هێزەکانی خۆمانەوە بڕابوو، دژمن بەردەوام تاقیبی دەکردین، بەدەن ومێشکمان لەکار کەوتبوو، ئیدی هیلاک وماندوو، خەریک بوو لە برسا دەمردین.

بەڵێ، دەبوایە بەو حاڵەوە بەرلەوەی ڕۆژ ببێتەوە خۆمان بگەیاندبا "بارسورتن " یان دەبوایە هەر هەموومان تیابچین وبمرین. ئەی خودا چۆن ئەو ڕێگا دوور ودرێژە بەدەم هەلاتنەوە ببڕین! خۆشمان نەماندەزانی. ئەوشەوە ناچاربووین حەفتا ودوو کیلۆمەتر بەناو بەفراو بەبەر بەفرا، بەسکی برسی ببڕین. بەفرێکی ئەستوور کەوتبوو و هێشتا دەباری ئەمما بارین! من لەدڵی خۆدا دەمگوت، تەواو، کارمان کراوەو سەربازە داماوەکانم هەرگیز ڕزگار نابن.

لە دوێنێ بەیانیەوە، هیچمان نەخواردبوو، ئیدی بە درێژایی ئەو ڕۆژە خۆمان لە عەمارێکی وێنجە خزاند، بۆ ئەوەی کەمێک گەرم ببینەوە، توونە خۆمان بەیەکەوە چەسپاندبوو. نەتوانای قسەکردنمان هەبوو، نە جووڵە، لە ماندوویەتیا، بەدەم وەنەوزدانەوە، چاوێکمان گەرم دەکرد و لەناکاوا ڕادەپەڕین.

سەعات چواری دوا نیوەڕۆ، دنیا تاریک بوو، لەو تاریکیە قورقوشمیە ڕەنگانەی ئێوارانی ڕۆژانی بەفر. سەربازەکانم تەکاندان تا ڕابن، هەندێکیان بەجۆرێ لە پەل وپۆ کەوتبوون، نەیاندەتوانی لەجێی خۆ بجووڵێن و فەرمانەکەی منیان ڕەتدەکردەوە و بەگوێیان نەدەکردم، جومگەکانی بەدەنیان لە سەرما وشک بووبوون و بەهەرحاڵ هەرچۆنی بوو هەموومان ڕابووین و هاتینە دەرەوە.

بەردەممان تا هەتەری چاو دەشت و بیابانێکی کاکی بەکاکی بوو، دەشت وبیابان نەبوو، دۆزەخێک بوو لەو گۆڕە، نە پەنایەک نە پاسارێکی تیا بەدی نەدەکرا. بەفر پەیتا پەیتا ولەیەکینە دادەباری و خۆشی نەدەکردەوە، لە پەردەیەکی زورات وگوڵە کابەی سپی دەچوو، کە هەموو شکی دادەپۆشی، پەردەیەکی ئەستوورو سەهۆڵبەندانی مەرگبار، پەردەیەکی سەهۆڵین، دەتگوت لەوسەری دنیاوە هاتبوو.

- دەی کوڕینە بجولێن، لەزێکەن.

هەرهەموویان دەیانڕوانیە ئەو بەفرە وردەی کە وەکو گەرد وتۆز لە ئاسمانەوە دادەباری ولە کۆتایی نەدەهات، وەکو ئەوەبوو لە دڵی خۆیاندا بڵێن:- بەسە، لە توانامانا نەما، مردن مردنە، چ لێرەبێ و چ لەوێ.

بەڵام من هەڵمکێشایە دەمانچە و هاوارمکرد:- هەرکەسێ بگەڕێتەوە، بە قوربانی گوللەیەکی دەکەم.

ئیدی هەموو کەوتنەڕێ، چۆن ڕێکردنێ! وەکو خەڵکانێک کە لاقیان لەکار کەوتبێ و بەخورتی خۆیان بکێش بکەن.

چوار نەفەرم، بە قووڵایی نزیکەی سێ سەد شەقاوێک بۆ پێشەوە نارد، ئەوانی دی ڕیز بوون، ڕیزێکی شەکەت و خوار وخێچ، وێڵ و سەرگەردان، دەتگوت بێگاریان پێدەکرێت. تاقە بزوێنەر و داینەمۆیان ئەو ترس و هەڵچوونە بوو کە سەراپایانی داگرتبوو. هەنگێ، بەهێزترین سەربازانم ناردە پاشی فەوجەکەوە و فەرمانم دانێ کە هەر سەربازێک خاوەخاوی کرد، بەنووکی سەرنێزە، بیخەنەڕێ.

بەفر لە پەستا و بێپسانەوە دەباری، بەسەر کڵاو وپاڵتۆکانمانەوە دەنیشتەوەو نەدەتوایەوە، دەتگوت بەتەمایە بە زندوویەتی لە کفنمان بگرێت، ئیدی بوو بووین بە تارمایی. تارمایی سەربازانێ کەلە ماندوویەتی و سەرمادا مردبن.

لەدڵی خۆدا دەمگوت:- هەرگیز لەم تالووکەیە دەرباز نابین، مەگەر پەڕجوویەک فریامان بکەوێ!

جارجارێ، لەبەرخاتری ئەوانەی کەلە پەل وپۆ دەکەوتن و نەیاندەتوانی تاقەیەک هەنگاو بنەن، دەوەستاین. لەوکاتانەدا جگەلە سرتەسرتی سووکی بەفر، کەبەسەر یەکدا دەباری و زۆر بەئەستەم دەبیسترا، هیچ دەنگ و سەدایەکی دی نەدەهاتە گوێ. هەندێک لە سەربازەکان، بەفرەکەیان لەخۆ دەتەکاند، بەڵام ئەوانی دی جووڵەیان لەبەر بڕابوو...

ئیدی فەرمانی حەرەکەتم دا، تفەنگەکانیان خستەسەر شانیان و بەبەدەنی کوتراو و خەواڵووەوە دووبارە کەوتنەڕێ... لەناکاوا مەفرەزە پێشەنگەکەمان گەڕایەوە. گوێیان لەدەنگ بووبوو و هەستیان بە مەترسی کردبوو. یەکسەر شەش سەرباز وعەریفێکم بۆ پێشەوە نارد و خۆم چاوەڕوانم کرد. لەناکاوا دەنگی هاوارێکی تیژ، هاواری ژنێک، بێدەنگیە قورسەکەی دەشتە بەرینەکەی ژێر بەفرەکەی شڵەقاند و دوای چەند خولەکێک دوو ئەسیریان بۆلای من هێنا. پیرەمێرد و کناچەیەک بوون...

بەدەنگێکی نەوی دواندمن. دەرکەوت لەدەستی ئەو سەربازە پروسیانەی، کە عەسری هەمان ڕۆژ بەمەستی ماڵەکەیان لێداگیرکردبوون، هەڵاتبوون. بابە پیرەکە لەوە ترسابوو کە سەربازە پروسیەکان، دەستدرێژی بکەنەسەر کچەکەی و تەعدای ناموسی لێبکەن، ئیدی بێئەوەی بە خزمەتکار و کارەکەرەکانی بڵێ کیژەکەی بردبوو و بەتاریکی هەڵاتبوون.

من یەکسەر هەستم کرد ئەم باب وکیژە لە بنەماڵەیەکی دارا وخانەدانن، و ڕەنگە لە داراش داراتر بن... هەنگێ پێمگوتن:- لەگەڵ ئێمەدا وەرن.

ئیدی هەموو بەیەکەوە کەوتینەڕێ، چونکە یارۆی پیرەمێرد بست بەبستی ئەو دیار ودەڤەرە شارەزا بوو، بووبە دەلیل و ڕێنوێنمان و کەوتە پێشمانەوە. لەناکاوا بەفرەکە وەستا، ئەستێران بە ئاسمانەوە بەدیارکەوتن و سەرمایەکی تووند هەڵیکرد. کچۆڵەکە بازووی بابی گرتبوو و بەرپەڕی نائومێدی و پەرێشانی هەنگاوی دەنا، پەیتا پەیتا پێی لەسەر بەفرەکە دەخزی. چەند جارێک لەبن لێوانەوە گوتی:

- بابۆ، هەست بە لاقەکانم ناکەم.

بەڵام من، ئەوەندەی بەدیمەنی ئەو کچۆڵە جوانەی کەبەو مەلوولی و کەساسیە خۆی بەسەر بەفرەکەدا بکێش دەکرد، قەڵس بووم، بەسەرماکە قەڵس و بێزار نەبووم.

کچەکە، لەناکاوا وەستا و گوتی:- بابۆ، لە پەل وپۆ کەوتووم، یەک هەنگاوی دیکەم بۆ نانرێت.

پیرەمێرد ویستی کیژەکەی لە هەمێز بگرێت، بەڵام تەنانەت نەیتوانی لە ئەرزەکەش بەرزی بکاتەوە. کیژێ لەناکاوا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لەخۆ چوو.

سەربازەکان، لەدەوری خڕبوونەوە. بەڵام من حایر وحەپەساو لەجێی خۆم وەستابووم و لەحزە ژمێریم دەکرد و نەمدەزانی چیبکەم. توانای ئەوەشم نەبوو بڕیار بدەم و پیرەمێر وکیژەکەی لەوێندەر ڕەها بکەم و بڕۆم.

لەناکاوا یەکێک لە سەربازەکانم کە بابایەکی پاریسی ئەسڵ بوو و سەربازەکان پێیان دەگوت " جیمەسیس " گوتی: - وەرن کوڕینە! دەبێ ئەم کیژە ببەین، دەنا سوێند دەخۆم کە ئێمە شتاقمان فەرەنسی نین.

من کە لە کەیفان لەپێستی خۆ نەدەهێوریم، هاوارمکرد: - ڕاست دەکات کوڕینە، منیش لەم کارەدا بەشداری دەکەم.

دارودرەختی بێشەیەکی بچووک، لە قولایی تاریکیەکەی دەستەچەپمانەوە، بەزەحمەت دەبینرا. چەند سەربازێک بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە ئەوێندەر وبلەز بەچەند لقەدارێکی ئەستوورەوە گەڕانەوە تا کەژاوەیەک دروستبکەن.

یەکێک لە سەربازەکان هاواریکرد:- کێ ئامادەیە پاڵتۆکەی خۆی بدات؟ دەمانەوێ ئەم کیژە جوانە ڕزگار بکەین.

لەناکاوا دە پاڵتۆ، لەبەرپێی ئەودا و لەسەر بەفرەکە کەوت. دوای ماوەیەکی کەم، کچۆڵەکە، لەسەر کەژاوەکەی کە دروستکرابوو، درێژکراو چەندین پاڵتۆی پێدا درا و کەژاوەکە خرایە سەرشانی شەش سەرباز، کەمن نەفەری پێشەوەی سەمتی ڕاست بووم، ئاە کە لەزەتم لە سەنگینی ئەو بارە قورسەی سەرشانم دەبینی!

هەنگێ بە چالاکی و چەلەنگیەکی ئەوتۆوە کەوتینەڕێ کەلەتۆ وایە هەریەکەمان چەند پێکێ شەرابی هەڵداوە. بەدەنمان لە گەرما گڕی گرتبوو، تەنانەت گوێم لێبوو کە سەربازەکان بۆ یەکەمجار لەبەینی خۆدا شۆخی و حەنەکیان دەکرد. ملاحەزە دەکەن؟پیاوی فەرەنساوی بۆ ئەوەی بێتەجۆش، تەنیا پێویستی بەیەک ژنە.

سەربازەکان، ئەمجارەیان، چاپوک وچالاک ڕیزیان بەستبوو. یەکێک لە سەربازە بەتەمەنەکان، لەحاڵێکا جێگاکەی خۆی دەگەڵ سەربازێکی تازە نەفەسا دەگۆڕییەوەو لەژێر بارە قورسەکەی سەرشانی دەهاتەدەرێ، بەدەنگی بەرز، کەمن باش باش گوێم لێبوو گوتی:- ڕاستە من گەنج نیم، بەڵام ڕاستت دەوێ هیچ شتێک وەکو ژن، تین و تاو و غیرەت بەپیاو نادات.

تا سەعات سێی دوای نیوەشەو ولەپەستاو بێپسانەوە ڕێمان کرد هەنگێ جارێکی دی مەفرەزەی شناسابییەکەمان بەرەولای ئێمە گەڕایەوە، هەنگێ هەموو فەوجەکە و من بەبێ جووڵە لەسەر بەفرەکە درێژ بووین.

بەدەنگێکی نەوی فەرمانی ئامادەباشیم دا، یەکسەر گوێم لەدەنگی وشک ورەقی میل هێنانەوەو سوارکردنی تفەنگی سەربازەکانم بوو. شتێکی سەیر لە دەشتە تاریکەکەی بەردەمماندا دەجولاً، وەکو ئەوەی جانەوەرێکی زەبەلاح یان مارێک بێ و بەماتە مات بەسەر ئەرزەکەدا دابخزێت. وادەهاتە بەرچاو کە جارێ خۆی لوول بدات و جارێ خۆی بکاتەوە، جارێ بە چەپا و جارێ بە ڕاستا دەڕۆیی، ئەوسا دەوەستا و دووبارە دەکەوتەوەڕێ.

لەناکاوا، ئەم تارمایی وتاپۆ سەرگەردانە گەییە نزیکی ئێمە. من لەهەنبەر خۆدا دەنگی چوارناڵەی کۆمەڵێک ئەسپم هاتەگوێ کە بلەز بەرەو ئێمە دەهاتن. ئەمانە دوازدە سەربازی سوارەی پروسی بوون و دەیانویست خۆیان دەربازبکەن، بەڕادەیەک نزیک بووبوونەوە کەمن دەنگی هەناسەدانی ئەسپەکان وپێکادانی چەکەکانیانم دەژنەوت... لەناکاوا هاوارمکرد:- تەقە بکەن!

یەکسەر دەنگی دەستڕێژی پەنجا تفەنگ بێدەنگیی یەخزەدەی شەوەکەی شڵەقاند وشکاند. وەختایەک تەپ ودووکەڵی باررووتی سووتاو، کە چاوی کوێر دەکرد، نیشتەوە، سەیرم کرد هەر دوازدە سەربازە پروسیەکە لەگەڵ نۆ ئەسپا، لە ئەرزەکەدا تەخت بووبوون. یەکێک لە ئەسپەکان، سوارەکەی خۆی کە کەوتبووە سەر ئەرزەکە و پێی لە ئاوزەنگیەکەی گیر بووبوو، بەدووی خۆیدا ڕادەکێشاو وەکو دین وهار بەرەو قوڵایی تاریکییەکە هەڵدەهات.

لەپشت منەوە یەکێک لە سەربازەکان بەدەنگێکی وشک و ترسناک پێکەنی و سەربازێکی دی گوتی:- ئاوا، ژنان بێوەژن دەخەن.

سەربازی سێیەم گوتی:- بەڵێ، ئەگەر ژنیان هێنابێ..

دەنگێک هاتەگوێ کە گوتی:- چەند زوو نەجاتمان دان.

لەناکاوا، کیژێ سەرە چکۆلەکەی لەژێر پاڵتۆکانەوە دەرهێنا وپرسی:- چییە؟ شەڕە؟

من وەڵامم دایەوە:- هیچ نییە کیژەخان، تەنیا دەرزەنێک پرۆسیمان نەجات دا.

کیژێ بەدەم ناڵەیەکی کزەوە گوتی:- خوێن خۆرینەی بەدبەخت!

بەڵام چونکە زۆر سەرمای بوو، دووبارە خۆی بەژێر پاڵتۆکانی سەربازەکاندا کرد و لەبەرچاومان ون بوو.

دووبارە کەوتینەوە ڕێ. ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتین. بەڵام ئەنجام ئاسمان ڕەنگی هەڵبرینگان و ئەو بەفرەی کە دەشت ودەرەکەی کفنپۆش کردبوو، لەبەر ڕۆشنایی سپێدەدا کەوتە درەوشانەوەو گزنگی گەرمی خۆر لە ئاسۆوە سەری دەرهێنا.

دەنگێک لە دوورەوە هاواریکرد:- بوەست!

هەموو ئەندامانی فەوجەکەی من وەستان و من چوومە بەرەوە تا پاسەوانەکان دڵنیا بکەمەوە کە ئێمە فەرەنسین. تومەز گەیی بووینە هێڵی فەرەنسیەکان.

وەختێ سەربازەکانی من، بەڕیزێکی ڕێک وپێک بەبەردەم بنکەی فەرماندەییدا تێدەپەڕین و ئەو ئەفسەرەی کەبە سواری ئەسپ بوو و تۆزێ لەوەپێش من سەربهوردی فەوجەکەی خۆمم بۆی گێڕابووەوە، سەری لەو کەژاوەیە سوڕما کە بەسەرشانی سەربازەکانەوە بوو، بلەز بەرەولای ئێمە هات وگوتی:- ئەم کەژاوەیە چی تیایە؟

من وەڵامم دایەوە: - بوونەوەرێکی قشتیلە و خەندانە کە قژەکەی پەرێشان بووە...

ڕێک لەم کاتەدا کیژێ سەری لەژێر پاڵتۆکانەوە دەرهێنا وگوتی:- منم مسیۆ!

دەنگی قاقای سەربازەکان دنیای هێنایە لەرزە و ئێمەش لە خۆشیان لە کەوڵی خۆدا نەدەحەجمین.

هەنگێ " جیمەسیس " کە شان بەشانی کەژاوەکە ڕێی دەکرد، هەڵبەزییەوە و کڵاوە عەسکەرییەکەی تەکاندا و هاواری کرد:- بژی فەرەنسا...

من، بێئەوەی بزانم بۆ، هەستم بەجۆش وخرۆش و ئازایەتیەکی بێوێنە دەکرد. وەکو ئەوەبوو فەرەنسامان ڕزگار کردبێ، کارێکمان کردبێت کەکەس کاری وای نەکردبێت. یان گەورەترین ئەرکی نیشتمانپەرستی خۆمان، سەرکەوتووانە ئەنجام دابێت.

من هەرگیز ئەو ڕوخسارە بچووک و جوانە لەبیرناکەم، ئەگەر پرسیاری ڕەوشی جۆشدانی سەربازانیان، بەهۆی تەپڵ وکەڕەناوە لێکردبام، یەکسەر پێشنیازم دەکرد، لەجیاتی هەموو ئەو کارانە، باشتر وایە لەهەر فەوجێکا کیژێکی جوان دابنەن، کە بۆ سەربازان لەلێدانی مارسییزش کاریگەرترە. خودایا ئەگەر فریشتەیەکی وا جوان لەنێو سەربازاندا بێ و شانبەشانی فەرماندەی فەوجەکە ڕێبکات، چ ورەیەک، چ هێزێکی سەیر بە سەربازان دەبەخشێت.

***

کۆلۆنێل " لاپورت " سووکە هەڵوەستەیەکی کرد، ئەوسا بەدەم سەر لەقاندنەوەو بەجۆرە غروورو شانازییەکەوە گوتی:- بەڵێ، ئێمە، پیاوانی فەرەنسی، گەورەترین عاشقانی ژنانین.

# باوک

فرانسواتیسیه، له "باتین یول" دەژیا، فەرمانبەری دەزگایەکی ڕۆشنبیریی بوو. هەموو ڕۆژێک بەیانی بە تراموای دەچوو بۆ سەر کارەکەی خۆی کەلە ناوەندی شاری پاریس بوو. لەناو ترامواکەدا، کیژێک بەرانبەری دادەنیشت کەلە ڕادەبەدەر جوان بوو. هەرکەسێک چاوە ڕەش و درشتەکانی ئەو کیژەی دیتبا، دڵی دادەلەرزی، گێسوەکانی ئەوەندە ڕەش بوون، لە شەوی ئەنگۆستەچاو دەچوون، ڕوخساری وەکو بەیانیانی بەهار درەخشان و ئاوداربوو. ئەم کیژە لە موغازەیەکی گەورەدا کاری دەکرد و نێوی لویز بوو.

فرانسوا، کە یەکەمجار ئەم کیژەی بینی، بەخۆی نەوەستا ودڵی داخورپا، هەستیکرد، گوم گەشتەیەکی، کە سالآنێ بوو لە تاقیبیدا بووە، دۆزیوەتەوە.

کیژێ، بە تەمەشاکردنەکەی فرانسوا زۆر پەرێشان دەبوو و ئارەقەی شەرمەزاری دەنیشتە سەر ڕوخساری گوڵ ئاسای. چونکە بەتەواوی پەی بە هەستە دەروونی و نیازە ڕۆحیەکانی ئەو بردبوو.

ڕۆژێک کە ترامواکە زۆر قەرەباڵغ بوو و جێگا نەمابوو، فرانسوا کورسیەکەی خۆی دا بە لویز وخۆی دابەزی. لویز بە خەندەیەکی شیرین ونمەکینەوە سوپاسی کرد. لەوە بەدواوە، لەهەر دیدارێکا کە نیگای ئەو دووە لێکدی هەڵدەنگوت، کیژۆڵەی تاین لەزەتی لەنیگای گەرم و پڕ مانای فرانسوا دەبینی وهەستی بە هەیەجان و سۆز وگودازێکی تایبەتی دەکرد.

ئاقیبەت یەکیان ناسی وجۆرە هاوسۆزییەکی کوت وپڕیان لەنێواندا چێبوو، ڕۆژبەڕۆژ دۆستایەتیەکەیان قووڵتر و مەحەبەتیان زیاتر دەبوو. فرانسوا، ڕۆژ تا ئێوارێ هەر لەبیری لویزدا بوو، بۆ تاقە دەمێ ڕوخساری جوانی ئەوی لەبەرچاو ئاوا نەدەبوو. تا ئەوەبوو ئاقیبەت توانی، ژوانی دیدارێکی لێوەربگرێ. قەراریان ئەوەبوو یەک شەممەی دواتر، پێکڤە بۆ "فرن لافیت" بڕۆن.

***

بەیانی زوو لە هەنبەر وێستگەی قیتاری پاریس، یەکدییان بینی. لویز، بە فرانسوی گوت:

- پێش ئەوەی بڕۆین، یەک دوو قسەم پێت هەیە، هێشتا بیست خولەکێ بۆ حەرەکەتی قیتارەکە ماوە، وابزانم ئەم ماوەیە کافیە بۆ ئەوەی قسەکانم بکەم.

گۆناکانی کیژەی شەنگوڵ ئاڵ بووبوون، بەدەنی دەلەرزی، دڵی بەتووندی لێی دەدا. وەختێ بە دوو قۆڵی چوونە سوچێکی چۆڵەوە، لەکاتێکا سەری داخستبوو، توانی قسەکانی خۆی بە کورتی، کە دیاربوو پێشوەختە ئامادەکرابوون، بکات وگوتی:

- فرانسوا، ئەگەر بەنیازی فریودانی منیت، با لە ئێستاوە لێکدی دوور بکەوینەوە یان سوێند بخۆ کە دەرهەق بەمن مەردانە و ڕەندانە ڕەفتار بکەیت.

فرانسوا، باسکی گرت وگوتی:

- لویز، من تۆم خۆشدەوێ، دەتپەرستم و سوێند دەخۆم کەتا مردن سەبارەت بەتۆ و عەشقی پاکمان وەفادار و بە ئەمەک بم، لەمە زیاترت دەوێ؟

ئارامیەکی پڕ ئومێد، لەنیگای لویزا شەپۆلی دا، بەدەم بزەیەکی ڕەزایەت ئامێزەوە گوتی:- زۆرچاکە، دە ئێستا بڕۆ بلیت ببڕە.

لەناو فارگۆنی قیتارەکەدا کەمتر دەگەڵ یەکدا دەپەیڤین، چونکە زۆر قەرەباڵغ بوو و زۆربەی نەفەرەکان، لەژن و پیاو چاویان بڕیبووە جوانیەکەی لویز. لە وێستگەی " فرن لافیت " دابەزین، یەکسەر بۆ کەناراوەکانی ڕوباری سین چوون. تیشکی خۆش وجوانی هەتاوەکە، بەسەر ئاوە مەند و زوڵاڵەکەی سینەوە دەدرەوشایەوە و، تەڕوبڕییەکی تایبەتی بەگەڵای کەسک و لقە پڕ شکۆفەکانی درەختەکان دەبەخشی، ڕەنگدانەوەی درەخشانی ئەم پاراوییە لەنیگای شادیباری ئەو جووتەدا هەستی پێدەکرا.

لویز وفرانسوا، دەست دەنێو دەست، بەکەناری ڕوبارەکەدا پیاسەیان دەکرد، جارێ تەمەشای ئەو گوڵە کێویانەیان دەکرد کەبەدەم سروەی بایەکەوە لەبەر پێیاندا سەریان دادەنەواندو جارێ دەیانڕوانییە ئەو ماسییە چکۆلە و بزێوانەی کە بلەز لەناو تەنکاوەکەی کەناری ڕوباری سین دا مەلەیان دەکرد.

دوای ماوەیەک، لویز هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا وگوتی:- دەزانم تۆ من بە کیژێکی سووک وهەرزە دەزانی!

- بۆچی؟
- لەبەرئەوەی بەم ئاسانیە، بەتەنیا وبێ هیچ چەند وچوونێک بەگەڵ پیاوێکی بێگانە کەوتووم و هاتوومە پیاسە وگەڕان.
- بەڵام ئەمە بەلای منەوە، کارێکی زۆر ئاساییە.

لویز، زۆری کەیف بەو قسەیە نەهات، برۆکانی وێکهێنایەوە وگوتی:- نە جەنابی فرانسوا، ئەمە بۆ کیژێک هەرگیز ئاسایی نییە، بەباوەڕی من ئەمە پێشەکییە بۆ هەڵەێن گەورە.

وەختایەک بینی کە فرانسوا، بەم بۆچوونەی ئەو ناڕەحەت ونیگەران بوو، بەمیهرەبانیەکی زیاترەوە گوتی:

- فرانسوا، لێم مەگرە، وا وێنا نەکەی کە من کیژێکی گرژ ومۆن ووشکم، تۆ نازانی ئێمەی خێڵی ژنان چەند نەگبەت وبەدبەختین! وێڕای هەموو ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی کەلە ڕۆژێ هەوەڵەوە بە گوێماندا دەدرێن وهەموو ئەو پارێزانەی دەیکەین ئەوجا هەموو ڕۆژ و شەوێک هەزارانمان دەکەونە هەڵدێری نەنگ وبەدناوییەوە، بەبێئەوەیخۆیان ئەو سەرنگونیانەیان بوێت، تراژیدیای تاڵی ژیانی مە، هەمیشە بەیەک شێوە دەست پێدەکات و کۆتایی دێت، پەردەی یەکەمی ئەم تراژیدیایە هەمیشە گەڕان و دیدارانی وەکو ئەمەی ئەمڕۆی من وتۆیە. من بەتەنیا لەگەڵ دایکمدا دەژیم: دایکم ژنێکی زۆر بەختەوەر نەبووەو لەژیانی خۆیدا، ڕەنج ومەینەتی زۆری کێشاوە. من زۆر لەخەمی ئەوەدام کە شادی و بەختەوەری بۆ فەراهەم بکەم، ئێ بەڵکو ڕەنجی ڕابردووی خۆی لەبیر بچێتەوە، بەڵام هەندێجار ئەمەم بۆ مەیسەر نابێ! بۆ نموونە یەکێک لەو ڕۆژانەی کە دڵنیام بەدڵی ئەوم نەکردووە، ئەمڕۆیە،

چونکە پێم نەگوتووە بۆ کوێ دەڕۆم، هەڵبەتە بۆتۆ کە پیاوێکی تەواو ئازادی، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام دەزانی ئەمە بۆ کیژێک زۆر خراپە، من دەبێ لەم کردەوەیەی ئەمڕۆی خۆم ژێوان و شەرمەزار بم.

وەختایەک لویز، بێدەنگ بوو، فرانسوا، سەری دانەواندەوەو بە ئەسپایی بناگوێی ئەوی ماچکرد، لویز، لەناکاوا تێکچوو و خۆی لێ دوورخستەوەو لەکاتێکا تەمەشایەکی گازن ئامێزی سەروسیمای ئەوی کرد وگوتی:- جەنابی فرانسوا، بیرت نەچێ تۆ سوێندت خواردووە!

دەوروبەری نیوەڕۆ، بۆ خواردنی فراڤین، گەڕانەوە بۆ خوارنگەی "پتی هاور" کە خوارنگەیەکی بچووک بوو لە " فرن لاڤیت "، هەوای خۆشی بەهار، تین وتاوی گەنجی و لەوانەش زیاتر خواردنەوەی بوتڵێک شەرابی سپی ئەو دووانەی بەتەواوەتی هێنابووە جۆش وخرۆش، بەڵام لویز لەهەمان حاڵدا، لەدڵی خۆیدا هەستی بە هەناسە تەنگی دەکرد.

دوای نانی نیوەڕۆ، بەنیازی گەشت وگەڕان، چوونەوە بۆ سەوزەزارە جوان وخۆشەکانی کەنارەکانی ڕوباری سین، ڕوبارەکە وەکو شریتێکی زیوین، بەپێچ و دەورە بەنێو کێڵگە ومەزراکانا دەکشاوێنەی ئاوەژووی خانووە سپیەکان، لەناو ئاوە مەند و زوڵاڵەکەدا، دەبینرا.

دوای مودەتێک پیاسە، فرانسوا لەناکاوا وەستا، بەبێ جووڵە چاوی بڕییە ئەو هەزاران بنجە گوڵەباخەی لەبەردەمیا ڕوابوون و گوتی:- لویز تەمەشا بکە!..

دەریایەکی ڕەنگین لە گوڵا سوور و یاسێن سپی و وەنەوشەیی لە هەنبەریا ڕاکشابوو. ئەو شنە بۆندارەی کەبەسەر بنجە گوڵەکاندا تێدەپەڕی و بەر سەروچاوی وان دەکەوت، گیانی دەبوژاندنەوە ولە بۆنا پاراوی دەکردن.

لویز، سەری نا بەشانی فرانسواوە و، لەکاتێکا سەرمەستی دیتنی ئەم دیمەنە جوانە بوو گوتی:

- خودایا چەند جوانە!

ئەم باخە لە قەراخ پاریس بوو، هەموو پێویستیەکی گوڵی خەڵکی پاریس لەم باخەوە دابین دەکرا، هەموو ڕۆژێ بە عەرەبانە لێرەوە گوڵ بەبار بۆ موغازە و گوڵفرۆشییەکانی شاری پاریس دەگوازرایەوە.

ڕێگەیەکی باریک لەنێو بنجە بێ ژمارەکانی ئەم گوڵانەوە تا گوندە دوورە دەستەکان دەڕۆیی و لە داوێنی گردێکی مەخمەڵی ڕەنگی، هەنبەر جەنگەڵێکی درەختانی پڕ شکۆفەی سێوان کۆتایی دەهات.

لویز وفرانسوا، مەست ولەخۆ بێئاگا، توند یەکیان لە ئامێز گرت و لەم باریکە ڕێگایەوە، چوون بۆ سەوزەزارێکی بچووک کە کەوتبووە پاینی گردەکەوە کەبە بنجە یاس وگوڵەباخ ولقی پڕ شکۆفەی دار سێوان دەورە درابوو، مێش هەنگان بەباڵە ناسکەکانی خۆیان ئاهەنگێکی بەردەوام و دڵگیریان نابووەوە. شنەیەکی بەهاری پەڕەی گوڵان و شکۆفەی درەختانی بەسەریاندا دەباراند، هەوا یەکپارچە بۆنی گوڵ و شکۆفان بوو،

دەنگی زەنگی کڵێسایەک لە دووری دوورەوە دەهات. فرانسوا و لویز، لەسەر چیمەنەکەدا یەکیان دەگەوزاند و باوەشیان بەیەکدا دەکرد، سینگی بەرجەستەی لویز بەپەلە بەرز ونزم دەبووەوە، دڵی بەتووندی لێی دەدا، لێویان نا بەلێوی یەکدییەوەو هەناسەیان تێکەڵ بوو. لویز چاوەکانی نوقاندن و بەکەماڵی مەیل، فرانسوای ئازاد کرد کەبە کەیفی دڵی خۆی لەگەڵدا بکات. بەوپەڕی تاسە وجۆش وخرۆشەوە بەسینگی خۆیەوەی دەگوشی و لە ئاگری ئارەزوو و هەوەسدا دەسووتا، کاتێ کە قامکە بەتواناکانی فرانسوا، لەسەر سینگ و مەمکە قوت وهەوەس ئەنگێزەکانی لویز گیرسانەوە، لویز تەزوو و مچورکەیەکی توندی بەسەراپادا هات، ژیانی بەهەموو جوانی و دزێوییەکانیەوە فەرامۆش کرد. لێوە گەرم و تامەزرۆکانی فرانسوا، لەسەر سینە ومەمکی ڕووت وقوت و ناسکتر لە پەڕەی گوڵی لویز، یاری دەکرد، لویز، ئیدی هیچ شتێکی لەبیر نەما! نە قەول وقەرارەکەی بەیانی و... نە بەدبەختیەکانی دایکی!... تەنیا لەخەمی یەک شتدا بوو، ئەویش ئەوەبوو هەرچی زووترە گڕی ئاگرینی ئارەزوو وهەیەجانی ڤیانی خۆی دابمرکێنێتەوە، بەوجۆرە، جارێکی دی بەوپەڕی گەرم وگوڕی لێوەکانی فرانسوای مژی و دەربەست خۆی ڕادەستی ئەو کرد..

***

بەڵام ئەم خۆشیە زۆری نەخایاند، لویز لەناکاوا وەخۆ هاتەوە، وەکو ئەوەی لە چیایەکی بەرزی بەرزەوە بەربووبێتەوە، هەستی بە ترس ولەرز کرد، دیمەنە تێکەڵ و پێکەڵەکانی دەوروبەری بەرەبەرە دۆخی ئاسایی خۆیان وەرگرتەوە، هەنگێ هەستا وسینگ ومەمکە ڕووتەکانی داپۆشی، ڕوخساری لەنێو هەردوو دەستی نا و، بەکوڵ گریا و ئەنجام بە تووڕەییەوە، وەکو دین وهار هەستا و گوتی:- با بڕۆین.

بەدەم ڕێگاوە وەکو شێتان خۆی دەدواند، لەکاتێکا بەهەشتاو بەرەو وێستگای ڤیتارەکە هەنگاوی دەنا، لێکدا لێکدا ولەبن لێوانەوە بەخۆی دەگوت:

- خودایا چم بەخۆم کرد. چ بەڵایەکم بەسەرهات! خودایا بۆ ئەمەم کرد؟

فرانسوا، کەهێشتا، لە لەزەت پاراو نەبووبوو، هەوڵیددەدا، لویز وادار بکات کە چەند سەعاتێکی دیکەش پێکەوە بەسەر بەرن، بەڵام کیژەی داماو، خوای نەمابوو و مێشکی لەکار وەستابوو ولەهیچ حاڵی نەدەبوو. بەهەمان دەقەوە، بەهەشتاو بەرەو وێستگاکە هەنگاوی دەنا.

کاتێ کەلە وێستگەی پاریس دابەزین، لویز بەبێ خودا حافیزی لە فرانسوا جیابووەوە و بەرەوماڵ ڕۆیی.

***

فرانسوا، ڕۆژی دوایی لویزی لە ترامواادا بینی، چاوە جوانەکانی کچەی داماو سوور بووبوونەوە و گۆناکانی قوپابوون، خویابوو شەوێکی تاڵ و ناخۆشی گوزەراندبوو و تابەیانی گریابوو. هەرکە فرانسوای بینی گوتی:

- دەمەوێ قسەت لەگەڵدا بکەم، لە بولڤارەکەدا دابەزە.

له بولڤارەکە دابەزین و ماوەیەک پێکەوە پیاسەیان کرد، لویز هێشتا هەر نیگەران وتوورە بوو، بەهەنگاوی خێرا ڕێی دەکرد، پەرێشانی و نائومێدی لەهەموو هەڵس وکەوتەکانی دەباری، ئەنجام هاتەقسان و گوتی:

- فرانسوا، فرانسوا، تۆ بوویتە مایەی نەگبەتی من. بەڵام چیتر ناتوانین یەکدی بدینین، دەبێ لێکدی جودا ببینەوە... تێدەگەی؟
- لویز، بۆچی ئەوەندە نیگەران وناڕەحەتی؟ بۆچی دەبێ لێکدی جیاببینەوە؟
- چونکە من هەڵەیەکم کرد و ئامادەنیم دووبارەی بکەمەوە!

فرانسوا کە هێشتا ئاگری هەوەسی دانەمرکابووەوە، هەوڵیدەدا بەهەر فەند و فێڵێک بووە کیژێ ڕام بکات و ماوەیەکی زۆرتر لەگەڵیا ڕابوێرێت، چونکە ئەوەی ئەو بەتەمای بوو، ئەمە بوو کە بەکێمانی چەند مانگێک شەو ورۆژ لە باوەشی لویزا بێ و بێ هیچ دوو دڵییەک، بەکامی دڵ لەگەڵیا ڕابوێرێت. ئەو ڕۆژە چەندی کرد وکۆشا، چەند پاڕایەوە، لویزی بۆ نەهێنرایە ڕەدایە، ئاخری لەناچاری دا پێشنیازی زەماوەندی بۆکرد، لێ لویز کە سوور دەیزانی فریوی خواردووە، بە سەرسەختیەکی سەیرەوە، ڕەفزی کرد وگوتی:

- بەو تاوانەوە کە دوێنێ لەگەڵت کردم، ناتوانم تاقەیەکساتیش لەگەڵتا بم.

دیسان بەبێ خواحافیزی فرانسوای بەجێهێشت و ڕۆیی.

هەفتەیەکی پڕ لە ناڕەحەتی و عەزابی ویژدان لە فرانسوا ڕۆیی، لەم هەفتەیەدا، نەیتوانی تاقە یەک جاریش لویز بدینێت.

ڕۆژی هەشتەم لە زەنگی دەرگا درا، وەختایەک فرانسوا دەرگای کردەوە، لویزی بینی، زۆر لەجاران جوانتر و ئارەزوو بزوێنتر بوو! کچەی شەنگوڵ، خۆی لە ئامێزی ئەو هاوێشت و دەستی بەگریان کرد وجارێکی دی ئیعترافی کرد کەلە هەنبەر ئاگری عەشقی فرانسوادا خۆی پێناگیرێت و هاتووە دەگەڵ ئەودا بژی.

سێ مانگی تەواو شەو ورۆژ لە باوەشی یەکدا بوون. بێئەوەی ئاگاداربن کەلە دنیای دەرەوە چ دەگوزەرێ!

بەڵام ئەم حاڵەش زۆر دەوامی نەکرد وفرانسوا بەرەبەرە هەستیکرد کەلە لویز بێتاقەت وبێزار بووە، بەتایبەتی وەختایەک لویز قورسترین ڕازی کیژێکی گەنجی پێڕاگەیاند کە سکی هەیە وبەو زووانە منداڵی دەبێت.

فرانسوا، ئەم هەواڵەی زۆر لەبەر گران بوو، لویزی لەبەرچاو کەوت، ئەو ڕۆژە لە بەیانییەوە خۆی بە ژوورەکەی خۆیدا کرد و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست و تا ئێوارێ هەر بیری کردەوە، بەڵام نەیتوانی هیچ بڕیارێک بدات، ڕوژانی دواتریش، دەگەڵ ویژدانی خۆیا، لەشەڕا بوو، تا ئەوەبوو شەوێک دوا بڕیاری خۆی دا، بێئەوەی هیچ بە لویز بڵێت، ڕۆیی و ئیدی نەگەڕایەوە.

***

ئەم کارە تاوان ئامێزەی فرانسوا، جەزرەبەیەکی قورس و سامناکی بە ڕوح و دەروونی لویز گەیاند. کیژەی بێنەوا، ڕۆژانێکی زۆری بە برسیەتی و دەرد و ئازارەوە قەتاند. تاقە چاری، گەڕانەوە بوو بۆلای دایکی.

هەرواشی کرد، چوو بۆلای دایکی و خۆی هاوێشتە سەرلاقی ئەو و کەوتە خاک و پای، گریا، زۆر گریا! دانی بە گوناح و هەڵەکەی خۆیدا نا و داوای بوردن و بەخشینی لێکرد، دوای چەند هەیڤێک لەلای دایکی، کوڕێکی بوو.

***

ساڵانێک بورین، فرانسواتیسیە، بەبێ هیچ نەخشە و ئامانجێکی دیار، بێهیچ ئومێد و دڵبەندییەک، لەم دنیا پان و بەرینەدا دەژیا. بەرەبەرە نیشانەکانی تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەسیمایەوە دەردەکەوت. قژی بۆز بوو وچرچ ولۆچی قووڵ بە هەنیەیەوە دەرکەوتبوو، ئیدی ڕابواردن و تووندڕەوی لەژیانا، پشتی چەماندبوو و سۆمای چاوانی بردبوو. ژیانی وەکو هەموو پیاوانی بێ ژن، بێ مایە وبێهودە بوو، شەو وڕۆژ، مانگ و ساڵی بەبێ ئامانج، بەبێ بەرنامە و بەبێ هیچ عەشق و مەحەبەت و دڵخۆشیەک دەگوزەراند. نە بەتەمای هیچ بوو نە ئومێدێکی هەبوو! هەموو ڕۆژێ، لەهەمان کاتا لەخەو ڕادەبوو، بەهەمان کوچە وشەقام وکۆڵاناندا تێدەپەڕی، بۆ هەمان دایەرەو هەمان ژوور دەڕۆیی، لەپشت هەمان مێزەوە ڕۆدەنیشت وهەمان کارێن هەمیشەیی ئەنجام دەدا، بەڵام هەندێجار کە تەنیا دەبوو، دەتگوت لە بێدەنگی و تەنیایی ژیانی خۆی دەترسا.

تاقە دڵخۆشی ئەو ئەمە بوو کە ڕۆژانی یەک شەممە، دەچوو بۆ پیاسەی شەقام و گوڵگەشتە قەرەباڵغەکان. زۆربەی کات بۆ شەقامی شانزیلیزیە دەڕۆیی و لەوێ عەشقبازی دەگەڵ کیژان و ژناندا دەکرد، بەڵام ئەم عاشقێنیانەش، لەیەک دوو هەفتە زیاتریان نەدەخایاند. فرانسوا، بەرەبەرە ئەو گەرم وگوڕی وجۆش وخرۆشەی جارانی لەدەستدابوو، ئیدی بەچاوی گەنجایەتی تەمەشای ژنانی نەدەکرد. لە ڕابواردن و بەڕەڵڵایی ماندوو بووبوو، هەستیدەکرد لە ژیانا لە شتێکی کەمە، شەو و ڕۆژ وەکو سەگی پێ سووتاو دەسوڕایەوەو دووی ژنان و کچانی خەڵکی دەکەوت وهیچی بەهیچ نەدەکرد.

بەیانی ڕۆژێکی یەک شەممە، بۆ پیاسە و هەوا گۆڕکێ چوو بۆ پارکی مونسو، ئەمە گوڵگەشت و سەیرانگەی دایکانی کەنج و منداڵان بوو. لەو دەمەدا کەبە یەکێک لە ڕاڕەوەکانی پارکەکەدا پیاسەی دەکرد لەناکاوا دڵی داخورپا، لەجێی خۆی وەستا و ڕوانیە ئەو ژنەی کە دەستی دوو منداڵی گرتبوو، کوڕێژگەیەکی زۆر جوانی دەگەڵدا بوو کە تەمەنی هەر دە ساڵێک دەبوو و کچۆڵەیەکی پێنج ساڵانیش لەبەردەمیا غاری دەدا و گەمەی دەکرد.

فرانسوا، پەنجا شەقاوێک لەوێندەر دوورکەوتەوە، بەڵام نەیتوانی لەوەی پتر دوور بکەوێتەوە، لاقی سست بووبوون و بە عاردیدا بکێشی دەکردن، ئەژنۆکانی بەتووندی دەلەرزین.

لەسەر تەختێکی کەنار ڕاڕەوەکە دانیشت و دەبیرەوە چوو.

ئەم ژنە لویز بوو، بەڵام ئەو فرانسوای نەناسییەوە، فرانسوا بەخۆی نەوەستا. بەزەحمەت لەسەر تەختەکە هەستا و لەدووی لویز ڕۆیی، لویز لەسەر تەختێک ڕۆنیشتبوو، کوڕەکەی لەلایەوە وەستابوو و کچۆڵەکەشی بەخاک و خۆڵی کەنار ڕاڕەوەکە گەمەی حەمامۆکی دەکرد.

فرانسوا ماوەیەکی زۆر لە سەر وسیمای ئەو ژنە ورد بووەوە، بەڵێ خۆی بوو، لویز بوو، وەکو هەمیشە شەنگوڵ، خان ومان و سەلار و سەنگین دەهاتە بەرچاو! ئێستا بەمانای خانم، خانم بوو، جلێکی زۆر سادە وساکاری لەبەربوو، ڕەزامەندی تەواو و ئارامی و بەختەوەری لەچاوانیا پرشنگی دەدا.

کوڕیژگەکە لەناکاوا سەری هەڵبڕی و ڕوانیە فرانسوا، فرانسوا لە ناخی ناخەوە ڕاچڵەکی، خورپەیەکی بەئازار سەراپای داگرت، هیچ گومانێکی لەلا نەما کە ئەم کوڕە جوانە کوڕی خۆیەتی! دەتگوت وێنەی منداڵیی خۆی لەبەردەم خۆیدا دەبینی.

ئەو شەوە بۆ تاقە ساتێکیش خەو نەچووە چاوانی فرانسوا، وێنەی ئەو کوڕیژگە جوان وخەندانە، لەبەرچاوی لانەدەچوو، وەکو کەسێکی مارانگەستە هەر هەڵدەپلکا، چەندین جار گریان لە ئەوکی گیرا و ڕوندک لە چاوانیا قەتیس ما، بەخۆی دەگوت:- خودایا! چەند خۆشدەبوو، ئێستا کوڕێکی وام هەبوایە؟ ئایا بەڕاستی ئەوە کوڕی منە؟ ئایا دەتوانم، تاقە یەک ماچی بکەم؟

ئەوشەوە تاکو بەیانی داگژایە سەر وگوێلاکی ئەو بیرانە، وەختایەک دنیا ڕوناک بووەوە، هەستا وچوو بۆ ئەو گەڕەکەی کە ئەوسا لویز لەوێندەر دەژیا، پێیان گوت کە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندی سەربە ماڵباتێکی گەورە کە هاوسای ماڵی لویز دەبێت، بە نەگبەتی و بەدبەختیەکانی لویز دەزانێ و زەماوەندی دەگەڵ دەکات و بەکەماڵی خوایشتی خۆی، کوڕەکە بە کوڕی خۆی قەبووڵ دەکات و دەیگرێتە ژێر باڵی خۆی. لەوە بەدواوە فرانسوا کار وژیانی خۆی ڕەها کرد. هەموو ڕۆژێک بۆ پارکی مونسو دەڕۆیی، تا جارێکی دی کوڕە جوانەکەی خۆی ببینێت. ئارەزوویەکی سەرکێش ولەتاقەت بەدەر، ئازاری دەدا. تازە پەی بەتەنیایی و بێکەسی خۆی لەم دنیا گەورەیەدا بردبوو. دەتگوت ڕۆحی دەگرنە ژێر قامچی. مەحەبەتی غەریزی باوکایەتی و ژێوان بوونەوە لە ڕابردوو و لەوەش خراتر حەسوودی و غیرە وەکو کوورەی ئاگر لە ناخیا بڵێسەی دەسەند وگڕی لێبەرز دەبووەوە، تازە بۆی دەرکەوتبوو کەعومرێکی بەهەڵە بردووەتە سەر. ئاقیبەت تاقەتی چوو، بڕیاری دا لەگەڵ لویزا قسە بکات، بکەوێ بەسەر لاقی ئەودا وداوای لێبکات کە ڕێی بدات جارێک، تاقە یەک جار، کوڕەکەی ماچ بکات.

ئیدی بەیانی ڕۆژی یەک شەممەی هەمان هەفتە، بەو خەیاڵەوە جارەکی دی بۆ پارکی مونسو ڕۆیی، وەختایەک لویز خۆی بە پارکەکەدا کرد، فرانسوا، بەنیگەرانی وشەرمەزاری، خۆی گەیاندە نک ئەو، لەکاتێکا ماسولکەکانی دەم وچاوی گرژبوو بوون گوتی:- لویز، من ناناسیتەوە؟

لویز، سەری هەڵێنا، ماوەیەک لە سەروسیمای ڕاما، لە ناکاوا ترسێکی زۆر بە سەروسیمایەوە دەرکەوت. دەستی منداڵەکانی گرت و بەدووی خۆیدا بکێشی کردن و بەهەشتاو لەو ناوە دوورکەوتەوە. فرانسوا، بە نائومێدی و خەمناکی بۆ ماڵ گەڕایەوە، کونجی تەنیایی گرت و سەری لەنیو هەردوو دەستی ناو دەستی بەگریان کرد، بۆ تەنیایی و بەلەنگازی خۆی لەم دنیایەدا، گریا و داوای بوردنی لەخوا کرد. لەژێر باری قورسی پەشیمانیدا دوو لۆ کۆمابووەوە.

چەندین هەیڤ بورین، فرانسوا، نەیتوانی لەو ماوەیەدا بۆ تاقە جارێکیش لویز وکورەکەی خۆی ببینێ، چونکە لەو ڕۆژە بەدواوە ئەوان ببرای ببر بۆ پارکی مونسو نەهاتنەوە، بەلاَم غەریزە و مەحەبەتی باوکایەتی بۆ ساتێکیش ئامانی فرانسوای نەدەدا.

ڕۆژێک بریاری دا نامەیەک بۆ لویز بنێرێت و داوای یارمەتی لێبکات، نزیکەی بیست نامەیەکی بۆ نووسی و هیچ وەلاَمێک نەدرایەوە.

ئەنجام، بەوپەڕی زەبوونی و کەساسی نامەیەکی بۆ شووەکەی لویز نووسی. ئەم نامەیە بریتی بوو لە چەند دێڕێک بەم ناوەڕۆکە:

" جەنابی ڕێزدار – دەزانم کە تۆ لەناوی من بین بێزاری ومن بە بودەلّەترین پیاوی ڕووی زەمین دەزانی، بەلاَم ئەمڕۆکە من کەسێکی بەلەنگاز و بێنەوا و پەشیمانم کە پشتم لەژێر باری ڕەنج و کارەساتاندا چەماوە. تەنیا هیوام لەم دنیایەدا بە شەهامەت و پیاوەتی ئێوەیە، بۆیە ڕێگە بەخۆم دەدەم کە داوات لێبکەم، کەتەنیا مۆڵەتی دیدارێکی پێنج خولەکیم پێبدەن، کە ئەمە بۆمن دەکاتە گەورەترین شادمانی وشانازی... "

ڕۆژی دوایی وەلاَمی نامەکەی هاتەوە، نووسرابوو: " جەنابی ڕێزدار! سبەی سێ شەممە، سەعات پێنجی دوانیوەڕۆ، چاوەڕوانتانم... "

***

کاتێ بە قالدرمەکانی ماڵەکەی لویزدا سەردەکەوت، دڵی بە توندی لێی دەدا، لەسەر هەر پلیکانەیەک دەوەستا تا نەفەس تازە بکاتەوە، دەنگێکی مەرگبار لەناخیەوە دەهات، دەنگێک کەلە چوارناڵەی ئەسپ دەچوو، هەندێجار خۆی بەدیوارەکەوە دەگرت تا نەکەوێ. ئەنجام خۆی گەیاندە نهۆمی سێیەم و قامکە لەرزۆکەکەی نابە زەنگەکەوە. دەرگا کرایەوە و فرانسوا بەدەنگێکی لەرزۆک پرسی:– ئەمە ماڵی جەنابی فلاملە؟

– بەڵێ بەڕێز، فەرموو.

بردی بۆ ژوورێکی ڕازاوەو بەشکۆی میوان. وەکو سەگێکی کوتەک خواردە چووبووە خۆی، ژوورەکە بەدەوری سەریا دەسوڕایەوە، ئەو چەند ساتەی بە چەندین سەعات لێڕۆیی، تا ئەوەبوو دەرگا کرایەوەو پیاوێکی بالاَبەرز، پۆشتە وپەرداخ، تۆکمە وبەڕەنگ وڕوو کە ڕوخسارێکی جدی وپیاوانەی هەبوو وەژوورکەوت.

فرانسوا، بەشەرمەوە لەبەری هەستا، جەنابی فلامل، بەدەست ئاماژەی بۆکرد کە دانیشێت، وەختێ هەردووکیان لە هەنبەری یەکدی دانیشتن، فرانسوا بە پەرێشانی دەستی بەقسان کرد وگوتی:

– قوربان، قوربان نازانم ئایا تۆ هەرگیز ناوی منت بیستووە یان نا...

فلامل، بەدەنگێکی کارا و بەکاوەخۆ وەلاَمی دایەوەو گوتی:

- جەنابی فرانسوا، پێویست بەم قسانە ناکات، من هەموو شتێک دەزانم، لویز، ژیانی خۆی مووبەموو بۆ باسکردووم!

فرانسوا، بەهەمان پەرێشانی درێژەی بەقسەکانی خۆی دا وگوتی:

- جا من هاتووم دەردێکی خۆمت بۆ باسبکەم، من خەریکە لەژێر باری پەشیمانیدا دەپسێم، لەوەی پتر بەرگەی ئەم بارە ناگرم. من سزای خۆم وەرگرتووە وباجی خۆم بەزیادەوە داوەو ئەمڕۆ لەم دنیایەدا تەنیا یەک ئاواتم هەیە، ئەویش ئەوەیە تەنیا یەک جار کوڕەکەم ماچ بکەم.

فلامل، هەستا و لەزەنگی دا و بە پێشخزمەتەکەی گوت:- بە لویس بڵێ بابێت.

پێشخزمەتەکە ئیکلامێکی کرد و وەدەرکەوت، ئەمان بەدوو قوڵی مانەوە بەڵام چ قسەیەکی تریان نەکرد، بێدەنگیەکی بەسوێ باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا.

لەناکاوا دەرگا کرایەوە، هەمان کوڕیژگەی جوان، بەهەشتاو وەژوورکەوت و یەکسەر چوو بۆلای جەنابی فلامل، فلامل، بەسۆز و میهرەبانییەوە ماچی کرد وگوتی:- کوڕم، بڕۆ ئەو ئاغایە ماچ بکە.

منداڵەکە، بەگومان ودوودڵییەوە، هێدی هێدی بۆلای فرانسوا ڕۆیی، چاوە جوانەکانی لەسەرساميا ئەبڵەق بووبوون، فلامل، بۆ ئەوەی ئەوان شەرم نەکەن و لەڕوو دانەمێنن هەستا، چووە بەرپەنجەرەکە و پشتی کردە وان.

فرانسوا، هەستا، چی وای نەمابوو، خۆی باوێتە سەرلاقی کوڕەکەی، کڵاوەکەی بەربووەوە، قژە بۆزەکەی بەسەر هەنیەیدا ڕژا، هەنگێ لە حاڵێکا سەرتاپای بەتووندی دەلەرزی، لەبەردەم منداڵەکەدا چۆکی دادا. لویسی بچکۆلە دانەوییەوەو کڵاوەکەی هەڵگرتەوە و بەوپەڕی ئەدەبەوە دایەدەستی فرانسوا. فرانسوا لەهەمێزی گرت، سەروسیما وچاو وگۆناکانی نوقمی ڕامووسان کرد، ئیدی نەیتوانی مقاوەمەت بکات، لەناکاوا دایکورکاند و ڕوندک بەچاوانیا هاتەخوارەوە، منداڵەکە کەبە دیتنی ئەم دیمەنە زۆر ترسابوو، بەخۆرتی خۆی لەباوەشی دەرهێنا و بەغاردان لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

فرانسوا، کڵاوەکەی لەسەر قەنەفەکە هەڵگرت وبەدەم فرمێسک هەڵڕشتنەوە، هاواریکرد:- خوداحافیز جەنابی فلامل... خودا حافیزی...

وهەنگێ وەکو دزێک کەلە ماڵی پیاوێکی ئابڕوومەندەوە هەڵێت، لەوێندەر وەدەرکەوت.

# خیانەت

دکتۆر پیرۆ، نەخۆشە گەنج و جوانەکەی لەبەر ئاگری سۆپاکەدا پاڵیان دابووەوە و قسانیان دەکرد.

ئەم ژنە هیچ نەخۆشییەکی تایبەتی نەبوو جگە لەو سووکە نەخۆشییە ژنانەیە کە زۆرجار ژنانی خشیک پێوەی دەناڵێنن، کە بریتی بوو لەجۆرە حەملەیەکی عەسەبی و ماندوویەتی و بێتاقەتی بەردەوام کە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ناکامی سێکسیە و بەزۆری تازە بووکانی گەنج، دوای مانگی یەکەمی شووکردن تووشی دەبن و پێوەی دەناڵن. ژنەی خشیک لەسەر تەختێک ڕاکشابوو وقسەی دەکرد، دەیگوت:

–نا دکتۆر، من هەرگیز باوەڕ ناکەم کە ژنێک خیانەت لە پیاوەکەی بکات و فریوی بدات، چونکە باوەڕم وایە ژنێک ئەگەر پیاوەکەشی خۆشنەوێت و پابەندی پەیمان و قەول وقەرارەکانی خۆیشی نەبێت، ئامادە نییە خۆی ڕادەستی پیاوێکی بێگانە بکات. ئاخر چۆن دەکرێ ژنێک بتوانێ عەشق و سۆز و گودازی خۆی لە مێردەکەی و لە خەڵکانی دی بشارێتەوە، چۆن پیاو دەتوانێ ژنێکی وا فریبۆک و درۆزنی خۆشبوێ، چۆن دەشێت عەشق دەگەڵ ئەو گوناحە گەورەو نابەخشەنیەدا لەیەک نەفەرا کۆببێتەوە؟

دکتۆر بزەیەکی کرد وگوتی:

–بابەتەکە زۆر لەوە سادەترە کەتۆ بیری لێدەکەیتەوە خانم، کە ژنێک بڕیاربدات خیانەت لە مێردەکەی بکات، هەرگیز بیر لەو شتە بچووک وبێبایەخانە ناکاتەوە کە تۆ باستکردن، تەنانەت من ئەمڕۆ، دوای ساڵانێکی دوور ودرێژی ئەزموون و لێکۆڵینەوە گەییمە ئەم ئەنجامگیرییە واقیعیەی کە هیچ ژنێک ئامادەگی عەشقێکی واقیعی نابێت، مەگەر ئەو ژنەی بەهەموو ئەم قۆناغ و پەیمان شکێنیانە و سەریەشە و کێشە وئاریشە و خیانەتە ژن و مێردایەتیانەدا تێپەڕی بێت. تۆ واز لەمانە بێنە، جارێ بلێ بزانم، شووکردن و زەماوەند یانی چی؟ ئەگەر تۆ ناتوانی وەڵام بدەیتەوە، ئەوا من لای خۆم زەوجین بەمجۆرە دەبینم کە بریتییە لە: " کۆمەڵێک قسەی تاڵ ونیشدار و گەنگەشەی تاقەتبەر بە ڕۆژەوە و هەندێک نەوازشی سەرڤەسەرڤە و ناچاری بەشەوان، کە دوای ماوەیەک بۆ هەردوولا دەبێت بە وەزیفەیەکی تاقەتبەر و ناخۆش " بۆیە هەموو ئەو ژنانەی کە خیانەت لە مێردەکانیان دەکەن، کۆمەڵێک پاکانە و پاساوی کلێشەیی و ئامادەیان پێیە. تەنانەت سادەترین و ساویلکەترین ژنان لەم جۆرە پەیمان شکێنی و خیانەتکاریانەدا پسپۆڕ و وەستان، هەرکامێکیان بگریت، توانای ئەوەیان هەیە، لەم بوارەدا گەورەترین مەتەڵ، بە شەیتانانەترین شێواز حەل و فەسڵ بکات.

ژنەی گەنج کە کەسێکی زۆر هۆشن، دێرباوەڕ وبەگومان دەهاتە بەرچاو، جارێکی دی لە وەڵامی دکتۆردا گوتی:– نا دکتۆر! بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی تۆوە، ئینسان هیچ کاتێک نایەت پێشوەختە بەرنامە و نەخشە بۆ ئەو کارانە دابنێت کە ژیانی دەخەنە مەترسییەوە، ئەم مەسەلانە دوای ئەوەی ڕوودەدەن دەبن بە لەگەز و مەتەڵان و هەڵبەتە بێهیچ چەند وچوونێک ژنان زۆر لەپیاوان پتر، دەکەونەبەر ئەم جۆرە مەترسی و تالووکانە، هەڵبەتە لە پیاوانیش زیاتر هەقی ئەوەیان هەیە لەم جۆرە هەڵوێستانەدا، ئەقڵی خۆ گوم بکەن و بیریان بە هیچ کوێ ڕانەگات. دڵنیابە ژن هەمیشە دوای ئەوەی تووشی ئەو جۆرە خەتایانە دەبێ و خۆی ڕادەست دەکات، هەنگێ پەی بەو مەترسییە دەبات کە هاتووەتە ڕێگای.

دکتۆر، دەستی ناڕەزایی بەرز کردەوەو گوتی:- چۆن؟ یانی تۆ دەڵێی ژنان پاش ئەوەی خۆیان ڕادەستی پیاوێکی بێگانە کرد، ئەوسا پەی بە هەڵەی خۆ دەبەن؟

کەواتە گوێ بگرە با من چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە کەبەسەر خانمێکی جوان وگەنجا کە نەخۆشی خۆم بوو، هاتووە، تا بزانی تۆ چەند هەڵەیت و بەهەڵەدا چوویت، چونکە ئەو لەو ژنە خشۆک و فریشتە ڕوخسارانە بوو کەمن هەمیشە تەسەورم دەکرد کە زۆر لەسەرووی ئەو شتانەوە بێ. ئەم چیرۆک و سەربهوردە لە یەکێک لە شارە ناوەندییەکانی فەرەنسادا ڕووی دابوو:

ئەو شەوە خەوێکی قووڵم لێکەوتبوو، لەو خەوە قووڵانەی کە زەحمەتە پیاو بەئاسانی خەبەری ببێتەوە. لەناکاوا لە خەوما وام هاتە خەیاڵ کە ئاژیری خەتەری شار، ئاگر کەوتنەوەیەکی گەورە ڕادەگەیەنێت. بەدەم ئەو خەیاڵەوە لەخەو ڕاپەڕیم، دوای ئەوەی وەخۆ هاتمەوە و بێداربوومەوە زانیم لەپەستا وبێپسانەوە لە زەنگی دەرگای ماڵەکەی خۆم دەدەن، چونکە دەمزانی " جان "ی پێشخزمەتی خۆم بەو ئاسانییە بێدار نابێتەوە، لەو زەنگەم دا کە ڕاستەوخۆ بە ژوورەکەی ئەوەوە بەسترابوو. گوێم لەدەنگی پێی ئەوبوو کە بەپەلە لەنێو تاریکیە یەکهاوی و یەک دەستەکەی شەوەوە بەرەو ژوورەکەی من دەهات. دوای تۆزێک وەژوورکەوت و زەرفێکی قەدکراوی دایە دەستم کەبە خەتێکی شپرزە لێی نووسرابوو: " مەدام لەلیویە، داوا لە دکتۆر سیمون دەکات کە بلەز بۆماڵی ئەو بێت. "

کەمێک لەفکران ڕاچووم و پاشان لەدڵی خۆدا گوتم، وادیارە دیسان دووچاری حەملەی عەسەبی بووە، یان تووشی نەخۆشیەکی دی بووە. بەهەرحاڵ من ئەمشەو زۆر ماندووم وناتوانم بڕۆم، یەکسەر قەڵەم ڕەساسەکەم هەڵگرت و لەژێر هەمان ڕستەدا و لەسەر هەمان کاغەز نووسیم: " چونکە حاڵی دکتۆر سیمون باش نییە، داوا لە مەدام لیویە دەکەم کە پەیوەندی بە هاوکارەکەی دی ئەوەوە، واتە بە دکتۆر بونتەوە بکات. "

ماوەیەکی زۆری پێنەچوو کە دووبارە بەدەنگی زەنگی ماڵەکە بێدار بوومەوە، ئەمجارەیان، پێشخزمەتەکە بە هەڵەداوان هات وگوتی:

-خانمێک لەقاتی خوارەوە چاوەڕوانی تۆیە، دەیەوێ تۆ ببینێت و دەڵێت مەسەلەی مردن و ژیانی دووکەس لە ئارادایە. هەرکە گوێم لەو قسەیە بوو، لە جێی خۆم ڕاپەڕیم و لەسەر تەختەخەوەکەم دانیشتم و گوتم، کوا خێرا سەری بخەنە سەرێ بابێ بزانم.

لەوکاتەدا ژنێک کە سەراپا ڕەشی پۆشابوو، وەکو تاپۆیەکی ڕەش خۆی بە ژوورا کرد، دوای ئەوەی جان لە ژوورەکە وەدەرکەوت، ژنەی تاین تۆڕەکەی لەسەر ڕوخساری هەڵدایەوە، من یەکسەر خانم " برتا – لیویە " م ناسییەوە. ئەم خانمە سێ ساڵ لەوەپێش شووی بە موغازەدارێکی دەوڵەمەند کردبوو و دەیانگوت جوانترین ژنی شارەکەی مەیە.

ڕەنگی زۆرخراپ بزرکابوو، ماسوولکەکانی ڕوخساری وەکو خەڵکانێ کە تووشی شێتاتیەکی تووند بووبێ، گرژ بووبوو، دەستەکانی دەلەرزین. دووجار هەوڵیدا قسان بکات بەڵام دەنگی دەرنەهات، ئەنجام هەرچۆنێ بوو، بەهەر دەمەلاڵکێیەک بوو گوتی:

–وەرە... دکتۆر... خێراکە... خێرا... وەرە... عاشق... عاشقەکەم لەناو ژوورەکەما مردووە.

لەم کاتەدا، لە حەژمەتاندا، زمانی لە گۆ کەوت، دوای بێدەنگیەکی کەم، دووبارە، بەدەمەلاڵکێوە گوتی:

– مێردەکەم... لە ئان وساتدایە... لە یانە بێتەوە...

ئیدی، هەستم کرد، نابێ لەوەی زیاتر ماتەڵ بم، بێئەوەی گوێ بە جلەکانم بدەم، بەپەلە لە تەختە خەوەکەم هاتمە خوارەوە و لە چاوتروکانێکا جلەکانم گۆڕی و گوتم:– جاری یەکەمیش خۆت هاتبووی؟

هەر بەودەقەوە کە وەکو پەیکەر لەجێی خۆی ڕەق ڕاوەستابوو، بە ڕوخساری ترساوەوە بەرسڤی دایەوە:

– نا، کارەکەرەکەم ناردبوو، ئەو ئاگای لەهەموو شتەکانە.

دوای سووکە بێدەنگیەک گوتی:– من لەپاڵ ئەوا خەوتبووم... لەناکاوا، لە هۆڕژنی گریانێکی ترسناکی دا و دوای ئەوەی مودەتێک بەدەنگی بەرز گریا و هەناسەی سوار بوو و شانەکانی بەدەم گریانەوە بەرز ونزم دەبووەوە و خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا، ئەوسا لەناکاوا لە گریان کەوت و ڕوندەکانی وشک بوونەوە، ڕێک وەکو ئەوەبوو ئاگرێک لە دەروون و ناخیا هەڵبووبێ و سەرچاوەی فرمێسکەکانی وشک کردبووەوە. ئەوسا بە ڕاوێژێکی نەرم وخەمناک گوتی:– دکتۆر لەزێکە... درەنگە.

من ئامادەبووم، بەڵام لە پەلەپەلی خۆما بیرم چووبوو دەستووری ئامادەکردنی گالیسکەکە بدەم و ئەمەم بە ژنەی تاین گوت، ژنەکە گوتی کە گالیسکەی دەگەڵ خۆیدا هێناوە و دووبارە تۆڕە ئەستوورەکەی، کەبەسەر شانیا کەوتبوو، بەڕووی خۆیا دایەوەو بەپەلە سواری ئەو گالیسکەیە بووین کەلەبەر دەگا وەستابوو و بەڕێکەوتین.

وەختایەک لەنێو گالیسکەکەدا لەپاڵ یەکا ڕۆنیشتبووین و لە تاریکیەکەدا دەڕۆیشتین، لەناکاوا دەستی منی لەنێو هەردوو دەستی خۆی نا وبەقامکە ناسکەکانی دەستی تووند گوشیم و بەدەنگێکی لەرزۆک، کەلە کانگای دڵە نائومێد و ڕوخاوەکەیەوە هەڵدەستا گوتی:

– ئاخ دکتۆر، خۆزگە دەتزانی چەند خەفەتبارم! ئاخر من ئەوم خۆشدەویست، دەمپەرست، شێت و شەیدای ئەو بووم، لەم شەش مانگەی دواییدا وەکو شێت دەمپەرست.

پرسیم:– کەس لەماڵتانە؟

– نا، جگەلەو کارەکەرەی کە هەموو شتێک دەزانێ کەسی تری لێ نییە.

لەم کاتەدا گالیسکەکە لەبەردەم ماڵەکەدا وەستا، خۆشبەختانە هەموو دەر ودراوسێکان خەوتبوون، ئەو بە کلیلەکە دەرگای کردەوەو بەئەسپایی و لەسەر نووکی پێیان بە پلیکانەکاندا بۆ قاتی سەرەوە سەرکەوتین. کارەکەرەکە لەسەر قالدرمەکان دانیشتبوو و مۆمێکی بەلاوە دەسووتا. لەترسی مردووەکە هاتبووە ڕاڕەوەکە دانیشتبوو.

من خۆم بەژوورەکەدا کرد، هەموو شتەکان تێک وپێک ڕژابوون، وەکو ئەوەبوو دووکەس ماوەیەکی زۆر لەم ژوورەدا، پێکدا هەڵشاخابن و بەگژیەکا چووبن.

تەختە خەوەکەی خانم هێشتا وەکو خۆی بوو و دەتگوت چاوەڕوانی کەسێکی دەکرد. یەکێک لە پەتۆکان لە ئەرزەکە کەوتبوو و کلێنکسی تەڕ، کە هەوڵیاندابوو سەروچاوی کابرای مردووی پێ تەڕبکەن و وەهۆشی بێننەوە، لەم لاو لەولای لەگەنێک ئاودا کەوتبوون.

جەستەی مردووەکە، درێژاودرێژ لەناوەندی ژوورەکەدا یەک تەختە کەوتبوو، من چوومە دیاری، بەوردی تەمەشام کرد ونەبزم گرت، ئەوسا دەستیم بەردا و پێڵوی چاوەکانیم کردەوە و ئاوڕم لە خانم و کارەکەرەکەی کە وەکو سەرمابردەڵە دەلەرزین و گوتم: - بێزەحمەت یارمەتیم بدەن با جەنازەکەی بخەینە سەر تەختەخەوەکە. کە خستمانە سەر تەختە خەوەکە بەوردی گوێم نا بە دڵییەوە و ئاوێنەیەکم لەبەر زاریا گرت وگوتم:- تەواو بووە، بەڵام پەلە بکەن با تا زووە جلەکانی لەبەر بکەین.

چونکە بەڕاستی دیمەنێکی ترسناکی هەبوو.

لاقەکانیمکە وەکو لاقی بووکەڵان وشک و بێ جووڵە بوو، گرتن، بەرزم کردنەوەو لە پانتۆڵەکەیم، کە کارەکەرەکە هێنابووی، لەپێ کرد، خانم گۆرەوییەکانی لەپێ کرد و ئەنجام کراس و چاکەتەکەشیمان هەرچۆنێ بوو لەبەر کرد، بەڵام قورسترین کارمان هەڵکێشانی بازووەکانی بوو لە ئاسینی چاکەتەکەی.

کە ویستمان پێڵاوەکانی لەپێ بکەین، گیرۆدەی زەحمەتێکی زیاتر بووین و جووتەژن، خانم و کارەکەرەکەی ناچاربوون، خۆ بدەن بەسەر پێیەکانیا، چونکە دوای ئەوەی مردبوو قامکەکانی ئاوسابوون و پێڵاوەکانی نەدەچوونە پێیەوە. کە لەم کارە بووینەوە، ڕووم کردە خانم و گوتم - ئێستا باشتر وایە تۆ قژەکەی شانە بکەی – کارەکەرەکە ڕۆیی و شانە دەنک درشتەکەی خانمی لە ژووری ئاراپشتەکەی هێنا و بەدەم لەرزینەوە کەوتە شانەکردنی قژی کابرای مردوو. لەم کاتەدا لیویە بەتووڕەیی شانەکەی لەدەستی کارەکەرەکە وەرگرت و وەکو کەسێک کە ئازیزترین کەسی خۆی بلاوێنێ کەوتە تەمەشاکردنی قژی کابرا، سمێڵی ڕێک خستەوە ولەناکاوا شانەکەی تووڕ دایە گۆشەیەکەوەو سەری مەعشووقە بێگیانەکەی خۆی لەنێو هەردوو دەستی گرت وماوەیەکی زۆر بە نائومێدییەوە لەو سەروسیما مردووە ڕاما، سەروسیمایەک کە ئیدی نەیدەتوانی بەڕوویەوە پێبکەنێت و نەیدەتوانی تەمەشای بکات. کابرای مردووی لەباوەش گرت و بەگەرمی سەروچاوی ماچکرد، لێو و چاوە نووقاوەکانی ڕامووسی، گۆناکان و هەنیەی ڕامووسی، هەنگێ وەکو ئەوەی هێشتا زندوو بێ و بتوانێ گوێی لە قسەکانی بێت، دەمی لەپەناگوێی نا و بەدەنگ و ڕاوێژێک کە ئەوپەڕی دڵشکاوی ونائومێدی ئەوی دەنواند گوتی: - خۆشەویستەکەم... خوداحافیز.

ڕێک لەم کاتەدا، سەعاتە دیوارییەکە دوازدە زەنگی لێدا و من بەهەشتاو لەدیار جەستەکە هەستام وگوتم:

- سەعات دوازدەیە، نیوەشەوەو ئیدی وەختی ئەوەیە یانەکان دابخرێن، خانم خێراکەن و... ئەویش لەدیار جەستەکە هەستا و من گوتم واچاکترە جەستەکە ببەینە ژووری پێشوازی.

ئەو کارەمان کرد، کابرای مردوومان بلەز بۆ ئەوێندەر برد و لەسەر یەکێک لە تەختەکان پاڵمان خست من چووم بۆلای شەمدانەکە و شەمالکەکانم هەڵکرد و ڕێک لەم کاتەدا دەنگی کرانەوە و داخستنی دەرگای ماڵەکە لەناو ئاپارتمانەکەدا دەنگیدایەوە. مێردەکەی مەدام لیویە لەنادی گەڕابووەوە و من یەکسەر بە کارەکەرەکەم گوت کە لەگەنە ئاوەکە و کلینکسە تەڕەکان دەربێنێ و ژووری نووستنەکەی خانمیش بلەز ڕێک بخات، خانم " برتا" بەبێتاقەتی گوتی: - بۆخاتری خوا لەزێکەن، مێردەکەم هاتەوە.

دەنگی پێی ئەو کەبە پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕا هاتەگوێ، دیاربوو، دەستی بە دیوارەکەوە دەگرت و دەهاتەسەرێ. هەنگێ من بەدەنگی بەرز هاوارم کرد:- دۆستی ئازیز وەرە بۆ ئەم ژوورە، شتێکمان لێقەوماوە.

مێردەی گەنج، کە ڕاچڵەکی بوو، دەرگای ژووری پێشوازی ڤەکرد ولەکاتێکا جگەرەیەکی بەلێوەوە بوو، بەسەرسامی گوتی:- چ خەبەرە؟ چی قەوماوە؟

من هەستام، بەرەو ڕووی ئەو چووم و دووبارە گوتم:

- دۆستی ئازیزم، دەبینی چ بویەرێکی خراپمان لێقەوماوە، من ئەمشەو کەدەگەڵ خانمەکەی تۆدا سەرگەرمی قسان بووم و هاوڕێکەم کە منی بە گالیسکەکەی خۆی بۆ ئێرە هێنابوو، دووچاری جەڵتەیەک بوو وبورایەوە، هەرچیمان کرد وکۆشا، دروست دوو دانەسەعاتە خەریکین، وەخۆ نەهاتووەتەوە و ئاگای لە عەمری دنیا نەماوە، ئیدی من بەباشم نەزانی پەنا وەبەر بێگانان بەرم، بەڵام نها ئەگەر تۆ یارمەتیم بدەیت، بە گالیسکەکەی خۆی دەیگەینمەوە ماڵەکەی خۆی، بەڵکو لەوێ باشتر و زووتر وەخۆی بێتەوە.

مێردەکەی خانم برتا کە واقی وڕمابوو، بەڵام کەمترین گومانی بەدڵدا نەهاتبوو، کڵاوەکەی داکەند و بەوپەڕی میهرەبانی هاتەپێشەوە و دەستی خستە ژێر جەستەی کابرای مردوو و بەدوو قۆڵی لە ئەرزەکە بەرزمان کردەوە و من وکو ئەسپێ کە کەسێک سواری دەبێ، سەرم خستە بەینی هەردوو لاقی کابراوە و بەوحاڵەوە تا بەردەرگای ماڵەکەمان برد و خانم لیویەش یارمەتی داین. وەختێ گەیشتینە سەر شەقامەکە من بۆ ئەوەی گالیسکەچیەکە پێنەحەسێت، جەستەکەم لە عاردی دانا و پاڵیم دا بەخۆمەوە و هەرچۆنێ بوو وەکو کەسێک بورابێتەوە بەوئاوایە خستمە ناو گالیسکەکەوە و لەهەمان کاتا گوتم:

- وەرە سەرێ هاوڕێ، زۆر ناڕەحەت مەبە، هیچ نییە، تا بەیانی چاک دەبێتەوە.

مسیو لیویە کە تابەر دەرگای گالیسکەکە هاتبوو، بەناڕەحەتی لە منی پرسی:- دکتۆر پێت وایە خەتەر نەبێ؟

لەکاتێکا، تەمەشای ڕەنگە بزرکاوەکەی ژنەکەی ئەوم دەکرد کەدڵسۆزانە خۆی بەسەر بازووی مێردەکەیدا دابوو وهەوڵیدەدا تەمەشای ناو گالیسکەکە بکات، بزەیەکم کرد و گوتم:- نە، ناڕەحەت مەبە، هیچ نییە.

ئەوسا، تەوقەم دەگەڵ هەردووکیاندا کرد و گالیسکەکە کەوتەڕێ و بەدرێژایی ڕێگاکە جەستە مردووەکە، بەسەر مندا کەوتبوو.

وەختایەک گەیینە ماڵەکەی ئەو، بە کەس وکارەکەیم گوت کەلە ڕێگادا، لەناکاوا حاڵی تێکچوو، هەموو یارمەتیان دام و بردمان بۆ قاتی سەرەوە. لەوێ بەوردی معایەنەی جەستەکەم کرد و بە خانەوادە نەگبەتەکەیم ڕاگەیاند کە مردووە و مۆڵەتی ناشتنەکەیم نووسی و دامە دەستیان، زۆر هەڵوێستی دیکەم نواند تا کەس گومانی لەلا دروست نەبێت، ئەنجام بۆ ماڵ گەڕامەوە و دووبارە چوومەوە سەر تەختەخەوەکەم و ماوەیەکی زۆر بیرم لە عەشق و عاشقان کردەوە!

دکتۆر بێدەنگ بوو، هێشتا بزەیەک بەسەر لێوانییەوە بوو، ژنەی جوان وگەنج کەبە بیستنی ئەم چیرۆکە دووچاری حەملەیەکی عەسەبی تووند بووبوو گوتی:- دکتۆر، بۆچی ئەم چیرۆکە ترسناکەت بۆمن گێڕایەوە؟

دکتۆر، نیگایەکی بە مەعناوەی ڕوخساری ئەوی کرد و بەئاستەم ئیکلامێکی بچووکی کرد و گوتی:

- بۆ ئەوەی ئەگەر تۆش بویەرێکی وات لێقەوما، پەنا بێنییە بەر ئەم دۆست وخزمەتکارە دڵسۆزەت.

# جولی رومن

دوو ساڵێک لەمەپێش، دنیا بەهار بوو، ڕۆژێک لە کەناراوەکانی مدیترانەدا پیاسەم دەکرد، چ شتێک لەو خەون و خەیاڵانە خۆشترە کە مرۆڤ، بەدەم پیاسەوە، بەجادەێن چۆڵ و تەریکدا، دەیانبینێت. لەم حاڵەدا کاتێ بە بناری کێوێکدا هەڵدەگەڕێین و شنەی باو تیشکی هەتاو چەند خۆشە. وەختێ دوو سەعاتێک بۆ تەمەشاکرن و هەوا گۆڕکێ بەتەنیا بۆ کەناری دەریا دەڕۆین وگوێ لە سۆزە وزەمزەمەی شەپۆل و پێلان دەگرین، چ ئاوازێکی عاشقانە دەژنەوین، چ خەونانێکی شیرین دەبینین و وێنە و وێنای چ بویەرانێک لە مێشکماندا نەخش دەبن. لەو جەوە لەبارەدا تا حەزبکەی ئاوات و ئارەزووی ئاوێتە بە خۆشی و شادومانی، خۆ بەدنیای خەیاڵماندا دەکەن و وەکو چۆن ڕێکردن و پیاسە، ئیشتیای خواردنمان دەکەنەوە، بەو ئاوایە هەڵمژینی شنە و هەوای بۆندار، تینووی بەختەوەریمان دەکات. چەند لە سروشت و تەبیعەت نزیکتر دەبینەوە، لە قوڵایی ڕوحی خۆمانا، گوێمان لە ئاوازی شیرینتر دەبێت.

من، ئەو ڕۆژە، لەو ڕێگایەدا کەلە " سن روفائیل " وە بۆ ئیتاڵیا دەڕۆیی، پیاسەم دەکرد و بەنێو دیمەنانێکی شکۆداری ئەوتۆدا دەڕۆیشتم کە دەتگوت کۆی هەموو شیعر و ئاوازی عاشقانە و ڕۆمانتیکی جیهانی لەخۆدا کۆ کردووەتەوە. لەبەرخۆمەوە بیرم دەکردەوە چ حەیفە کە خەڵکی جگەلەوەی بۆ فریودانی یەکدی وتەماحی مادی و بەدەست هێنانی پارە وپول و خۆنواندن، بەژێر ئەم ئاسمانە ساف و باخی گوڵان و بەهارە ڕەنگینەی کەلەنێوان هەردوو دەڤەری " کان " و " موناکۆ " دا کراوەتەوە، تێناپەڕن.

ئەفسوس کە خەڵکی هەموو لەڕای ئەم تەماحە پیسەدا بۆ ئێرە دێن و بەوشێوەیە، وێنەی واقیعی و ڕوحی باتینی بەشەر وەکو چۆن هەیە، واتە خۆپەرست، لەخۆبایی و تەماعکار و نزم، نیشاندەدەن.

لەناکاوا، لەپێچێکی سەر ڕێگادا کەبۆ کەنداوێک پێچی دەکردەوە چاوم بە چەند ڤێلایەک کەوت، چوار پێنج ڤێلا کە ڕوولە دەریا و لە داوێنی کێوێکدا بوون. لەپشت ئەم ڤێلایانەوە، کاژستانێکی کێوی بەدی دەکرا، کە دوو دەرەی قووڵیان داپۆشی بوو و هیچ ڕێگەیەک بۆ دەرەوەی کاژستانەکە دیار نەبوو.

بەخۆم نەوەستام لەهەنبەر یەکێک لەم ڤێلا جوانانە وەستام، ڤێلایەکی بچووکی سپی، پەنجەرەکانی قاوەیی و دیوارەکانی تا سەری سەرەوە، یەکپارچە گوڵەباخ بوو. باخەکە پڕبوو لە گوڵێن ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆر، گوڵانێک کەدەستی بەشەران ڕێکی نەخستبوون، بەڵام بەو خۆڕسکی و شپرزەییەشیانەوە، هەر زۆر جوان ودڵڕفێن بوو.

چیمەنەکەی بەرماڵەکە، بەگوڵ دەورە درابوو، گوڵدانێکی گەورەی گوڵی کێوی لەسەر پلیکانەی بەر هەتوانەکە دانرابوو وهێشووی وەنەوشەیی ترێ بەسەر پەنجەرەکانەوە هەڵواسرابوو ، محەجەرە بەردینەکانی دەوری ئەپارتمانەکە، لەبەر نیلوفەری درشت و سوور دیار نەبوو، نیلوفەرانێ کە هەر گوڵێکی وەکو پەڵەیەکی گەورەی خوێن دەهاتە بەرچاو. لەپشت ئەم ئەپارتمانە جوانەوە باخێکی گەورەی درەختێن پڕشکۆفەی پرتەقاڵ و نارنج بەرچاو دەکەوت کەتا پاینی کێوەکە هاتبوو، لەسەر دەرگای ئەم ڤێلایە بەپیتی زێڕینی درشت نووسرابوو " ویلاد ئانتان ". لە دڵی خۆدا گوتم:- کیهە شاعیر یان فریشتە لەم شوێنەدا دەژی، یان کام زاهیدی

پارسا توانیویەتی ئەم بەهەشتە بدۆزێتەوو خەون وخەیاڵەکانی، بەئاکنجی بوون لەنێو ئەم بەهارستانەدا هێناوەتە دی؟

کرێکارێک لەو نزیکانە خجڵی نەقاری و بەردتاشی بوو، ناوی خاوەنی ئەم ڤێلایەم لەو پرسی و لەوەڵاما گوتی ئێرە ماڵی مەدام " جولی رومن " ە.

جولی رومن، بەمنداڵی زۆر شتم دەربارەی ئەو بیستبوو، هەمان ئەستێرەی هونەرمەند وگەورەی شانۆیی بوو کە هەڤرکی ڕاشلی ئەکتەری بەنێوبانگ بوو، هیچ ژنێک تا ئەوکاتە ئەوەندە بەناوبانگ وهێندە خۆشەویست نەبوو، خەڵکی بەڕاستی دەیانپەرست، چ دوئێل وجەنگ و جیدالێک لەسەر ئەو دروست نەدەبوو، پیاوانێکی زۆر لەپێناوی ئەودا خۆکوژیان دەکرد، ڕۆژ نەبوو کە عاشقانی کوشتەی ئەو، بەزمێکی هۆڤیانە وخوێناوی لەسەر ئەو نەنەنەوە. نها ئەم ژنە تەمەنی چەند بوو؟ چەند ساڵ لەتەمەنی ئەم هونەرمەندە خۆشەویستە تێپەڕی بوو؟

شەست ونۆ، هەفتا، هەفتا وپێنج، ڕەنگە زیاتریش!

جولی رومن، لەم خانووەدا! دیسان کەوتمە بیرکردنەوە لەو هەیەجان و هەرا وهەنگامەیەی کەجوانی و هونەرمەندیی ئەم ئافرەتە لەسەرانسەری فەرەنسادا بەرپای کردبوو، ئەوکاتانە من تەنیا دوازدە ساڵ بووم، دەیانگوت جولی رومن، یەکێک لە عاشقەکانی خۆی، دوای شەڕێکی خوێناوی و پڕ هەرا وهەنگامە دەگەڵ عاشقێکی دیکەی ئەودا، بۆ گراڤی سیسیل بردووە.

ئەو شەوەی کە جولی رومن، دەگەڵ مەعشووقەکەی خۆیا لە فەرەنسا هەڵاتبوو، یەکێک لە گرنگترین دەورو ڕۆڵەکانی خۆی لە شانۆی گەورەی پاریس دا، لە ئەستۆ بووبوو، دوای تەواوبوونی دەورەکەی، ئیدی هوراکێشان و چەپڵەلێدان و ستایش وئافەرینی جەماوەرەکە ناچارەی کرد دوازدە کەڕەت بێتەسەر شانۆ و سوپاسی تەمەشاڤانان بکات، لە نیوەشەوی ئەو شەوە بەداوە بوو کە هاوڕێ دەگەڵ ئەو پیاوەی کە خۆشی دەویست، سواری گالیسکەیەکی تاک ئەسپە بوو، دەگەڵ ئەوا بۆ باشووری فەرەنسا ڕۆیی و لەوێندەرەوە، لەڕێگای دەریاوە بۆ سیسیل هەڵات، بەدوو قوڵی لەبەر خاتری عەشق ملیان بە شەپۆل و پێلێن خرۆشاوی دەریاوە نا وپەنایان بۆ ئەو گراڤە کۆنە برد کە پێیان دەگوت خایونان و لەناو ئەو چڕە دارستانە نارنجەی، کە دەوری بەندەری پالرموی دابوو، ڕۆژانی شیرینی ویساڵیان بەسەر برد. داستان و سەربهوردەکەی وان کەوتە سەر زاران و دەماودەمی کرد ودەیانگوت ئەم دوو دڵدارە، هەموو ڕۆژێ قوڵ لە قوڵی یەک، لە بناری کێوی گڕکانی (ئاتنا) وە سەردەکەوتن و هەر دەڕۆشتن تا نزیکی زارکی گڕکانەکە دەبوونەوە و لەوێ گۆنا و لێویان دەنا بەیەکەوە و بەسەعاتان پیاسەیان دەکرد، وەکو ئەوەی بیانەوێ خۆیان هەڵدێرنە ئەو بیرە ئاگرینەوە...

عاشقەکەی جولی رومن، نووسەر وشاعیرێک بوو کە شیعر ونووسینەکانی ئەو یەک نەسڵی تەواو، بووبوون بەوێردی سەرزاری هەموو گەنجان و دڵداران، شیعرەکانی هێندە جوان و ڕازئامێز بوون لەتۆوایە دەرگای دنیایەکی دی لە بەشەر دەکەنەوە، ئەم شاعیرە دەمێ بوو مردبوو، نەک هەر ئەو، بەڵکو دڵدارەکەی دیکەی ئەم ژنە هونەرمەندەش، کە سازڤانێکی گەورە بوو و ئاوازەکانی، ئاوازە شیرین وجوانەکانی لە عەشقی نەمری

جولی رومنەوە سەرچاوەیان دەگرت، مردبوو. ئاهەنگ و ئاوازەکانی ئەم سازڤانە لەدوای مردنیشی هەر ئارامبەخشی دڵە دەردەدارەکان بوو! ئیدی لە ئاوازە ئاسمانییەکانی خۆیا، سەرکەوتن و پیرۆزییەکانی عەشق و کول وکۆڤانی هیجرانی، بەتوانایەکی هێندە عەجیبەوە ئاوێتە کردبوو و شاکاری گەورەی داهێنابوو، بۆیە ئاهەنگ و ئاوازەکانی هەم شادی هێن و هەم خەمناک و بەسوێ بوون!

هەمان جولی رومن، ئەمڕۆکە لەم خانووە دوورەدەست و تەریکە و لەناو ئەم دەریای گوڵ و شکۆفانەدا دەژی!

ئیدی خۆم ماتەڵ نەکرد، چوومە پێشەوە و لەزەنگم دا، کوڕیژەیەکی دێهاتی هەژدە ساڵەی ڕەزا قورسی شەرمن دەرگاکەی کردوە.چەند وشەیەکی نەوازش ئامێزم لەسەر کارتەکەم، بۆ ئەکتەری ناودار نووسی و خواستی خۆم بۆ دیداری دەربڕی، کوڕیژگەکە ڕۆیی و زۆر بلەز زڤڕییەوە و بردمیە ژوورەوەو کردمی بە ژوورێکی پێشوازی جوان و ڕێک وپێکا، کەبە شێواز و ستایلی تەواوی سەردەمی لویس فلیپ ڕازابووەوە، موبێلە وکورسییەکانی ئەم ژوورە زۆر کۆن وقەدیمی بوو. کچۆڵەیەکی شازدە ساڵان کە زۆر جوان نەبوو، وەکو ڕێز وحورمەت بۆمن پەردەی سەر موبیلەکانی هەڵگرت ولە ژوورەکە وەدەرکەوت و من بەتەنیا مامەوە.

زۆر بەوردی وبەتاسەوە چاوم بە وردەکارییەکانی ئەم ژوورەدا گێڕا، سێ تابلۆ بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوو: تابلۆی یەکەم جولی رومنی، لەحاڵی نواندنی یەکێک لە دەورە بەناوبانگەکانیا نیشاندەدا، تابلۆی دووەم وێنەی هەمان شاعیری عاشق بوو کە جلێکی ڕەشی فەرمی و کراسێکی مۆدی ئەو سەردەمانەی لەبەر بوو، تابلۆی سێیەم، وێنەی عاشقەکەی تری جولی رومن بوو، واتا وێنەی هەمان یارۆی سازڤان بوو کەلەپشت پیانۆیەکەوە ڕۆنیشتبوو.

جولی رومن، لەو تابلۆیەدا ڕوخسارێکی ڕەزا سووک و دڵڕفێنی هەبوو. قژەکەی خورمایی بوو، بزەیەکی خەمین، بە ڕەسم ومۆدی ئەو سەردەمانە نیشتبووە سەر لێوی، چاوە شینە درشتەکانی، بەڕووی بینەرا پێدەکەنین. ستایلی نەخشاندنی ئەو تابلۆیە، نموونەی بەرزترین نیگارکێشی ئەو زەمانە بوو. ئەم سێ ڕوخسارە دیار وبەناوبانگە دەتگوت لە دنیای ڕابردووەوە، تەمەشای نەوەکانی ئایندە دەکەن و حاڵەتی ئەم سێ تابلۆیە باسی ڕۆژگارێکی دەکرد کە بووری بوو و کاراکتەرەکانیشی بۆ هەمیشە ماڵاواییان کردبوو.

دەرگا کرایەوەو ژنێکی ئەندام وردیلەی ناسک وەژوورکەوت. ژنێکی زۆر وردیلەی زۆر پیر بوو، کە تەنانەت برۆ وبرژانگەکانیشی سپی بووبوون، دیمەنی ئەو، دیمەنی مشکێکی سپیەکەلەی، بزێوی لەبەرچاوم بەرجەستە دەکرد. دەستی بەرەولای من درێژ کرد و بەدەنگێک کە هێشتا بەگوڕ و خۆشئاهەنگ بوو گوتی:

- زۆر مەمنوونم بەڕێز، چەند باشە کە پیاوانی ئەمڕۆ، ژنانی دوێنێ بەسەر بکەنەوە، فەرموو ڕونە.

بەرسڤم دایەوە:- خانووە جوانەکەت بەجۆرێک ئەفسوونی کردم کە خولیای ناسینی خاوەنەکەیم کەوتەسەر و کەزانیم هی ئێوەیە ئیدی نەمتوانی دەستبەرداری دیدارتان ببم.

گوتی:– دیداری ئێوە بۆمن خۆشترە. چونکە دوای ساڵانێکی دوور ودرێژە کە شتی وا ڕوودەدات و پیاوێک دێتە دیدارم، وەختایەک کارتەکەی تۆم بەو ڕستە جوانانە وبەو نەوازشتە دڵگیرەوە بینی یەکسەر دڵم داخورپا، ڕێک وەکو ئەوەی دۆستێک دوای بیست دانەساڵ هاتبێتە دیدەنیم.

بەڵی من ئەمڕۆکە لەبیرکراوم، بەڕاستی لەبیرکراوم، کەس بیر لەمن ناکاتەوە، کەس تا ئەو ڕۆژەی دەمرم بیر لەمن ناکاتەوە، کە مردم ئیدی ڕۆژنامەکان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ باسی جولی رومن دەکەن، باسی بەسەرهات، ڕیسک و ڕووداوەکانی ژیانی ئەو دەکەن، ڕەنگە بە جەلال وشکۆوە یادی بکەنەوە ، ئەمە دەکاتە کۆتایی ڕاستەقینەی ژیان وبوونی من.

کەمێک بێدەنگ بوو و دووبارە دستی بەقسان کردەوە وگوتی:

– با پێت بڵێم، ئەو ڕۆژە زۆر دوور نییە، لەوەیە چەند مانگێک یان چەند ڕۆژێکی دیکە، بێتەدی. ئەو ڕۆژە ئەم پیرەژنە مردەلۆخەی لەگەڵ تۆدا دانیشتووە، جگەلە چنگێ ئێسک وپروسک هیچی تری لێنامێنێتەوە.

چاوانی بەرەو تابلۆ و وێنەکەی خۆی، کەبە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، هەڵبڕی ومودەتێک لێی ڕاما، دەتگوت ئەو وێنەیە بە تەوسەوە بەم پیرەژنە، کە بووبوو بە کاریکاتۆر، پێدەکەنی، ئەوسا تەمەشای دوو تابلۆکەی دیکەی کرد، تابلۆی شاعیرە گەورەکە و تابلۆی سازڤانە نەغمەخوانەکە، لەتۆوایە هەردوو وێنەکە بەزمانی حاڵ دەیانگوت:– ئەم پیرەژنە تێکشکاوە چی لە ئێمە دەوێ؟

خەم وخەفەت وکۆڤامێکی قورس و لەتوانا بەدەر، وەکو کێرد لە دڵم ڕۆدەچوو. خەم وکەسەرێک کەلەکاتی مەرگا بەرۆکی بەشەر دەگرێ بەڵام هێشتاش وەکو خنکاوێک کەبەگژ پێل وشەپۆلێن خرۆشاوی دەریایەکی قوڵا دەچێتەوە و هەوڵدەدا نەمرێت و یادگارییانی ڕابردوو لەهەنبەر خۆیا بەرجەستە بکات.

لەو شوێنەوە کە لێی دانیشتبووم، دەمتوانی جادەکە بەو عەرەبانە و گالیسکانەوە کەبە ناوەڕاستیا تێدەپەڕین، ببینم، ئەم گالیسکانە لە " نیس " ەوە بۆ مونتیکارلۆ دەڕۆیشتن و ژنانی جوان و زەنگین لەگەڵ پیاوانی ڕازی و بەختەوەرا، لەناو ئەو گالیسکانەدا ڕۆنیشتبوون، پیرەژن، کە پەیجوری نیگای منی کردبوو، وەک ئەوەی بیرکردنەوە و هزرینی منی خوێندبێتەوە، لەژێر لێوانەوە وبەدەنگێکی هێدی گوتی:

– حەیفێ کە ناکرێ و ناتوانین ڕابردوو و هەنووکە لەیەک کاتدا کۆبکەینەوە!

من، ڕووم بۆلای ئەو وەرگێڕا و گوتم:– لەوەدەچێ ژیانێکی زۆرخۆش و جوانت بەسەر بردبێ؟ وایە؟

ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا وگوتی:– بەڵێ وایە، هەربۆیەش، ئەوەندەی خەفەت بۆ دەخۆم.

هەستم کرد، زۆر دڵی پێوەیە کەباسی خۆی بکات. بۆیە زۆر بەنەرمی ووەکو کەسێک بیەوێ دەست بەسەر برینێکی قووڵدا بێنێ، بەو ئاوایە پرسیاری ڕابردووی خۆیم لێکرد و ئەو دەستی بەباسی سەرکەوتن، شادی و دۆست و هاوڕێ و عاشقە بێ ژمارەکانی خۆی کرد.

پرسیم:- ئایا تۆ گەورەترین بەختەوەری خۆت و قووڵترین شادی خۆت، لەچاوی شانۆدا نابینی؟ قەرزاربارى شانۆ نيت؟

بلەز بەرسڤی دایەوە:- نەخێر، هەرگیز!

بزەیەکم بۆکرد و ئەو دووبارە لە حاڵێکا بە خەم وپەژارەوە دەیڕوانیە تابلۆی ئەو دوو پیاوە، گوتی:

- من ئەو دوو نەفەرە، بە گەورەترین سەرچاوەی بەختەوەری خۆم دەزانم وقەرزارباری ئەوانم.

یەکسەر پرسیم:- زیاتر قەرزارباری کیهەیانیت؟

وەڵامی دایەوە:- قەرزارباری هەردووکیانم، بەیەک ئەندازە قەرزارباری هەردووکیانم، تەنانەت هەندێجار کە دەمەوێ لەدڵی خۆدا ئەم دووکەسە بەراورد بکەم، ناتوانم کەسیان بەسەر کەسیاندا پەسند بدەم.

- کەواتە خانم، تۆلە جوانی وبەختەوەرییەکانی ژیانی خۆتدا قەرزارباری عەشقی، نەک ئەم دووکەسە، ڕەنگە ئەمانە تەنیا هۆ و ئەوزاری ئەو عەشقە گەرم وگوڕە بوون.
- وابێ، بەڵام بەڕاستی ئەوزاری بەتوانا و بێ وێنەبوون!
- ئایا تەسەور ناکەی ئەگەر پیاوێکی ئاسایی، کە گەورە وبەنێوبانگ نەبووایە و هەموو دڵ و ژیان و بوونی خۆی لە قەبەڵی تۆ بکردبایە دەیتوانی زۆر لەم دووکەسە پتر خۆشی بویستبای و لەم حاڵەدا ئایا بەختەوەری و شادی تۆ پایەدارتر نەدەبوو؟ لەکاتێکا لەبوونی ئەم دووکەسەدا، تۆ هەمیشە دوو ڕەقیبی ترسناکت هەبووە و ئەو دوو ڕەقیبەش شیعر وموسیقا بووە.

لەناکاوا بەدەنگێکی بەرز وپڕ هەیەجان، بەدەنگێک کە هێشتا گەنجانە بوو و ڕوحی تەکان دەدا گوتی:

- نە، بەڕێز نە! پیاوێکی سادە لەگین بوو منی باشتر وزیاتر خوشبویستبا، بەڵام مەحاڵ بوو منی بەوشێوەیە خۆشبوێ کە ئەو دووکەسە خۆشیان دەویستم. ئاە کەس وەکو ئەو دووانە نەیدەزانی ئاواز و ئاهەنگی عەشق، چۆن دەخوێنرێ، هیچ کەسێک لەم دنیایەدا نییە کە وەکو ئەوان ئاهەنگ وئاوازی عەشق بخوێنێ، چۆن بە ئاوازە دڵنوازەکانی خۆیان من مەست و مەندەهۆش بکەن! ئایا دەشێت لەم جیهانەدا پیاوێکی دی پەیدا ببێت کەئەو هەست وسۆزانە بە وشە و موسیقا دەرببڕێت؟ ئائا ئەگەر کەسێک نەزانێ چۆن نەغمەێن ئاسمانی بە عەشقێن زەمینی ئاوێتە بکات، دەتوانێ خۆشەویستی بکات و ئایا تەنیا خۆشەویستی ئەو جۆرە پیاوە بەسە؟ ئەو دووپیاوە، بەباشی ئەم ڕەمزەیان دەزانی، زۆرچاک دەیانزانی چۆن بچنە دڵی ئافرەتێکەوەو ڕوحی بێننە حاڵ و جەزمە، ئەوانە ئەم کارەیان بە موسیقا و شیعرەکانیان ئەنجام دەدا.

بەڵێ، لەگینە لە عەشق وهەستەکانی مەدا، خەون و خەیاڵ لە واقیع زاڵتر بووبێ، بەڵام ئەو خەون و خەیاڵانە ئێمەی دەگەیاندە سەرووی هەورانەوە، لەکاتێکا حەقیقەت و واقیع، هەمیشە ئێمە لەنێو ناکامیەکانی ژیانی سەرزەمیندا دەهێڵنەوە، ئەگەر خەڵکانێکی دیکە بیان توانیبا پتریان خۆش بوێم، ئەوا تەنیا ئەو دووکەسە بوون کە هەستکردن بە عەشق و پەرستنی عەشقیان فێری من کرد.

لەناکاوا دەنگی تێکشکا وکەوتە گریان، لێشاوی فرمێسکەکانی کەلە خەمێکی تاڵەوە سەرچاوەی دەگرت، بەئارامی و بەبێدەنگی دەڕژا، من وام نواند کە گریانەکەی ئەو نابینم و دووبارە لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمە دوور، دوای کەمێک لەسەری ڕۆیی:- دەزانی بەڕێز زۆربەی خەڵکی دڵ وڕوحیان دەگەڵ بەدەنیاندا گەشە دەکات و پیر دەبێت، بەڵام من وانەبووم، بەدەنی داماو و زاری من شەست ونۆ ساڵە، بەڵام دڵم دەڵێی تەنیا بیست ساڵ لە عەمری ڕۆییوە و لەبەر ئەوەیە کەمن ئەمڕۆکە بەتەنیا لەنێو ئەم گوڵ و خەونانەی خۆمدا دەژیم.

جارێکی دی بێدەنگیەکی دوور ودرێژ باڵی بەسەردا کێشاین. دوای مودەتێک ئەو توانی خۆی هێور بکاتەوە و دووبارە و بەهەمان ڕووی خەندانەوە قسەم دەگەڵدا بکات، گوتی:

– جا بەڕێز، ئەگەر تۆ بزانی، وەختایەک هەوا خۆشبێ، من شەوانی خۆم چۆن بەسەر دەبەم، خوا دەزانێ چەند بەمن پێدەکەنی، باوەڕبکە خۆم شەرم لە شێتاتی خۆم دەکەم و هەندێجار دڵم بە بێنەوایی خۆم دەسووتێت.

چەندم هەوڵ لەگەڵی دا کە چیرۆکی شەوانی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە قەبووڵی نەکرد، هەستام بڕۆم، بەسەرسامی گوتی:- بەڕێز، هەروا زوو دەتەوێ بڕۆیت، بەخودا من ڕازی نابم.

پێمگوت کەبەنیازم شێو لە مونتیکارلۆ بخۆم و ئەو بەشەرمێکەوە پرسی:- باشە ناکرێ شێو لەگەڵ مندا بخۆی؟ بەوکارەت دڵی من زۆر خۆشدەکەیت.

یەکسەر دەعوەتەکەیم قەبووڵ کرد، زۆر خۆشحاڵ بوو ولەزەنگی داو دوای ئەوەی چەند سووکە دەستوورێکی بە کارەکەرەکەی دا، بەمنی گوت کە حەزدەکەم ماڵەکەی خۆمت نیشانبدەم.

لەبەردەم ژووری نانخواردنەوە دەرگایەک بەسەر هەیوانێکا دەکرایەوە، میچی هەیوانەکە شووشەبەند بوو، دەوروبەری پڕبوو لە گوڵ و گیا و ڕووەکی جۆراوجۆر، ئەم هەیوانە ڕێک لە بەرانبەر نارنجستانێکی گەورەدا بووم کەتا بناری شاخێک دەڕۆیی، تەختێکی نزمیش کەلەژێر بنجە گوڵاندا دیار نەبوو، ڕێک بەرانبەر هەیوانەکە دانرابوو، ئەکتەری دان عەمر لەسەر ئەم تەختە ڕۆدەنیشت.

ئەوسا چووین بۆ باخەکە تا تەمەشای گوڵان بکەین. شەو بەرەو ئارامی دەڕۆیی، یەکێک بوو لەو شەوە ئارام و گەرمانەی کە هەرچی عەتر وبۆنی خۆشی ڕووی زەمین هەیە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. وەختایەک لەپشت مێزەکەوە دانیشتم دنیا تەواو تاریک بووبوو. شێوەکە، شێوێکی زۆر عال بوو، ماوەیەکی زۆرمان بە خواردنەکەوە بردەسەر، من و جولی رومن بووبووین بە دوو دۆستی گیانی بەگیانی، لە دڵی خۆما هەستم بە خۆشەویستیەکی تایبەتی بەرانبەری دەکرد، دوای ئەوەی پێکێک شەرابی نۆشی گەرمتر بوو، زیاتر کرایەوە.

دوای ماوەیەکی کەم گوتم:-خانم، تکادەکەم، ئەم حیکایەت و ماجەرایەم بۆ بگێڕەوە، ئەم ڕازە چییە کەبەو ئاوایە لەمنی دەشاریتەوە؟ بیگێڕەوە، قەولت دەدەمێ و سوێندت بۆدەخۆم کە پێنەکەنم.

سووکە هەڵوەستەیەکی کرد، دەستە سارد وچرچ و لۆچەکانیم گرت و یەک یەک ماچم کردن و بەتاسەیەکی ئەوتۆوە ماچم کردن کە ئەگەر عاشقەکانی زندووبان وایان نەدەکرد، کە ئەو میهرومەحەبەتەی منی بینی ڕاچڵەکی، بەڵام هێشتا هەر دوودڵ و بێدەنگ بوو، ئەنجام بە شەرمێکەوە گوتی:- لەبیرت نەچێ قەولت دا کە پێنەکەنیت.

هەنگێ قۆڵی گرتم و بەدووقۆڵی بۆبەر هەیوانەکە چووین، دیمەنی نارنجستانەکە بەو لقە پڕ بەرانەوە زۆرجوان و شاعیرانە بوو، مانگ، گەردی زیوینی بەسەر لق وگەڵا وشکۆفەی درەختەکانەوە دەپژراند و ئەم نەوار وشریتە درەخشانە وەکو شریت وهەودای زیوین، لەبەینی گوڵ ولقی درەختەکانەوە دادەخزی و دەڕژایە سەر ئەرزە نمسار ونمناکەکە، شکۆفەێن بۆنداری نارنج و پرتەقاڵ هەواکەیان پڕکردبوو لە بۆنی خۆش و لەزەتبەخش، هەزاران گوڵە ئەستێران، وەکو ستێرانێک کەبە عاردییەوە وەرکرابن، لەسەر ئەرزەکە دەدرەوشانەوە. من بێئەوەی لەدەستی خۆمابێ هاوارم کرد: کە شەوێکی جوانە، شەوی ئاشقێنییە!

ئەو بەبێ سەبری دەستی منی گرت و بزەیەکی کرد وگوتی:

– ئایا کات وشوێنی لەمە باشتر و لەبارتر بۆ ئاشقێنی هەیە؟ کوا کەمێ سەبر بکە، هەنووکە ئەو دیمەنە دەبینی.

منی لەلای خۆیەوە دانا و لەبن لێوانەوە لەسەری ڕۆیی:

– ئاخر یادەوەری ئەو دیمەنانەیە کەمن وادار دەکات ئەفسووس بۆ تەمەنی ڕابردوو بخۆم، بەڵام ئێوەی پیاوانی ئەم زەمان ورۆژگارە بەزەحمەت دەتوانن، وێنای ئەو خەون و دیمەنە جوانانە بکەن. ئێوە چوزانن ژیان چییە؟ تەنیا بەدوای پارەدا ڕادەکەن وکار دەکەن، ئێوە تەنانەت بەڵەد نین کەچۆن دەگەڵ ئێمەی ژناندا بەرخورد بکەن و قسەبکەن، کە دەڵێم " ئێمە " مەبەستم ژنانی گەنجە. ئەمڕۆ عەشق سۆز، لەپارە و جل وبەرگی ناوازەدا دەبینرێ، ئەگەر ئێوەی پیاو پارەیەکی مۆڵ لە شوێنێکی دیکە بدینن، یان هەست بە بەرژەوەندییەکی زیاتر بکەن، یەکسەر دەستبەرداری ماشقەکەی خۆتان دەبن، بەڵام ئەگەر ژنێک بەلایەقی پارە خەرج کردن بزانن، بۆی خەرج دەکەن، ئاخر ئەمە چ ڕەوشێکی جوامێرانە و چ عەشقێکی ئاگرینە!

هەنگێ دەستی گرتم وگوتی:- دەیسا ئێستا تەمەشاکە.

دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنم لەهەنبەر خۆدا بینی، ڕاچڵەکیم و لەهەمان کاتدا پێم خۆشبوو.

لە بەرانبەرمانەوە، لەسایەی شکۆفەێن بەهارنارنجان و ڕێک لەو شوێنەوە کەلە تریفەی مانگا نقوم بووبوو، کیژ و کوڕێکی گەنج بەرەو لای ئێمە دەهاتن، ئەو دووانە دەست لەنێو دەست و بەئارامی بەژێر هەیڤە شەوەکەدا دەهاتن. هەندێجار سێبەری دار ودرەختەکان دەکەوتە سەریان و هەندێجار لە تریفەی مانگەکەدا نقوم دەبوون، بۆ چرکەیەک لە تاریکیەکەدا ون بوون، لێ دووبارە هاتنە پێشترەوە. کوڕەکە جلکێکی سپی ساتینی سەردەمی ڕابردووی لەبەربوو، کڵاوێکی گەورەی لەسەر بوو، پەڕێکی وشترمری بە کڵاوەکەیەوە

کردبوو، کیژەکەش، تەنوورەیەکی دەڵبی لەبەرکردبوو، گێسوەکانی بە شێوازی ژنانی سەردەمی ڕابردووڕازاندبووەوە. ئەنجام ئەم دوو تاپۆیە لە سەد شەقاوی مەدا ڕاوەستان و لەوێندەر دوای ئیکلامێک بەجۆش وخرۆشەوە یەکدیان لە هەمێز گرت.

لەناکاوا من هەر دوو پێشخزمەتی ماڵەکەم، واتە خزمەتکار وکارەکەرەکەم ناسینەوە! هەنگێ پێکەنینێکی وەها گرتمی کەخۆم پێ بەرزەفت نەکرا. بەڵام وێڕای ئەوەش خۆم گرت و پێنەکەنیم، هەرچۆنێ بوو خۆم گرت تا پاشماوەی ئەم دیمەنە سەیر و نائاساییە ببینم.

عاشق و مەعشووق نها، بەرەو ئەوسەری باخەکە دەڕۆیشتن و دوور کەوتنەوەی وان، ئەم دیمەنەی جوانتر و دڵنەوازتر دەکرد، بەرەبەرە دوور ودوورتر کەوتنەوەو ئەنجام وەکو تارماییانێک کەلە خەوا بیانبینم، لەبەرچاوم ون بوون.

باخەکە و جادە دوور ودرێژەکەی، بەبێ ئەم جووتە دڵدارە چۆڵ و تەنیا دەهاتە بەرچاو.

منیش هەستام وخواحافیزیم کرد، پەلەم بوو کە بڕۆم و ئەوان نەبینم چونکە دەترسام ئەم دیمەنە هێندە درێژە بکێشێت کە پیرەژن هەموو ڕابردووی خۆی وەبیر بێتەوە و ڕابردووی ئەفسانەیی و خەیاڵ ئاسای کە هێشتاش بە هەڵە جوان ودڵڕفێن دەهاتە بەرچاوی ئەو.... هەنگێ ئاگری خامۆشی دڵی ساردی ئەم ئەکتەرە پیرە دووبارە بڵێسە بسەنێت و خوانەخواستە بیەوێ من وەکو دوایەمین مەعشووقی خۆی هەڵبژێرێت...

# موڕاسیل

گۆڕستانەکە پڕبوو لە ئەفسەران و لە مەزرایەک دەچوو کە یەکپارچە گوڵ بێ. ئەفسەرەکان بە کڵاوێن عەسکەری و پانتۆڵێن سوور و، چەک و دوگمەی زێڕین و قەیتانی شان و ئەستێرەکانی سەرشانیانەوە، بەناو قەبرەکاندا دەسووڕانەوە، لە حاڵێکا خاچە ڕەش و سپیەکان، باسکی مەڕمەڕی یا دارین و ئاسنینی خۆیان بەنیشانەی ئەزیەتباری بەسەر قەبری خێڵی مردووانی، لەژێر خاکاڕێزودا، کردبووەوە.

ژنەکەی عەقید " لیموزن " یان چەند چرکەیەک لەوەپێش بە خاک سپاردبوو. ئەم ژنە پێری بەدەم مەلەکردنەوە لەئاوا خنکابوو، ئیدی هەمووشتێک تەواو بووبوو، کابرای قەشەش ڕۆیی بوو، بەڵام عەقید لیموزن، کە دووکەس لە هاوپیشەکانی ژێربالیان گرتبوو، بەدیار چاڵێکەوە وەستابوو و هێشتا ئەو تابووتە داربەڕووەی لەبنی چاڵەکەدا دەبینی، ئەو تابووتەی کە جەستەی بێگیانی ژنە گەنجەکەی ئەوی لەخۆ گرتبوو.

عەقیدی پیر، پیاوێکی باڵابەرزی باریک و بنێس بوو، سمێڵێکی پڕی سپی هەبوو، سێ ساڵ لەوەپێش، زەماوەندی دەگەڵ کچی هاوڕێیەکی خۆیدا بەنێوی عەقید " سورتی " کردبوو، ئەم کیژەیان دوای مردنی بابی، بە هەتیوخانەیەک سپاردبوو و لەوێندەر گەورە بووبوو.

ئەو ملازم ونەقیبەی کە ژێربالی فەرماندەکەی خۆیان گرتبوو، دەیانویست فەرماندەکەیان لەوێ دووربخەنەوە، بەڵام پیرەمێر قاییل نەدەبوو: ڕوندک زایی بووە چاوانی، ڕوندکێک کە مەردانە مقاوەمەتی دەکرد و نەیدەویست برژێ، لەبن لێوانەوە دەینالاند ودەیگوت:- نا، نا، وازبێننباتۆزێکی دیکەش لێرە وەمێنم!

ڕژد بوو لەسەر ئەوەی لەوێندەر وەمێنێ، بەدیار ئەو چاڵەوە وەمێنێ کە وای وێنا دەکرد بنی نییە ودڵ و ژیانی و هەرچیەکی لەم دنیایەدا هەبووە، قووتی داوە، ئەژنۆکانی چەمی بوون.

لەناکاوا جەنەڕاڵ " ئۆرمون " لێیان نزیک بووەوە، باسکی عەقیدی گرت ولەحاڵێکا بەخورتی ئەوی بۆلای خۆی ڕادەکێشا ولەوێندەری دووردەخستەوە گوتی:

-وەرەبابڕۆین،وەرەهاوپیشەیکۆنم،نابێلەوەپیترلێرەوەمێنیت.

عەقید، ناچار بەگوێی کرد و بۆ ئاپارتمانەکەی خۆی، کەلە گەڕەکی ئەفسەران بوو گەڕایەوە. وەختایەک دەرگای ئۆفیسەکەی کردەوە و وەژوورکەوت، چاوی بە نامەیەک کەوت کەلەسەر مێزەکەی بوو، پاش ئەوەی نامەکەی هەڵگرت چیوای نەمابوو، لەسەرسامی و حەپەسانا بکەوێتە سەر ئەرزەکە، چونکە یەکسەر دەست وخەتی ژنەکەی ناسییەوە، نامەکە مۆری پۆستەخانە و بەرواری هەمان ڕۆژی پێوەبوو، بەپەلە زەرفەکەی هەڵپچڕی و ئەمەی خوێندەوە:

بابۆ: ڕێگەم بدە دووبارە وەکو جاران بە بابۆ ناوت بەرم! کاتێ کە ئەم نامەیە بەدەستی تۆ دەگات من مردووم ولەژێر خاکا حەواومەتەوە. بەمجۆرە پێموایە ڕەنگە بمبوری. نا، نامەوێ هەستی بەزەییت بجولێنم یان گوناحەکەی خۆم بچووک و بێ بایەخ پیشانبدەم، بەڵکو تەنیا دەمەوێ حەقیقەتێکت، بەتەواوەتی، بێ هیچ پێچ

وپەنایەک، بێ زیاد وبێکەم پێ بڵێم، بەهەموو ڕاستگۆیی هەستی ژنێکەوە، ژنێک کەیەک سەعاتی دی خۆی دەکوژێت، پێ بڵێم.

ڕۆژێ کەتۆ بەهەموو مەردی ورەندی خۆتەوە زەماوەندت دەگەڵ مندا کرد ومنیش بەهەموو ئەمەکدارییەکەوە خۆم ڕادەستی تۆکرد و بە هەموو دڵێکمەوە، دڵی کچانە و بێگوناهی خۆمەوە عاشقی تۆ بووم، تۆم خۆش ویست، وەکو چۆن باوکم خۆش ویستبوو، ڕەنگە زیاتریش، تا ئەوە بوو ڕۆژێک لە حاڵێکا لەباوەشت دانیشتبووم و تۆ ڕاتدەمووسیم، بەپێچەوانەی مەیلی خۆمەوە، تۆم بە بابۆ ناوبرد، بەڵام ئەمە هاواری دڵی من بوو، هاوارێک کەبەبێ ویستی خۆم لەدنیای غەریزەی منەوە هەڵقوڵابوو، چونکە لەڕاستیا تۆ بابی من بوویت و جگەلە باب، هیچ مانایەکی ترت بۆمن نەدەگەیاند، هەنگێ پێکەنیت و گوتت:

-کیژم،هەمیشەبەمناوەوەگازمبکە،لەزەتلەووشەیەدەبینم. دوایماوەیەکبۆ شار هاتین، بابی میهرەبانم، بمبورە کە ئەم حەقیقەتە دەگێڕمەوە، بەڵام هیچ چارەیەکی ترم نییە، دوای ئەوەی هاتینە شار من عاشق بووم، ئاه، خۆزگە دەتزانی چ ماوەیەکی درێژ مقاوەمەتم کرد، ڕەنگە دوو ساڵ پتر مقاوەمەتم کردبێ، بەڵام ئاقیبەت سەبر وحەوسەڵەم نەما وبەمەیلی خۆم گاناهم کرد و بووم بە ژنێکی دۆڕیاگ و ئابڕو تکاو.

دەتەوێ ئەو بناسیت؟ هەرگیز بیرت بۆی ناچێت. چونکە تۆ زۆر چاکت لەبیرە کە دوازدە کەس لەم ئەفسەرانە چۆن دەوری منیان دابوو و تۆ ناوت نابوون، ئەو ئەستێرانەی بەدەوری خۆرا دەسووڕێنەوە.

بابۆ، هەوڵمەدە ئەو پیاوە بناسیت، ڕقیشت لێی نەبێت، چونکە ئەو کارێکی کردووە کە هەر پیاوێکی دی لەجێگای ئەو بوایە، هەمان کاری دەکرد، بەم جیاوازییەوە کە دڵنیام ئەویش منی بەهەموو دڵییەوە خۆشدەوێ.

بەڵام گوێ بگرە با بۆتی تەواوبکەم! ڕۆژێک لە گراڤی ( بکاس ) ژوانمان هەبوو، هەمان ئەو گراڤە بچووکەی کەنزیکی ئاشەکەیە. من ناچاربووم بەمەلە خۆم بگەیەنمە ئەوێندەر و ئەو لە بێشەیەکدا چاوەڕوانی دەکردم بدینم و پاشان ئەو دەبوایە تا دنیا تاریک دەبوو لەوێندەر ماباوە، تا کەس لەگەڕانەوەدا نەیبینێ. تازە گەیی بوومە لای کەلە ناکاوا لق وپۆپی ئەو دەوەنەی کە کەوتبووە پشت مەوە، لێکدی بڵاوبوونەوەو " فلیپ " ی موڕاسیلی تۆمان بینی کە هاتبووە تاقیبمان، هەرکە ئەوم بینی ئیدی هەستم کرد کە ئێمە هەردووکمان تیاچووین و هاوارێکی بەرزم کرد، هەنگێ عاشقەکەم بەمنی گوت: " گیانەکەم تۆ بزڤڕەوە، بەمەلە خۆت بگەیەنە ئەوبەر و بۆماڵ بڕۆرەوە ومن بەتەنیا لەگەڵ ئەم پیاوەدا بەجێ بێڵە. "

وەختایەک بەدەم مەلەوە لە گراڤەکە " دورگە " دوور دەکەوتمەوە دووچاری دڵەڕاوکێیەکی ئەوتۆبووم کە لەزگ بوو بخنکێم و، من بۆماڵ بۆلای تۆ گەڕامەوە، هەر ساتێک چاوەڕوانی کارەساتێ بووم.

ڕێک سەعاتێک دوای هاتنەوەم بۆ ماڵێ، فیلیپ خۆی بەژووری پێشوازیدا کرد و بەدەنگێکی نەوی ولەبن لێوانەوە گوتی: " خانم ئەگەر هەر نامە و ڕاسپاردەیەکت بۆ عاشقەکەت هەیە بیدە بەمن، من لەخزمەتی خانمدام. " هەنگێ زانیم کەئەو خۆی فرۆشتووە و عاشقەکەی من توانیویەتی ئەو پیاوە بکڕێت.

لەوە بەدواوە هەموو ئەو نامانەی بۆ عاشقەکەمم دەنووسین، دەدا بە ئەو و ئەو وەڵامی ئەو نامانەی بۆ دێنامەوە. ئەم ڕەوشە دوو هەیڤان بەردەوام بوو. ئێمە متمانەی تەواومان بەو هەبوو، وەکو چۆن تۆش متمانەت پێی هەبوو.

نها بابۆ، گوێ ڕادێرە، بەشی سەرەکی سەربهوردەکە لێرەوە دەست پێدەکات: ڕۆژێک لەهەمان گراڤ دا کەبە مەلە بۆ ئەوێندەر دەچووم تا دڵدارەکەم بدینم، لەجیاتی دڵدارەکەم، موڕاسیلەکەی تۆم بینی کە بەتەنیا چاوەڕوانی دەکردم. وەختێ منی بینی گوتی ئەگەر ڕادەستی نەبم، هەموو نامەکانی ئێمە، کەلەنک خۆی هەڵی گرتوون و نەیگەیاندوون، ڕادەستی تۆ دەکات.

ئاە بابۆ، بابۆ لەترسا حەوانەوەم لێهەڵگیرا، ترسێکی لە ڕادەبەدەر، ترسێکی کرێت و بێمانا. ترسێکی باڵاتر لەهەموو ئێوە، ئێوەیەک کە ئەوەندە بەرانبەر بەمن باش و میهرەبان بوون و من فریوم دابوون، ترسێک کە پەیوەندی بەویشەوە، بە عاشقەکەمەوە هەبوو، کە نەبا بیکوژیت، ڕەنگە ترسەکە سەبارەت بە خۆیشم بووبێ، ئیدی چوزانم، شێت بووبووم. هەوڵی گیان و نائومێدی سەراپای داگرتبووم، بیرم کردەوە کە باشتر وایە جارێکی دیکە ئەم پیاوە بودەڵەیە، کە عاشقی من بووبوو، بکرم، چەند شەرم و شوورەییە! ئێمە چەند لاواز و زەبوونین، ئێمەی خێڵی ژنان، زۆر زووتر لە ئێوەی پیاوان، ئەقڵمان لەدەست دەدەین، وەختێک ژنێک دەکەوێ، خۆی دەدۆڕێنێ، جار لەدوای جار زیاتر بە قوڕا دەچێ. چما دەمزانی چ دەکەم؟ تاقە شتێک کە دەمزانی ئەمە بوو کە یەکێک لە ئێوەو خودی منیش دەبێ بمرین و بەو حاڵەوە بوو کەبە ناچاری خۆم ڕادەستی ئەم حەیوانە هۆڤیە کرد. هەنگێ، هەنگێ، هەنگێ ئەوەی من پێشبینیم کردبوو، ڕووی دا، ئەو نە جارێک و نە دووجار، بەڵکو هەموو ڕۆژێک، هەرکاتێ بیویستبایە بە هەڕەشە و ترساندن هاوبەخەڵی دەگەڵ دەکردم، بەکاوەخۆ لەزەتی لە بەدەنی ڕووت و قووتم دەبینی و سوارم دەبوو، ئەویش وەکو ئەوی دی عاشقم بووبوو، هەموو ڕۆژێ سەرجێی دەگەڵ دەکردم، بابۆ ئەمە مایەی شەرمەزاری نییە؟ ئاە کە عەزابێکی ترسناک بوو!

بەمجۆرە، هەموو شتێک بۆمن تەواو بووە، ئیدی دەبێ بمرم، نەمێنم لە دنیایێ. تالە دنیادا بام نەمدەتوانی دان بەم تاوانەدا بنەم کە سەبارەت بەتۆ کردبووم. بەڵام دوای مردن، جورئەتی هەموو کارێکم هەیە. جگەلە مردن هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو، هیچ شتێک نەیدەتوانی من بشواتەوەو پاکم بکاتەوە، بەهیچ شتێک پاک نەدەبوومەوە، بەجۆرێ گڵاو نەبووبووم کەلە پاکبوونەوە بێم! ئیدی نەمدەتوانی کەسم خۆشبوێ، مەحاڵ بوو خۆش بویسترێم، وام دەهاتە بەرچاو کە ئەگەر دەستم، تەنیا دەستم بەر هەرکەسێک بکەوێ، ئەویش گڵاو دەبێ.

نها گەرەکمە بۆ مەلە و حەمام بڕۆم و، ئیدی ناگەڕێمەوە، ئەم نامەیە لەڕێگای عاشقەکەمەوە بۆتۆ فڕێ دەکەم، دوای مردنم دەگاتە دەستی ئەو و هەنگێ ئەو بێئەوەی کەس پێی بحەسێت بۆتۆی فڕێدەکات، تا دوایەمین داوای منیش ئەنجام بدات و تۆکە لە گۆڕستان گەڕایتەوە، نامەکە دەبینی و دەخوێنیتەوە.

ئیدی خوداحافیز بابۆ! ئیدی هیچی ترم نییە پێتی بڵێم. هەرچیەکت دەوێ بیکە، بەڵام گەردنی من ئازا بکە، بمبورە.

***

عەقید، هەنیەی کە یەکپارچە ئارەقە بوو، سڕی. لەناکاوا سەبر وهەداری هەمیشەیی خۆی بەدەست هێنایەوە، هەمان سەبر و هەدارێ کەتەنیا لەبەرەی شەڕا بۆی دەهات، دەستی درێژ کرد ولە زەنگی دا.

دەرگاوانەکەی هاتەژوورەوە. عەقید گوتی:- بەفیلیپبلێیبابێت.

هەنگێ چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا. دوای تۆزێک فیلیپ هات. سەربازێکی زەلامی سمێڵ سووری، نیگا فێڵاوی بوو.

عەقید، ڕێک چاوی لەدوڕ چاوانی بڕی وبەدەنگێکی وشک گوتی:- پێمبڵێناویعاشقێژنەکەیمنچیبوو؟

-بەلام،جەنابیعەقید...

عەقید، دەمانچەکەی لەچاوی نیوەکراوەی مێزەکەی دەرهێنا وهاواریکرد:

-خێراپێمبڵێ،بەخۆتدەزانیمنئەهلیشۆخی نیم!

- بەسەرچاوجەنابیعەقید،نەقیب " سنتئالبیرت " بوو.

هێشتا دوا حەرفی ئەم ناوە بەسەر دەم ولێویەوە بوو، کە تیشکێک لەنێو هەردوو چاویا درەوشایەوە و بەدەما کەوتە سەر ئەرزەکە. هەنیەی بە گوللە دیواودەر بووبوو.

# شێت؟

ئایا من شێتم یان حەسوود؟ نازانم کامیانم، بەڵام زۆر پەشیمانم، لەوپەڕی عەزابام. من تاوانێکم کردووە، ڕاستە تاوانێکم کردووە، تاوانێکی شێتانە، بەڵام، ئایا ئەو حەسوودی و غیرە گەوجانەیە، ئەو عەشق وڤیانە شەهوانیە، ئەو ڕیسوایی وشکستە، ئەم ئازار وئاسیوە ترسناکەی کەمن تەحەموولی دەکەم، بەس نییە بۆ ئەوەی هەرکەسێک ناچاری تاوان بکات، بێئەوەی بە تەبیعەت تاوانکار بێ؟

پەح کە ئەزیەتم خواردووە، بەبەردەوامی و بەهەموو بوونمەوە ئەزیەتم کێشاوە. من ئەم ژنەم شێتانە خۆشدەویست، بەڵام با بپرسین و بزانین، ئایا ئەمە ڕاستە، ئایا من ئەوم خۆشدەویست؟ نە، نە! ئەو ڕوح و جەستەی منی داگیر کردبوو، من گەمەی دەستی ئەو بووم و ئێستاش هەروام، ئەو بەزەردەخەنەکەی خۆی، بەنیگای خۆی و بە شەکڵ و شێوەی ئاسمانی ئەندامی خۆی فەرمانڕەوایی منی دەکرد. من دژی دەسەڵاتی بەدەنی و جازیبەی شەهوانی ئەو دەجەنگم، بەڵام نەفرەت لەو ژنە دەکەم کە خودانی ئەو لەش ولارە بوو، بەنەفرەتی دەکەم، لێی بێزارم. هەمیشە لێی بێزار بووم، بەنەفرەتم کردووە. چونکە ئەو جگەلە ئافەریدەیەکی پیسی چەپەڵ، خیانەتکار، حەیوان سیفەت و پیس هیچی دی نییە، یەکێکە لەو ژنانەی هەر بۆ نەمان باشە، حەیوانێکی تاوانبار و شەهوەتپەرست کە روحی تیانییە، حەیوانێکی بە ڕواڵەت ئینسانە، بگرە لە حەیوانیش کەمترە، خەرمانێک گۆشتی ئاوێتە بە ڕیسوایی و نەنگە. هەوەڵین مانگەکانی ئاشنایەتیمان زۆر خۆشبوو. لە باوەشی ئەودا مەیلێکی لەبن نەهاتوو و شێتانە بەجۆرێ سستی دەکردم کە ئاگام لەخۆ نەدەما، چاوەکانی لێومیان بەرەوخوار ڕادەکێشا، وەکو ئەوەبوو تینوویەتیم بشکێنن، ئەم چاوانە لەدەمی نیوەڕۆدا کەوەیی بوون، لە سپێدەدا سەوز هەڵدەگەڕان، سەوزێکی تێر، لەکاتی خۆرهەڵاتنا شین دەبوون. من شێت و دین نیم و سوێند دەخۆم کە چاوەکانی بەو سێ ڕەنگە بوون.

لەدەمی عەشقبازی و عاشقێنیدا، وەکو ئەوەی جەزرەبەیەکی توندیان وێکەوتبێت، شین هەڵدەگەڕان، شینێکی تۆخ، بیلبیلەکانی دەکرانەوە و حاڵەتێکی تورەییان پەیدا دەکرد، لێوەکانی دەلەرزین و زۆرجار سەری زمانە سوورە نمناکەکەی کە وەکو زمانی مار، دەجووڵا، دەبینرا، پێڵوە قورسەکانی، بەکاوەخۆ ڤەدەبوون و ئەو نیگا ئاگرینە مەستکەرەی کە منی دین (شێت) دەکرد، دەردەخست.

کەلە باوەشم دەگرت، عادەتم وابوو کە چاو لە دوڕ چاوانی بکەم، دەلەرزیم و، نەک هەر مەیلی لەبن نەهاتگی ڕەفتاری ئەو سەراپامی دادەگرت، بەڵکو لەهەمان کاتدا حەزم دەکرد بیکوژم.

وەختایەک بە ژوورەکەدا هات وچۆی دەکرد، دەنگی هەر هەنگاوێکی لە دڵمدا دەنگی دەدایەوە، وەختێ دەستی بەداکەندنی جلەکانی دەکرد وکراسەکەی لەبەری دادەماڵا ولەپشت ژێرکراسە کەتان و تۆڕەییەکەیەوە، بەدەنی ڕیسوا و ئالوودە، بەڵام درەخشانی ئەو ئاشکرا دەبوو، من لە ئازای ئەندامما، لەلاقەکانما، لە بازووەکانما، لەدڵ و دەروونی گڕگرتووما، هەستم بەجۆرە زەبوونیەکی ئاوێتەبە ترسنۆکی دەکرد.

ڕۆژێ سەیرم کرد لەمن بێتاقەت بووە، لەخەو ڕابوو، ئەوەم لە چاوەکانیا بەدی کرد.

هەموو بەیانیەک، کەلەخەو ڕادەبوو، بە چاوەڕوانی هەمان نیگاوە بەسەریا دادەنەویمەوە، لەحاڵێکا سەبارەت بەم جانەوەرە خەواڵوە کەمنی کردبوو بە کۆیلەی خۆی، سەرڕێژ بووم لە تووڕەیی ونەفرەت و ڕق، چاوەڕوانی هەمان نیگای ئەوم دەکرد، لێ کاتێ ئەو چاوە گەش و شینانەی تێدەبڕیم، ئیدی ئەو نیگا خەماوی و ماندووانە و ئەو دوایەمین نەوازشانەی شەوی ڕابردوو، لەدڵما گڕ وبڵێسەی دەسەند و مەیلی ئاگرینم بەلای ئەوا، تووندتر دەبوو.

ئەو ڕۆژە کاتێ چاوەکانی هەڵێنان، نیگا گونگ و بێ موبالاتەکانیم بینی، نیگایەک کەلەهەر مەیل و هەوەسێک خاڵی بوو و، ئیدی یەکسەر بۆم دەرکەوت کەلەمن بێتاقەت وبێزار بووە. ئەو نیگایەم بینی، ناسیمەوە، هەستم کرد و یەکسەر پەیم بەوەبرد کە هەموو شتێک تەواو بووە و، هەر خولەک و سەعاتێ کە دەبووری، دروستی بۆچوونەکەی منی دەسەلماند و، کە بەدەست و لێوەکانم ئاماژەم بۆدەکرد کەبێ بەلامەوە، بەنەفرەت و بێزارییەوە، برۆکانی وێکدێنایەوە و ڕووی گرژ دەکرد و دەیگوت:

-وازم لێبێنە، تۆ ترسناکی، نەفرەت ئەنگێزی، ناتەوێ بۆ تاقە ساتێک دەستبەردارم بی و بەتەنیا بم؟

هەنگێ هەستم بە غیرە وحەسوودی کرد، حەسوودی وغیرەیەکی پەنهانی تەژی لە بەدگومانی وڕق وبەدخوایی، وەکو حەسوودی و غیرەی سەگێک. زۆرچاک دەمزانی بەخێرایی دێتەوە سەر مەیل وئارەزوو، کە پیاوێکی دی ئەو دێنێتەوە سەر هەوا وهەوەس وئارەزووی دەبزوێنێت، بۆیە غیرەم دەکرد، غیرە وحەسوودییەکی گەوجانە.

من دین ( شێت ) نیم، باوەڕ بکەن شێت نیم! ئیدی بەو دەقەوەو بەدەم چاوەڕوانییەوە تەمەشام دەکرد، نەک لەبەر ئەوەی کەمنی وێڵ کردبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی خەمسارد وبێ موبالات بوو.

هەندێجار پێی دەگوتم:- دڵم لەپیاوان تێک هەڵدێت!

سەد حەیف ومخابن کە ڕاستی دەکرد!

ئیدی لەوەوە، سەبارەت بە خودی ئەو، هەستم بە حەسوودی کرد، حەسوودیم بەبێ موبالاتی ئەو، بەتەنیایی شەوانی، بەهزرینی ئەو، کەدەمزانی چەند گڵاوە، بەهەموو ئەو شتانەی کەلە دنیای خەیاڵدا وێنا دەکرێ، دەبرد. هەندێ ڕۆژ کاتێ بەهەمان چاوانی ماندوو و تامەزرۆوە، کە عادەتەن پڕبوو لە عەشقی گەرم و گوڕی شەوانی مە، خەبەری دەبووەوە، ڕێک وەکو ئەمە بوو کە دووبارە هەوەسێک لە مێشکیا پەیدا بووەو ئارەزووی هێناوەتە جۆش، ئەوکاتانە لە تووڕەییدا هەناسەم سوار دەبوو و مەیلێکی لە مقاوەمەت نەهاتگ و تۆسن سەراپای دەگرتم کە بەر بمە وێزەی و حەسیرمەیدانی بکەم، بە کەشکەژنۆکانم، هەموو ئێسقانەکانی بشکێنم، دەست بنمە بینی و ناچاری بکەم دان بەو ڕازە نەنگینانەدا بنێت کەلە دڵیا هەڵیگرتبوون.

ئایا من شێتم؟ نە.

تا ئەوەبوو شەوێک بە خۆشحاڵی دیتم. حەزم کرد ڕاست و ڕەوان بیڵێم، دڵنیابووم کە سەودایەکی تازە، بەسەریا زاڵ بووە، ڕێک وەکو چۆن دوای نەوازشە عاشقانەکانی من، عادەتی بوو دەلەرزی، بەوئاوایە

دەلەرزی و چاوەکانی دەدرەوشانەوە، دیاربوو لە گڕ وتینی بێقەراری تاسەدا دەسووتا و هەمان بۆن وبەرامەی لێ هەڵدەستا کە لەکاتی عەشقبازیدا، منی شێت و شەیدا دەکرد.

خۆم لەگێلی دا، لێ لەنزیکەوە چاودێریم دەکرد و وێڕای ئەمەش پەیم بەهیچ ڕازێک نەبرد. هیچ ڕازێکم کەشف نەکرد. هەفتەیەک، مانگێک و بگرە یەک ساڵ سەبرم کرد. هەندێجار زۆر شاد و خوڕەم و بەکەیف بوو، هەندێجار لەزەتی لە نەوازشێکی فریبۆک و گۆنگ دەبینی و دووچاری جۆرە بێحاڵی و پەرێشانییەک دەبوو.

ئەنجام پەنام بردە بەر مەزەندە . نا، من شێت نیم، سوێند دەخۆم کە شێت نیم. چۆن دەتوانم ئەم بابەتە باوەڕ نەکردەنی و ترسناکە دەربڕم، چۆن دەتوانم مەبەستی خۆم بگەیەنم؟ ئەوەبوو پەنام بردەبەر مەزەندە:

شەوێک دوای ئەسپ سوارییەکی دوور ودرێژ بۆماڵ هاتەوەو شەکەت وماندوو و پەرێشان لەسەر تەختێکی بەرانبەر منا دانیشت. گۆناکانی بەشێوەیەکی نائاسایی سوور هەڵگەڕابوون. مەمکەکانی قوت خەریک بوون کراسیان دەدڕی، لاقی و ڕانەکانی دەلەرزین و چاوەکانی ئاوسابوون. نە، بەهەڵەدا نەچووبووم. من زۆرجار ئەو نیگایەی ئەوم بینی بوو و باشم دەناسییەوە، ئەو عاشق بووبوو! ئەقڵم لەدەست دا و بۆئەوەی چاوم لە روخساری ئەو نەبێت، ڕووم کردە پەنجەرەکە. یەکێک لە پێشخزمەتەکانی، ئەسپەکەی ئەوی بۆ تەویلەکە دەبرد، ئەو هەستا و لەپشت پەنجەرەکەوە، چاوی بڕییە نێسکە نێسک وسەمای ئەسپەکە تا لەچاو ون بوو، چاوی لێنەگواستەوە، ئەوسا یەکسەر خۆی بەسەر تەختە خەوەکەدا دا وخەوی لێکەوت.

من لەفکران ڕاچووم، بەدرێژایی شەوەکە هەر بیرم کردەوە. عەقڵم لە قوڵایی ڕازێکا سەرگەردان بوو، کەلەبەر قووڵی و ئاڵۆزی خۆی نایەتە دەربڕین و بەیانکردن. کێ دەتوانێ پەی بەڕازی دڵی سەیر و سەمەرەی ژنێکی هەوەسباز بەرێت؟ کێ دەتوانێ هەزرەگی و بێپەروایی باوەڕ نەکردەنی و ڕێگەی ڕازی کردن و ڕابواردنی ئەم جۆرە ژنانە، لە ڕێگەی سەیرترین هەوەسانەوە دەرک بکات؟

هەموو سپێدەیەکی بەیانی، سواری ئەسپ دەبوو، بەچوارناڵە دەشت و دەر، بێشە و دۆڵانی دەدایە ژێر پێوە. هەمووجارێ بە سستی و خاوی – ڕێک وەکو ئەوەی هەموو توانای خۆی لەپاش عەشقبازییەکی گەرم وگوڕ لەدەست دابێت – دەگەڕایەوە. پاشان حاڵی بووم، من غیرەم لە ئەسپەکەی دەکرد، غیرەم لەو شنەبایەی کە ڕوخساری نەوازش دەکرد، لەو گەڵایانەی بەسەر وڕوویا دەرژان و بەو تیرۆژی خۆرەی کەلەبەینی لقێن درەختەکانەوە لە هەنیەیان دەدا، لەو زینەی کەلە ژێریا بوو و هەستی بە گوشاری ڕانەکانی دەکرد، غیرەم لەهەموویان دەکرد، ئاخر هەموو ئەمانە بوون کە ئەویان تا ئەو ڕادەیە خۆشحاڵ دەکرد و دوای ئەوە، بەبەتاڵی و هێچ پێ نەماو بۆلای منیان دەناردەوە! بڕیارم دا تۆڵە بکەمەوە، زۆر سرک و هەستیار بووم. هەرجارێ کەلە ئەسپ سواری دەگەڕایەوە، لە دابەزینا یارمەتیم دەدا و ئەسپەکە بەتووڕەیی و تۆسنی و کینەکێشانە هێرشی بۆ دێنام، بەڵام ئەو بەدەست گەردنی نەوازش دەکرد، پەڕەێن لەرزانی کەپووی ماچ دەکرد بێئەوەی پاشان تەنانەت لێوەکانیشی پاک بکاتەوە، عەتری بەدەنی ڕێک وەکو ئەو دەمانەی کەلە ناو جێگاکەی منابوو، گەرمی پێدەبەخشیم و تێکەڵ بەبۆنی تیژ وحەیوانیانەی ئەسپەکە، بەر پەڕەی لووتم دەکەوت.

چاوەڕوانی هەل بووم. ئەو هەموو بەیانییەک، بەهەمان باریکە ڕێگای هەمیشەییدا – کەبەنێو کاژستانێکی بچووکا کەلەو سەرەوە دەگەییە جەنگەلێکی گەورەو لەناویا گوم دەبوو – تێدەپەڕی. ئەو ڕۆژە بەرلە سپێدە ڕابووم، پەتێکم لەگەڵ خۆدا هەڵگرت، وەکو ئەوەی بۆ دوئێل بڕۆم، دەمانچەکەم خستەژێر کراسەکەمەوە، بەهەشتاو بەرەو هەمان باریکە ڕێگای دڵپەسەندی ئەو چووم، پەتەکەم، بە دوو درەختی ئەم بەر وئەوبەری ڕێگاکەوە بەست، پاشان خۆم لەناو سەوزەزار و دەوەنەجاڕەکەدا شاردەوە.

گوێم  بە ئەرزەکەوە نابوو، وەختایەک گوێم لەدەنگی چوارناڵەی ئەسپەکە بوو کەلە دوورەوە بەتاو دەهات، سەرم هەڵبڕی و سەیرم کرد ئەو بەژێر درەختەکاندا کەوەکو تاق بەسەر سەریەوە هەڵواسرابوو، بەخێراییەکی شێتانە دەهات و نزیک دەبووەوە، گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون و شێتاتی شەهوەت لەچاوانی دەباری.

بەجۆرێ غەرقی شەوق وزەوق وشادی بووبوو دەتگوت لە دنیایەکی دیدا دەسوڕێتەوە. بەهەڵەدا نەچووبووم. خێرایی ئەسپەکە لەزەتێکی تایبەتی پێدەبەخشی و لەجۆش و خرۆشا دەلەرزی.

لەناکاوا، دەستەکانی ئەسپەکە لە تەنافەکە گیربوو و گلا. من بەڕاکردن خۆم گەیاندێ و باوەشم بەوا کرد وبەرزم کردەوە، چونکە من هێندە بەهێزم کە دەتوانم نەک ئەو، بەڵکو گاجوتێکیش لە ئەرزەکە بەرز بکەمەوە. لەهەمان کاتدا بەرەولای ئەسپەکە، کە تەمەشای ئێمەی دەکرد چووم، وەختایەک ئەسپەکە هەوڵیدەدا هەستێتەوەو گاز لەمن بگرێت، دەمانچەکەم نایە پەناگوێیو فیشەکێکم لەسەریا خاڵی کردەوە، وەکو چۆن مرۆڤێک دەکوژن، بەوئاوایە فیشەکەکەم تیا خاڵی کردەوە.

هەنگێ ئەو بۆلای من گەڕایەوەو بەو قامچیەی کەبەدەستییەوە بوو، چەند جەزرەبەیەکی توندی بەسەر وگوێلاکمدا کێشا و لە ئەرزەکەدا غل بوومەوە، کەبۆجاری دووەم پەلاماری دامەوە فیشەکێکم نا بەسەری دڵییەوە.

ئێستا پێم بڵێن، ئایا من شێتم؟

# ئایا خەون بوو؟

ئەوم تا ڕادەی شێتاتی خۆشدەویست. بۆچی؟ زۆر سەیرە کە ئینسان لەهەموو دنیادا تەنیا یەک بوونەوەر ببینێ، تەنیا یەک هزری لە مەژکا بێت، یەک حەز و ئارەزووی لە دڵدا بێ، تەنیا یەک ناوی لەسەر زاربێ- وەکو چۆن ڕوبارێک لە سەرچاوەی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت – ئەم ناوەش بەبەردەوامی لە قووڵایی ڕوحی مەوە هەڵدەقوڵێت و دەکەوێتە سەر زارمان، بەڕادەیەک کەبە درێژایی ڕۆژو، لەهەموو شوێنێ، وەکو وێرد بیڵێینەوە.

من حاڵ و حیکایەتی خۆمان ناگێڕمەوە، چونکە عەشق لەیەک چیرۆک زیاتری نییە و، هەمیشە هەرهەمان چیرۆکە. تەنیا ئەوە دەڵێم کە ئەوم بینی و عاشقی بووم. ئەم ئاماژەیە بەسە، کەسێ کەسە ئەلفێکی بەسە. هەنگێ یەک ساڵی تەواو لەناوجەرگەی عەشق و مەحەبەتی ئەودا، لەنێو باسکەکانی ئەودا، لەنێو نازو نەوازشەکانی ئەودا، لەنێو نیگا سەرگەردانەکانی ئەودا، لەو جلکانەدا کەلەبەری دەکردن، لەقسەکانی ئەودا، لەهەرچیەکا کە ژیانی ئەوی لەخۆگرتبوو و لەهەموو ئەو شتانەدا کە بەشێک لەبوونی ئەوییان پێکدێنا ژیام، یانی بەهەموو بوونمەوە لە – ئەودا – دەژیام، نەمدەزانی شەوە یان ڕۆژ، زندووم یان مردووم، بەسەر ئەم زەمینە کۆنەوەم یان لەدنیایەکی دیکەدام.

هەنگێ ئەو مرد. چۆن؟ نازانم، ئەمڕۆ هیچ شتێک نازانم. شەوێکی بارانی، بە تەڕی، سەراپا لە ئاوا خوساو بۆماڵ هاتەوە، بۆ ڕۆژی دوایی تووشی کۆکە بوو، نزیکی یەک هەفتە کۆکی و پاشان لەجێگادا کەوت.

ئەوسا چی ڕوویدا؟ لەبیرم نەماوە. تەنیا ئەوەندەم لەبیر ماوە کە دکتۆران هاتن، ڕەچەتەیان نووسی و ڕۆیشتن. دەرمانیان هێنا، ژنێک دەرمانەکانی دەرخوارد دا، دەستەکانی تایان لێبوو، گەرم بوون، هەنیەی شەلاڵی ئارەقە بوو وەکو ئاگر دەسووتا، چاوەکانی درەخشان و تەژی خەم بوو.

قسەم دەگەڵ کرد، وەڵامی دامەوە. چیمان بەیەکەوە گوت؟ نها لە بیرم نەماوە. هەموو شتێکم بیر چووەتەوە، هەموو شتێک، هەرهەموو شتێک. ئەو مرد، کە دوا ئاهی هەڵکێشا، بەڕوونی لەیادمە، ئەم ئاهە سستە دوا هەناسەی ئەو بوو و ئیدی گیانی دەرچوو. پەرەستارەکە گوتی: " وای! " ئیدی من هەموو شتێکم بۆ ڕوون بووەوە. لە هەموو شتێک حاڵی بووم.

لەوە بەدواوە ئیدی لە هیچ شتێک حاڵی نەبووم، لەهیچ شتێک، قەشەکەم بینی کەبە ئەسپایی بەمنی گوت: " ئەو ماشقەی تۆ بوو. " هەستم کرد سووکایەتی پێدەکات.

دوای مردن، هیچکەس هەقی ئەوەی نییە ئەم ڕازەی ژیانی ئەو بزانێ و باسیبکات. ئەو قەشەیەم دەرکرد. قەشەیەکی دی هات. پیاوێکی فرە خاس بوو، ڕوحێکی میهرەبان و نەجیبی هەبوو. وەختایەک ئەو دەربارەی مەعشووقەکەم قسەی دەگەڵ کردم، گریام، بەکوڵ گریام.

دەربارەی ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی ئەو، پتر لە هەزارجار پرسیاریان لێکردم و ڕایان وەرگرتم. بەڵام نها پرسیارەکانم لەبیر نەماون، بەڵام تابووتەکەم زۆر بەڕوونی لەبیرە کە چۆن دوای ئەوەی جەنازەکەیان تێخست، بە تەق وهۆڕی چەکوش و بەبزمار سەرەکەیان داکوتی. ئاە، خودایا!

بەهەرحاڵ، ناشتیان. ئەویان لەو چاڵە نا! چەند کەسێک هاتن، چەند کەسێکی دۆست و ناسیاو، من بلەز هەڵاتم، ڕامکرد، بە سەعاتان بە کوچە و کۆڵانەکاندا سوڕامەوە، دوای ئەوە بۆماڵ زڤڕیمەوە، ڕۆژی دوایی سەفەرم کرد.

***

دوێنێ لە پاریس گەڕامەوە. وەختێ دووبارە ژووری نووستنەکەمم بینیەوە، ژووری نووستنەکەمان، تەختەخەوەکەمان، موبێلەکانمان، هەموو ماڵەکەم، کەهێشتاش ئەو نیشانە فانیانەی، کە مەرگ لەدوای خۆی بەجێی دێڵێت، لە خۆ گرتبوو، بینی. خەم وپەژارەیەکی ئەوتۆ سەراپای داگرتم کە لەزگ بوو پەنجەرەکە بکەمەوەو خۆم هەڵباوێمە سەر جادەکە. ئیدی توانای ئەوەم نەبوو لەناو ئەو شتانەدا کە دەوریان دابووم هەڵبکەم، لەنێو ئەو دیوارانەدا هەڵبکەم کە ساڵانێکی درێژ ئەویان لەپەنا خۆ گرتبوو و هێشتاش لەگێن بوو هەزاران گەردیلەیان لە بوونی ئەو، لە هەناسەی ئەو، لە گۆشتی ئەو، لە درزە نادیارەکانی خۆدا پەنهان کردبێت. کڵاوەکەم هەڵگرت تا لەوێندەر هەڵێم. لەناکاوا ڕێک لەو ساتەدا کە گەییمە لای دەرگاکە، بەبەر ئاوێنە باڵا ڕوانەکەی ناو هۆڵەکەدا ڕەتبووم، هەمان ئاوێنەی کە ئەو لە ئەوێندەری دانابوو تا هەموو ڕۆژێ بەرلەوەی لەماڵ وەدەر بکەوێ، لەو ئاوێنەیەدا لە سەراپای خۆی بڕوانێ و ببینێ کە ئایا ئاڕایشەکەی لە پێڵاوەکانییەوە بیگرە تا دەگاتە کڵاوەکەی بەدڵی خۆیەتی یان نا؟

وەکو مردوو لەهەنبەر ئەم ئاوێنەیەدا وەستام، ئاوێنەیەک کە ئەو هەموو وێنەیەی ئەوی نواندبوو. ئەو هەموو وەختە، ئەو هەموو وەختە بەو ئەندازەیەی کە نها ئەوی لەخۆ گرتبوو.

لە حالێکا سەراپام دەلەرزی و حالّم تەواو پەرێشان بوو، لەوێدا وەستام. چاوم بڕییە ئاوێنەکە، لە قوڵایی ساف و یەکهاوی ئاوێنەکە ورد بوومەوە کە لەوساتەدا خالّی خالّی بوو، بەڵام هەموو بوونی ئەوی لەخۆ گرتبوو، سەراپای بوونی ئەوی وەکو من داگیرکردبوو، ڕێک بەهەمان ستایلی کە نیگا تامەزرۆ وتاسەمەندەکانی من ئەوی لەخۆیدا نقوم دەکرد. وام بەبیراهات کە عاشقی ئەم ئاوێنەیەم، دەستم پێدا هێنا- سارد بوو!

ئاخ، چ یادەوەرییانێ، چ یادگارانێک! ئەم ئاوێنە زندووە، پڕ لە بەدبەختی، پڕ لە کول وکۆڤان، ئەم ئاوێنە ترسناکە کە سەدەمی هەموو دەرد وئازارەکانی ئێمەیە. بەختەوەر کەسێکە کە دڵی وەکو ئاوێنەیەکە، ئاوێنەیەکە کە وێنەی هەموو شتێکی تیا دەدرەوشێتەوە و ون دەبێت – هەموو ئەو شتانەی کەلەخۆی گرتووە، هەموو ئەوشتانەی کە بەبەردەمیا تێپەڕیوە، هەموو ئەو شتانەی کە دیتوونی و لەئاوێنەی هەیەجانەکانی عەشقی خۆیدا نواندوویەتی – فەرامۆش دەکات. ئاە کە ئازار دەکێشم.

لەماڵ وەدەرکەوتم و بێئەوەی بمەوێ، بێئەوەی بزانم چ دەکەم، بێئەوەی حەزم لێبێ، وێڵ و سەرگەردان بەرەو گۆڕستان ڕۆیشتم. گۆڕە سادە و ساکارەکەی ئەوم دۆزییەوە، خاچێکی مەڕمەڕی بەسەرەوە بوو، لێیان نووسی بوو:

خەڵکدۆست و خۆشەویستی خەڵک بوو و، مرد.

ئەو لەویٚ بوو لەویٚ، لەژێر ئەو بەردەوە، تۆپەڵێک گۆشتی ڕزیو هەبوو! چەند ترسناکە، هەنیەم نایەسەر ئەرزەکە، لەسەر ئەرزەکە ڕاکشام و بەدەم ناڵین و ئاخینەوە گریام.

ماوەیەکی زۆر لەوێندەر مامەوە، ماوەیەکی زۆر زۆر، ئەوسا هەستم کرد، خەریکە دەبیٚ بەشەو. شەو نزیک دەبێتەوە. یەکسەر ئارەزوویەکی سەیر، لەو ئارەزووانەی کەلەدڵی عاشقی نائومێدا پەیدا دەبیٚ، سەراپای داگرتم. دەمویست شەویٚ لەلای ئەو وەمێنم، ئەم دوا شەوە، بەدیار گۆڕەکەی ئەوەوە بگریم، گۆڕەکەی فرمێسک باران بکەم. بەڵام لەگین بوو بمدینن و دەرم بکەن. چم پێدەکرا؟ کەوتمە بیری ئەوەی فێڵێک بدۆزمەوە، هەستام و لەم شاری گوم بووانەدا کەوتمە گەڕان. ڕۆیشتم، هەر ڕۆیشتم، هەنگیٚ بیرم کردەوە، چ شارێکی بچووک لە هاوسایەتی شارەکەی ئێمەدا، واتا شاری زندووان هەیە! وێڕای ئەمەش ئاکنجیانی ئەم شاری مردووانە، زۆر لەهی شاری زندووان زۆرترە. ئێمە بۆ ژیانی چوار نەوە بەلای یەکەوەو لەگەڵ یەکدیدا پێویستمان بە خانووانی بەرز، جادە و شەقامان، کوچە وکۆلانان هەیە و لەهەمان کاتدا لەزەت لە ڕۆشنایی ڕۆژ دەبینین، ئاوی بەهاری و شیلەی هەنگور دەخۆینەوە، نانی بەرهەمی کێڵگە ومەزرایان دەخۆین.

لەحاڵێکا بۆ هەموو نەوەی مردووان، بۆ هەموو ئەم مرۆڤە گوم بووانە، لەیەکەم ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ، هیچ شتێک پێویست نەبووە، جگەلە دەشتێکی چۆڵ وهۆڵ، کە ئەویش ناکاتە هیچ. زەوی پێشوازیان دەکات و فەرامۆشی دەیانسڕێتەوە. خوداحافیز!

لەکۆتایی ئەم گۆڕستانە پان و بەرین و پڕلە ئاکنجیەدا، لەناکاوا گەییمە گۆڕستانێکی تەرک کراو کە مردووانی ڕۆژگاری زۆر کۆنیان لەوێندەر بەخاک سپاردبوو، دەورانیان بەسەر چووبوو و گۆڕەکانیان دەگەڵ ئاخەکەدا تەخت بووبوو. زۆربەی خاچەکان ڕزی بوون و ئەوەیان نیشاندەدا کە بەوزووانە مردووانی تازە، لەوانەی لە حاڵی مردندا بوون، لەوێندەر دەنێژن. ئەم گۆڕستانە پڕبوو لە گوڵەباخێن کێوی و کۆنە ڕەشە سەروان. باخێکی سەیر و خەمناک بوو کە خاکەکەی بە گۆشتی مرۆڤ، پیت وبەرەکەتی تێگەڕابوو.

بەتەنیا بووم، تەنیای تەنیا، خۆم دایە پەنای درەختێکی سەوز، خۆم لەنێو لق وپۆپە تاریک و چڕەکانیا شاردەوە، وەکو خنکاوێکی کەشتی شکاو، کەخۆی بە دیرەکی بورجی کەشتیەکەیەوە هەڵواسێت، بەوئاوایە خۆم بەقەدی ئەو درەختەوە هەڵواسی و چاوەڕوانم کرد.

وەختایەک تاریکی شەو باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا، لە پەناگاکەم هاتمەدەریٚ وزۆر بە ئەسپایی و بێدەنگی بەناو ئەو سەرزەمینە پڕ مردووەدا کەوتمەڕیٚ. ماوەیەکی زۆر، زۆر زۆر، درێژەم بەگەڕانی خۆم دا، بەڵام ئەوم نەدۆزییەوە. باسکەکانم بەرەو پێشەوە کردبوونەوە، بەچاو، بەدەست، بەپێیان، بە زرانیەکانم، بەسینگ و بەرۆک و تەنانەت بەسەریش، لە گۆڕەکان دەگەڕام، خۆم بە کێلەکاندا دەدا و ملم دەنا، بەڵام بێهودە بوو، ئەوم نەدۆزییەوە. کێلەکان، یەک بەیەک گەڕام، دەستم پێدا دەهێنان، وەکو چۆن کوێرێک بۆ ڕێگا دەگەڕیٚ، بەوئاوایە ڕێم دەکرد، دەستم بە کێلەکان، بە خاچەکان، بە محەجەرەی ئاسنینی دەوری گۆڕەکاندا، بە گوڵدانە شووشەییەکان و بە تاجەگوڵینە چرمسیەکاندا دێنا، هەستم دەکرد و دەڕۆیشتم. نووکی قامکەکانم

بەسەر وشەکانی سەر کێلەکاندا دێنا و، ناوی مردووەکانم دەخوێندەوە. چ شەوێک بوو، چ شەوێکی ترسناک! بەوحاڵەشەوە هەر ئەوم نەدۆزییەوە.

هەیڤ بە حەواوە نەبوو! چ شەوێک بوو! بەنێو ئەو ڕاڕەوە تەنگانەدا، بەنێو دوو ڕیزە کێلدا کە ئەملا وئەولایان گرتبوو، ترس لەسەراپام نیشت، ترس ئەمما ترس، خەریک بوو زراوم بتۆقێ! گۆڕ! گۆڕ! گۆڕ! ڕووت دەکردە هەرکوێیەک، هەر قەبر بوو! لای چەپم، لای ڕاستم، ڕووبەڕووم، هەر چواردەورم، هەموو شوێن وگشت لایەک یەکپارچە گۆڕ بوو! ئەنجام، کە شەکەتی زۆری بۆهێنام و لەماندوویەتیدا دەلەرزیم و نەمتوانی ڕێبکەم، لەسەر تەختە بەردێ دانیشتم. گوێم لە تەپەتەپی دڵم بوو، بەڵام گوێم لە دەنگی دیکەش دەبوو، ئەمە چ دەنگێک بوو؟ دەنگێکی گونگ و بێ ناو! ئایا ئەم دەنگە و لەم شەوە ترسناکەدا، لەمێشکی ترساوی منەوە هەڵدەقولا، یان لەبن ئەو ئەرزە نهێنی ئامێزەوە بەرز دەبووەوە، لەبن ئەو زەوییەوە کە بووبوو بە مەزاری جەستەی بەشەران؟

هەنگێ ڕوانیمە دەوروبەری خۆم. چەند لەوێندەر مامەوە؟ نازانم، لەترسا قەڵەمی دەست وپێم شکابوو، لەترسا بەنج بووبووم، چیوای نەمابوو هاوار بکەم، لەزگ بوو بمرم.

لەناکاوا هەستم کرد، تەختە بەردەکەی ژێرم دەجولێت، بەڕاستی دەجولا، دەتگوت یەکێک لە ژێرەوە تەختەبەردەکەی بەرز دەکردەوە، بەبازێک خۆم گەیاندە نزیکترین کێلی گۆڕەکەی بەرانبەرم و هەنگێ بەچاوی خۆم، بەم چاوانەی خۆم دیتم ئەو بەردەی کە تۆزێ لەوەپێش لەسەری ڕۆنیشتبووم، ڕێک هەڵدرایەوە و مردوویەک لە ژێرییەوە، بەدیار کەوت، ئێسکە پەیکەرێکی ڕووت بوو، کەبە پشتە چەماوەکەی خۆی گوشاری لە تەختە بەردەکە دەکرد و بەرزی دەکردەوە.بەڵێ، بینیم، زۆر بەڕوونی ئەم دیمەنەم بینی، هەرچەند شەوەکەی وەکو قیری ڕەش وابوو، توانیم لەسەر خاچی سەر گۆڕەکە ئەم پەیڤانە وەخوێنم:

ئەمە ئارامگای جاک ئولیڤانە کەلە تەمەنی پەنجا ویەک ساڵیدا ماڵاوایی لەژیان کردووە. پیاوێکی ئەمین وباش بوو کە خانەوادەکەی خۆشدەویست و چووەبەر دلۆڤانی خودێ.

لەم کاتەدا مردووەکە دەستی بە خوێندنەوەی نووسینەکانی سەر کێلەکە کرد، هەنگێ دانەوییەوەو پارچە بەردێکی هەڵگرت، پارچە بەردێکی نووک تیژی لە ئەرزەکە هەڵگرت و زۆر بەووردی کەوتە سڕینەوەی ئەو وشانە. بەکاوەخۆ هەر وشەیەکی دەسڕییەوە و لە قولایی چاڵی چاوەکانییەوە، دەیڕوانییە شوێنی ئەو وشەیە تا هەموو وشەکانی بەتەواوی سڕانەوە. هەنگێ بەنووکی ئێسقانێ کەجاران بەقامکی شادەی دەهاتە ژماردن، کۆمەڵێک وشەی نورانی ( وەکو ئەوەی کەبە دەنکە شقاتەیەکی سووتاو لەسەر دیوارێکی بنووسن ) لەجێگای وشە سڕاوەکان، بەم ناوەڕۆکە نووسی:

ئێرە ئارامگای جاک ئولیڤانە کەلەتەمەنی پەنجا ویەک ساڵیدا، ماڵاوایی لەژیان کردووە. ئەوەندە دڵڕەق بوو کە بابی خۆی بە داخ و مەراقەوە کوشت، بۆئەوەی زووتر بگاتە میراتە زۆر و زەبەندەکەی. ژنەکەی ئازار دەدا، لە کوڕەکەی دەدا، بوختانی بۆ دراوسێکانی دەکرد و تۆمەتی دەدانە پاڵ، هەرکاتێ بۆی لوابا دزی دەکرد، ئاخری بە چرووکی و ئاڵچاخی و سووکی سەری نایەوە.

ئێسکە پەیکەرەکە نووسینەکەی تەواوکرد و ماوەیەک بەبێ جووڵە ڕاوەستا و نووسینەکەی لەسەرێ ڕا تا خوارێ خوێندەوە.

کاتێ کە من سەرم وەرگێڕا و ڕوانیمە دەوروبەری خۆم، سەیرم کرد، هەموو گۆڕەکان کراونەتەوە، هەموو مردووەکان هاتوونەتە دەرەوەو ئەو درۆیانەی کەلەلایەن خزم وکەس وکارەکانیانەوە لەسەر کێلی قەبرەکانیان نووسراوە پاک دەکەنەوە و لەجیاتی ئەوە حەقیقەتی ئەعمالی خۆیان دەنووسنەوە.

هەنگێ زانیم کەهەموو ئەوانە لە دەورانی ژیانا بەڵای گیانی کەس وکاری خۆیان بوون، تومەز ئەم باوکە باشانە، هاوسەرە ئەمەکدارانە، منداڵە ساڵحانە، ئەم کیژە داوێنپاکانە، بازرگانە سەرراست و دروستکارانە و ئەم ژنان و پیاوانەی کەبە خۆشناوی بەنێوبانگن، هەرهەموویان دڵڕەش، ساختەچی، ڕیاکار، درۆزن، بوختانچی، خیانەتکار و حەسوود بوونە وجگەلە دزی و حەرامخۆری و هەرجۆرە کارێکی نەنگین و ئابڕووبەرانە، هیچ کارێکی دیکەیان نەکردووە، تا خراپە وەستابێ بەلای چاکەدا نەچوون.

هەرهەموو ئەمانە بەهاوئاهەنگی ونەزمێکی تایبەتی حەقیقەتی ئەعمالی خۆیان ودڵڕەقی و پوخڵەواتە ترسناکەکانی خۆیان، کە هەرکەسە لە دەورانی ژیانی خۆیدا خۆی لێ نەبان دەکرد و خۆی لە گێلی دەدا، لەسەر کێلی ئارامگای ئەبەدی خۆی دەنووسییەوە.

لەدڵی خۆدا گوتم دەبێ " ئەو " ش هەمان ئەو شتانەی لەسەر کێلی قەبرەکەی خۆی نووسی بێت، لەکاتێکا کەئیدی ترسم ڕەوی بووەوە، بەنێو قەبرە کراوەکاندا، بەنێو جەستەی مردووەکان و بەنێو ئێسکە پەیکەرەکاندا کەوتمە غاردان. بەرەولای گۆڕەکەی ئەو دەڕۆیشتم و دڵنیابووم کە زووبەزوو دەیدۆزمەوە.

ئەوەبوو لە دوورەوە ناسیمەوە، بەڵام ڕوخساریم کەلە کفنەکەوە پێچرابوو نەدەبینی.

وەختایەک گەیمە ئاستی گۆڕەکەی، سەیرم کرد لەسەر هەمان ئەو کێلەی کەلەسەریان نووسی بوو: " خەڵکدۆست و خۆشەویستی خەڵک بوو و مرد. " ئەم وشانە نووسراوە:

شەوێک دڵدارەکەی فریودا و بەمەبەستی خیانەت لەو، لەماڵ وەدەرکەوت، لەبەر بارانا سەرمای بوو ومرد.

***

پێدەچێ، کەلە سپێدەی هەمان شەوا منیان بەبێهۆشی لەپاڵ قەبرێکا دۆزیبێتەوە و بۆ شاریان هێنابووبمەوە.

## نامەێن عاشقێنی

یەک شەممە:

مەعشووقە ئازیزو خرپنەکەی من!

ماوەیەکە نامەم بۆ نانووسیت، دیارنیت، هەرگیز بۆلام نایەیت. ئایا ئیدی خۆشت ناوێم، تەواو؟ بەڵام چما؟ ئاخر من چیم کردووە؟ پێم بڵێ هەی تەنیا عەشقەکەم. من تۆم زۆر خۆشدەوێت، مەگەر خوا بزانێ چەند بەلامەوە ئازیزیت! بەمن بێ هەمیشە لەگەڵما بیت، بەدرێژایی ڕۆژ و، لەو ساتانەدا کەبە هەر ناوێکی جوانەوە دێیتە بیرم ناوت بنەم. حەزدەکەم ڕات مووسم. دەتپەرستم، تۆ دەپەرستم، تۆ دەپەرستم کەڵەشێرە جوانەکەی من.

مریشکی میهرەبانی تۆ

سوفی

دووشەممە:

دۆستی ئازیزم.

هەرگیز هیچ لەوەی کەبەتۆی بڵێم تێناگەیت، بەڵام گرینگ نییە، چونکە ئەگەر ژنێکی دی نامەکەی من وەخوێنێ لەگینە سوودێکی بۆی هەبێ. ئەگەر تۆ کەڕ ولاڵ بوایەی، بێگومان بۆماوەیەکی زۆر خۆشم دەویستی. سەدەم و هۆی ئەوەی پێشهاتووە تەنیا ئەمەیە کە تۆ زمانت هەیە و دەتوانیت قسەبکەیت و تەواو، وەکو شاعیر دەڵێت:

تۆ لەو ڕۆژە دەگمەنانەی کەبەخۆت دەنازیت

تۆ جگەلە ئامێرێکی هیچ، لەژێر ڕەبابەی سەرکەوتووی

منا هیچی دی نەبووی.

و من وەکو ئاهەنگێ کەلە کاسەی دارینی گیتارێکا

دەنگدەداتەوە

خەونەکانی خۆم لە بۆشایی دڵی تۆدا

دێنمە دەنگدانەوە.

دەزانی لە عەشق وڤیاندا دەبێ هەمیشە خەونەکان بهێنرێنە سۆزەی گۆرانی، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم خەونانە بێنە سۆزە نابێ بێڵیت بێنەبڕان و، کاتێ کەسێک لەنێوان دوو ماچدا قسان دەکات، ئەو خەونە سەرکێش و شێتانانە و پڕجۆش و خرۆشانە کە ڕوحمان تیایدا دەخولێتەوەو دەرژێنە ناو یەکەوە، ئیدی پێشگیری لەم پێشهاتە نایەتەکردن، مەگەر لە حاڵێکا کە ئەو وشەێن کورت و بەناوەڕۆک بەیان بکات و، وشەێن کورت و پڕماناش هەرگیز لە فیکری کیژێکەوە داناچۆڕێ.

تۆ بەشێوەیەکی گشتی لەمانای قسەکانی من حاڵی نابیت، وانییە؟ باشتر! وێڕای ئەوەش من قسەی خۆم دەکەم. بێ چەند وچوون تۆ یەکێکی لەو ژنە هەرە جوانانەی کەلە هەموو ژیانما دیتوومن و شایستەی پەرستنی. ئایا هیچ چاوێک لەسەر ڕووی زەوی هەیە کەبە ئەندازەی چاوانی تۆ سەرڕێژ بێ لە خەون وبەڵێنانی نادیار و بە ئەندازەی ئەم چاوانە قووڵ بێ؟ من یەک لەباری خۆم باوەڕ ناکەم. کاتێ کەئەو دەمەی تۆ بەو دوولێوە جوان و کەوانەییەوە، بزەی دێتێ وئەو ددانە ڕێک و درەخشانانەت دەردەکەون، ئینسان ناچاردەبێ بەخۆی بڵێت، هەنووکە لەو دەم وزارە خەیاڵئەنگیزەوە، ئاهەنگی ئەفسانەیی، ئاوازێکی لەڕادەبەدەر ناسک، یان جۆرە نەوایەکی شیرین و دڵپەسند، کەچاوان دێنێتە گریان، دێتەدەرەوە.

بەڵام ڕێک لەودەمەدا کەتۆ من بە مەعشووقە ئازیز و خرپنەکەم ناودەبەیت و، من هەرکە گوێم لەو وشەیە دەبێت، ئیدی دکارم ناو مێشکی تۆ بدینم، تەمەشای ڕوحت بکەم، روحی بچووکی کیژێکی جوان و بچکۆلە... ئەمەیە کەمن بێزار دەکات، دەزانی زۆر بێزارم دەکات و هەنگێ خۆزیا دەخوازم کەئیدی نەخۆت ببینم و نە ڕوح ومێشکت.

هێشتا هەر نازانی چ دەڵێم، وانییە؟ من وا هەستدەکەم کە تێمناگەی.

لەبیرتە یەکەمجار کەبۆ دیتنی من هاتیتەماڵەکەم؟ وەختایەک وەژوورکەوتی، هەورێک لەبۆنی وەنەوشە لە جلەکانت هەڵدەستا. بێئەوەی تاقە یەک وشە بدرکێنین، تەمەشای یەکدیمان کرد، دوای ئەوە شێت ئاسا یەکترمان لە ئامێز گرت... و ئیدی تا بەیانی تاقە قسەیەکمان نەکرد.

یان وەختایەک لەیەکدی جیا دەبووینەوە، دەستە لەرزۆک و چاوەکانمان چ قسانێکیان دەکرد، قسانێک کە بەهیچ زمانێک نەدەهاتنە دەربڕین، یان بەلای کەمەوە من وا وێنادەکەم، کاتێ کە دەڕۆیشتی لەبن لێوانەوە دەتگوت: -بەم زووانە یەکدی دەبینینەوە.

ئەمەبوو هەموو ئەوەی بۆ منت نووسی بوو و، هەرگیز تەسەور ناکەی چ خەونانێکی شیرینت بۆمن بەجێهێشت، بەڵام هەرهەموو ئەو خەونانە، ئەو خەیاڵە عاشقانەیەی کەبە بیرکردنەوە لەتۆ، لەلام دروست بووبوون، وەکو چاوتروکانێک تێپەڕی و ڕۆیی.

دەبینی، ڕۆڵە بێنەواکەم، عەشق، بۆ پیاوانێ کە بودەڵە و بازاڕی نین، پاک وبێگەردن، ڕەنگە لە خەڵکانی دی زیاتر بن، دیاردەیەکی هێندە ئاڵۆز و پڕ ڕازە کە لەگینە بچووکترین خزین، ڕەوت وڕیتمەکەی بشێوێنێت و ببێتە بایسی لەبەین چوونی.

ئێوەی ژنان وەختایەک عاشق دەبن، هەرگیز لایەنی کۆمیکی مەسەلە جدییەکان دەرک ناکەن وهەرگیز ناتوانن لە هەڤدژی هەندێ قسان تێبگەن.

بۆچی هەندێجار وشەیەک کەلەزاری ژنێکی سەوزەڵەی وردیلەی جوان دەردەچێت، تەواو دروست و پەسند وبەجێ دێتەبەرچاو، ئەگەر هەرهەمان وشە لەزاری ژنێکی قەڵەوی سورفلی ناقۆڵا دەربچێت، دزێو وکرێت دێتەبەرچاو؟

بۆچی هەندێجار ڕووبینی و نەوازشی کەسێکمان بەلاوە خۆشە وهەمان نەوازشمان لەلایەن کەسێکی دیکەوە پێناخۆشە؟ بۆچی؟ چونکە لە هەرشتێکا، بەتایبەتی لە عەشقا، هەم ئاهەنگی تەواو، گونجانی تەواوەتی هەڵس وکەوتان، دەنگ، قسە، جۆری نیشاندانی خۆشەویستی و مەحەبەتەکە زەروریە لەکەسایەتی عاشقەکەدا، لەو کەسەدا کە دەیەوێ عەشقەکە دەرببڕێ، هەبێت.

هاوئاهەنگی نێوان تەمەن وبالا و ڕەنگی قژ وجوانیش پێویستە. ئەگەر ژنێکی سی و پێنج ساڵان کە گەییوەتە لوتکەی هەستێن عاشقانە وتۆفانی سۆزی ژنانەی خۆی، ئەگەر بچووکترین ڕەفتار وگەمەێن عاشقانەی کەسێکی بیست ساڵان، نیشانبدات و بنوێنێ و، لەم حەقیقەتە حاڵی نەبێت کەدەبێ بەتەواوی خۆی لە ڕەفتارێن کەسێکی بیست ساڵان دووربخاتەوەو بەجۆرێکی دی تەمەشای عاشقەکەی بکات و بەجۆرێکی دیکەی ماچ بکات، ئەگەر ئەوە نەزانێ کە پێویستە بۆ عاشقەکەی خۆی وەکو " دیدۆ " بێ نەک " جولیت " ***( دیدو: دامەزرێنەر و مەلیکەی کارتاج بوو کەبەناوی ئەلیساشەوە ناوبراوە. کیژی بیلوسی پاشای تییربوو. مێردەکەی ( سیکایوس ) بەدەستی براکەی کوژرا وئەم پیاوە توانی بابی خۆی بگەیەنێتە پاشایەتی تییر. دوای ئەم بویەرە " دیدۆ " بەخۆی و هەوادارەکانییەوە وڵاتی " تییر " ی بەجێهێشت و لەڕێگای دەریاوە چوو بۆ گراڤی قوبرس و لەوێندەرەوە بۆ باکووری ئەفریقا ڕۆیی وشاری کارتاجی دامەزراند. بەگوێرەی نووسینەکانی تیمایوسی دیرۆکنووسی یۆنانی، پاشای لیبی کە " ئیارباس " ی ناوبوو، خوازگاری دیدۆی کرد. ئەم ژنە ئازایە حەزی نەدەکرد، شوو بە پاشای لیبی بکات، ئەمری کرد ئاگرێکی گەورە، کەتایبەت بوو بەسووتاندنی مردووان و ئەزیەتبارانەوە، بکەنەوە و خۆی خستە ئەو ئاگرەوە وخۆی کوشت. )*** بێگومان لە هەر دە عاشقی خۆی نۆیان بێزار دەکات و ڕاویان دەنێت، تەنانەت ئەگەر ئەو عاشقانە هۆی بێزارییەکەی خۆشیان نەزانن، هەر لێی هەڵدێن.

لەوکاتەوە کە تۆ جڵەوی عەشقی خۆت بەردا و، پەردەت لەسەر عەشقی خۆ هەڵدایەوە، دۆستە ئازیزەکەم، هەمووشتێک لەلای من تەواوبوو، هەندێجار بۆ یەکێک لەو ماچە بێ کۆتاییانە، بۆماوەی پێنج خولەک یەکمان لە ئامێز دەگرت، یەک لەو ماچانەی کە عاشقان وادار دەکات، چاوانیان بنوقێنن تا نەبادا بەشێک لەو لەزەتە لە چاویانەوە بڕوات. وەکو ئەوەی بیانەوێ ئەم لەزەتە بەتەواوەتی لە ڕوحی هاوئامێزیاندا کە دووچاری تۆفان بووە، هەڵبگرن و بپارێزن. بەڵێ لەپاش یەکێک لەم ڕاموسانانەوە بوو کە وەختێک لێکدی جیابووینەوە تۆ گوتت:- زۆر عال بوو، پیرە قازە جوانەکەم.

لەوساتانەدا حەزمدەکرد دارکاریت بکەم، چونکە تۆ بەکەماڵی بێ پەروایی ناوی هەموو ئەو حەیوانات و ڕووەکانەت لە من دەنا کەلە کتێباندا بەرچاوت کەوتبوون و فێریان بووبووی. بەڵام ئەمانەش بەجێی خۆی. نەوازشێن عەشق، زبر و حەیوانی و هۆڤیانەیە، کەر ئەو کەسەیە ئەگەر بیەوێ بیر لەم نەوازشانە بکاتەوە، یان پاساویان بۆ بێنێتەوە!

موسیە دەڵێت:

بیر لەو گرژ بوونە ترسناکە مەکەوە

بیر لەو ماچە بێ دەنگ و ماسۆلکە

بەهێزانە مەکەوە،

ئەو بوونەوەرەی چووەتەوە

قاوغەکەی خۆی و ڕەنگی هەڵبزرکاوەو

ددانەکانی لێکدی دەسووێ،

ئەگەر ئەم ساتانە ئاسمانی نەبن

ترسناکە، ترسناک.

ئاه! ئەی ڕۆڵە مەلوولەکەم، من کۆمەڵێک لە قسە دزێو و شۆخییە بێتام و نابەجێیەکانی تۆم لەلای خۆم کۆ کردووەتەوە، بەڵام چونکە ئێستا ئێدی خۆشم ناوێی، پێویست ناکات بەڕووتیا بدەمەوە.

هەندێجار تۆ هەندێک قسانت دەکرد کەبە ڕاستی نابەجا بوون. بۆ نموونە لە وەخت و ناوەختا هەوڵتدەدا، بەجۆرە بەخشندەییەکەوە ئەم ڕستەیە " تۆم خۆشدەوێ " بەکار بێنی و بیڵێی و بیڵێیتەوە. ئەم کارەت لە کاتێکی هێندە نەگونجا و تایبەتیدا ئەنجام دەدا کە من بە زەحمەت دەمتوانی جڵەوی پێکەنینی خۆم بگرم، تۆ بە ئێستاشەوە نەتزانی کە هەندێجار هەیە کەئەم ڕستەیە " تۆم خۆشدەوێ " ئەوەندە نەگونجاو و نابەجێیە کە تەنانەت بەجۆرە سووکایەتی و بەشێوازێکی گشتی بەبێ ئەدەبی دێتە ژماردن.

بەڵام تۆ لەمانای ئەم قسانەی من ناگەیت، نەک هەرتۆ بەڵکو زۆر ژنی دیکەش تێناگەن من چ دەڵێم و، هەنگێ دادەنیشن ومن بەگەوج و بازاڕی دەزانن و ئەمەش بەلای منەوە ناکاتە هیچ و وادەزانم بایەکە و بەلای گوێما دەڕوات.

خاڵێک هەیە کە خێڵی ژنان پێویستە بیزانن، ئەویش ئەوەیە کە عەشقیش وەکو خواردنە! ڕاستە خەڵکانی برسی، هەر خواردنێک بدینن وەکو بەرازی برسی پەلاماری دەدەن و دەیخۆن و بەهیچ جۆرێ گوێ بە خراپی و باشیەکەی نادەن، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە خەڵکانی خانەدان و بووەش هەن کە خۆراکی خراپ و نەگونجاو ناخۆن و تەنانەت هەندێجار بەوپەڕی برسیەتیش خۆراکی خراپ ناخۆن و دڵیان تێک هەڵدێت.

بۆنموونە ئەو شتەی کە من تانها سەرم لێی دەرنەکردووە، ئەمەیە کە ژمارەیەکی زۆر لەژنان، بەتەواوەتی لەمانای جوانی، لە هەڵبژاردنی گۆرەوی ئاوریشم، لە فریبەندەگی ئەو تۆڕە گرانبەهایانەی کەلە پەنهانترین بەشی دەرپێی ژێرەوە بەکاری دەبەن، لە تام و لەزەتی شیرین و پەنهانی، ناسکترین و نەرمترین جلی ژێرەوە بۆ پیاوان و بەلای پیاوانەوە، لەهەموو ناسک کاری و وردەکارییەک کە تایبەتە بە زەوق وسەلیقەی ژنانەوە حاڵی دەبن و بەچاکی لێیتێدەگەن، کەچی لەوە تێناگەن کە چ قسەیەک نابەجا و نەگونجاوە و دەبێتە مایەی بێزاری ئێمەی پیاوان، یان لەم خاڵە زۆر سادەیە ناگەن کە هەندێجار مەحەبەت و میرەبانییەکی بەجێ، چەندیش شێتانە و گەوجانە بێت، چۆن ڕوح بەبەری ئێمەدا دەکات و دەمان هێنێتە جۆش و خرۆش.

هەرقسەیەک لەکاتی خۆیدا بکرێت هەرگیز ئێمە ئازار نادات، بێزار وبێتاقەتمان ناکات و، ئیدی ئینسان پێویستە بزانێ کەچۆن زمانی خۆی بگرێ، ئاگای لە زمانی بێت و هەرگیز چاو لەو کەسانە نەکات کە کاریان هەرزەگۆیی و چەنەبازی بێتامە.

هەڵبەتە ئەگەر تۆش لێرە بەدواوە بێدەنگ بیت و واز لە هەرزە چەنەیی بێنی، من بەهەموو جۆش و خرۆشێکی خۆمەوە لە هەمێزت دەگرم.

" ڕینیە "

# گەڕانەوە

دەریا بە وردە شەپۆلە بەردەوامەکانی، کەنارەکە دەشواتەوە، پەڵە هەورێن سپی و بچووک وەکو باڵندانێک کە بایەکی توونـد دەگەڵ خۆدا بیانبات، بەناوەندی ئاسمانی شین و بەرینا تێدەپەڕن و گوندەکە لە پێچی دۆڵێکا کە دەڕوانێتە دەریا، ڕاکشاوە و لەبەر تیشکی هەتاودا وەنەوز دەدات.

لە قەراخ جادەکەدا، ڕێک لە دەروازەی گوندەکەدا، کولبە وکوختەیەکی تەنیا هەیە، ئەوە ماڵی "مارتن لینڤکسە ". ئەم کولبەیە دیوارەکانی گڵن، سەرەکەی قامیش و چیخە وبەهەژگ و بژاڵی سوسەنی کێوی ڕازاوەتەوە، ئەمە ماڵی کابرایەکی ماسیڤانی هەژار وبێنەوایە، لە باخەکەی بەرانبەری ئەم کولبەیەدا باخچەیەکی چوارگۆشە هەیە، کەلە دوورەوە هەر بەئەندازەی دەستەسڕێک دیارە، پیاز و کەلەرم و سیر وگێزەریان تیا ڕواندووەو بە پەرژینێک لە جادەکەیان جیاکردووەتەوە.

یارۆی ماسیڤان، بۆ ڕاوەماسی چووەتە دەریا و، ژنەکەی لەهەنبەر ماڵەکەیان ڕۆنیشتووەو خجڵی پینە وپەڕۆ و دورینەوەی تۆڕێکی گەورە و قاوەیی ڕاوە ماسییە، دەڵێی داوی جاڵجاڵۆکەیەکی زەبەلاحە و دراوە بە سەر دیوارەکەوە. کچۆڵەیەک کە نزیکەی چواردەساڵ دەبێت، لەسەر کورسییەکی حەسیر دانیشتووەو پشتی داوە بە پشتی کورسیەکەوە کەبە پەرژینی باخەکەوە نراوە. ئەویش خەریکی پینەکردن و دورینەوەی پارچە کەتانێکی زۆرکۆن و هەژارانەیە کە زۆرجاری دی پینەکراوەو دوراوەتەوە. کیژێکی دی کەڕەنگە هەر یەک ساڵ لە کیژی یەکەم بچووکتر  بێت، منداڵێکی بەباوەشەوەیە کە هێشتا پێی نەگرتووە و بەباوەشییەوە ڕای دەژەنێت. دوو منداڵی دوو سێ ساڵان لە ئەرزەکەدا چینچکیان داوەو پەیتاپەیتا خاک وخۆڵ بەسەروچاوی یەکدیدا دەکەن.

شتاقیان قسە ناکەن، تەنیا ئەو منداڵە نەبێ، کەبەباوەشی کیژەکەوەیە و ڕایدەژەنێ تاخەوی لێبکەوێت، بەدەنگێکی باریک وکز لە یەکبینە دەگری. پشیلەیەک لەقەراخ پەنجەرەکە خەوتووە، چەند پنچە گوڵەمێخەکێک لەبن دیوارەکە ڕوواون کە گوڵەکانیان وەکو شکۆفەی سپی دێنە بەرچاو و پۆلێک مێش هەنگ لە گوڵی ئەم دەوەنانە وڕکاون و گیزەگیزێکی خۆشیان ناوەتەوە.

لەناکاوا، ئەو کچۆڵەیەی کەلەبەر ماڵەوە خجڵی پینەکردنی پارچە کەتانەکە بوو هاوار دەکات:- دایکە!

دایکی بەرسڤ دەداتەوە:- چ دەڵێیت؟

-دیسانهاتەوە.

ئەوان لە بەیانییەوە بێزار بوون، چونکە پیاوێک دایمە بە دەوروبەری ماڵی ئەواندا دەسوڕێتەوە، پیرەمێردێکە هەرلە پارسەک و دەرۆزەکەران دەچێت، کاتێ کە بابیان تا قەراخ دەریا بەڕێکردبوو، ئەو پیاوەیان بینی بوو. پیاوەکە لە کەنار دەریاکە و لەهەنبەر ماڵەکەی وان ڕۆنیشتبوو، وەختایەک لە کەنار گەڕانەوە ئەویان بینی کە هێشتا لەوێندەر دانیشتبوو و تەمەشای ماڵەکەی وانی دەکرد.

پیرەمێردێکی نەخۆش و داماو دەهاتە بەرچاو، پتر لەیەک سەعات بوو کە چاوی لەماڵەکەی وان بڕی بوو، گاڤێ هەستی کردبوو کە لێی بەگومانن و پێیان وایە نیازێکی خراپی هەیە، هەستابوو و ڕۆیی بوو، لاقێکی بکێش دەکرد ودەلەنگی.

بەڵام دوای ماوەیەکی کەم سەیریان کرد هاتەوەو بەهەمان حاڵەتی داماوی، کەمێک دوورتر لە شوێنەکەی پێشووی خۆی دانیشتەوە. وەکو ئەوەبوو جاسووسێک بێت و چاودێری ماڵەکەی وان بکات.

دایکەکە و منداڵەکانی زۆر ترسابوون. بەتایبەتی دایکەکە هەستی بە ناڕەحەتی و نیگەرانییەکی زۆر دەکرد، چونکە ژنێکی شەرمن و ترسنۆک بوو و بەتەماش نەبوو " لیڤیسک " ی مێردیشی تا شەوێ بگەڕێتەوە.

مێردەکەی ناوی لیڤیسک وخۆی ناوی مارتن بوو. ئیدی ناوی خانەوادەیی و شۆرەتیان بووبوو بە " مارتین لیڤیسک " و سەربهوردی ئەم ژنە، بەم ئاوایە بوو:

مێردی یەکەمی پیاوێک بوو بەنێوی مارتن کەهەموو هاوینێک بۆ ڕاوی ماسی تایبەتی " ڕۆن ماسی " بەگەڵ نیوفاوندلاندیەکان دەکەوت.

دوای دووساڵ کیژێکیان بووبوو وکاتێ بۆ دواجار ڕۆیی و نەهاتەوە، ژنەکەی دووگیان بوو وسکی شەش مانگان بوو، بەڵام کەشتیەکەی ئەو کەناوی " دوو خوشکان " بوو و سێ بۆرجی هەبوو، لە بەندەری " دیپ " وە کەوتەڕێ و ون بوو.

ئیدی ئەو کەشتیە ڕەشە ڕاهات، هیچ کەسێک لە دەریاوان و خزمەتگوزارەکان نەگەڕانەوە، تا ئیدی هەمووان دڵنیابوون کەبەخۆی و هەموو کەرەسە و سەرنشینەکانییەوە نقوم بووە و تەواو.

مەدام مارتن، دە دانە ساڵ بەدەم چاوەڕوانی شووەکەیەوە دانیشت.  دیارە بۆ بەخێوکردنی دوو منداڵەکەی ڕەنجی دنیای دەدا. دوای ئەوە چونکە ژنێکی جوان، بەهێز و بە داروبار بوو، یەکێک لە ماسیڤانەکانی دەڤەرەکە کەنێوی " لیڤیسک " بوو و ژنەکەی مردبوو وتەنیا یەک کوڕی هەبوو، خوازگاری کرد، ئەمیش قاییل بوو و لە زەرفی سێ ساڵدا دوو منداڵی لێبوو.

ژیانێکی دژواریان هەبوو، ناچاربوون شەو وڕۆژ کاربکەن، خواردنی سەرەکیان نانی ڕووت بوو، گۆشت لەماڵی واندا تەقریبەن شتێکی نامۆ بوو. زۆربەی کات لە وەرزی زستانداو لەو ماوە درێژەدا کە دەریا دەهاڕووژا، قەرزاربای نانەواکەی گەڕەک دەبوون، بەڵام منداڵەکان ساغ وسەلامەت بوون، دەر ودراوسێکان دەیانگوت: " ماڵباتی مارتن لیڤیسک خەڵکێکی زۆرباشن، لیڤیسک پیاوی وەکو خۆی نەبووەتەوە، ژنەکەشی زۆر کۆڵنەدەر و لەخۆڕا دیتووە. "

ئەمە کورتەی بەسەرهاتی ماڵباتی مارتن لیڤیسک بوو.

ئەو ڕۆژە، ئەو کیژەی کەلەبەر پەرژینی باخەکە دانیشتبوو گوتی:

- لەوە دەچێ ئەم پیرەمێرە ئێمە بناسێت. ڕەنگە یەکێک بێ لە گەدایەکانی " ئیپرەڤیل " یان " ئوزبۆسک ".

لێ دایکیان باوەڕی بەیەک حەقیقەت هەبوو و دەیگوت:

-نا، نا، ئەمپیاوەخەڵکیئەمدیارودەڤەرەنییە،دڵنیامخەڵکیئەمدەڤەرەنییە.

کە دیتیان، وەکو کۆتەرە دارێک بێ جووڵە لەوێندەر دانیشتووەو چاوی بڕیوەتە ماڵەکەی وان نیگەران بوون، مەدام مارتن کە زۆر تووڕە بووبوو، لەحاڵێکا کە ترس کەمێک دوودڵی کردبوو، دەستی دایە بێڵێک و لەباخەکە وەدەرکەوت و لەبەر دەرگا وەستا وڕوو لە پیاوە وێڵەکە هاواریکرد:- بۆچی لەوێ دانیشتوویت؟

پیرەمێرد بەرسڤی دایەوە:- هەوا گۆڕکێ دەکەم، زەرەری بۆ ئێوە هەیە؟

مەدام مارتن دووبارە گوتی:- بۆچی چاودێری ماڵی مە دەکەیت؟

پیرەمێرد بەرسڤی دایەوە:- من زیانم بۆ چ کەسێک نییە، یانی بۆم نییە لەم قەراخە ڕێیەش دانیشم؟

کە مەدام مارتن، چ قسەیەکی پێ نەما، گەڕایەوە و خۆی بە ماڵێدا کرد.

ڕۆژ بەئارامی دەبووری، نزیکەی نیوەڕۆ بوو کە کابرای پیرەمێرد دیار نەما. بەڵام دەوروبەری سەعات پێنج سەروکەللەی پەیدا بووەوەو بەدەم لەنگینەوە لەوێ تێپەڕی و ئەوشەوە ئیدی کەس لەو دەوروبەرە نەیبینی.

ئێوارەیەکی درەنگ لیڤیسک لە دەریا هاتەوە، حاڵ وحیکایەتەکەی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوەو ئەو لەدڵی خۆیدا گوتی:" بێگومان یەکێکە لەو بەڕەڵڵایانەی کەلەم ناوە پەیدا بووە. " وپاشان بەبێ هیچ نیگەرانییەک چووەناو جێگاوە، بەڵام ژنەکەی تاکو بەیانی هەر لەخەیاڵی ئەو پیرەمێردە بەڕەڵڵایەدا بوو کەبە چاوانی هایم و حەیرانەوە لەوی ڕوانی بوو.

کە ڕۆژ بووەوە، با وباهۆزێکی توند هەڵیکرد و یارۆی ماسیڤان کە سەیری کرد ناتوانێ بۆ دەریا بڕوات، دەگەڵ ژنەکەیا کەوتە پینە وپەڕۆ و دورینەوەی تۆڕی ڕاوەماسییەکە.

نزیکەی سەعات نۆی بەیانی، کیژە گەورەکەی مارتن کەبۆ نان کڕین چووبوو، بەسەروسیمای شپرزەوە خۆی بە ماڵا کرد و هاواریکرد:- دایکە کابرای پیرەمێرد هاتووەتەوە!

دایکی زۆر پەشۆکاو بە ڕەنگی بزڕکاوەوە بە مێردەکەی گوت:

-لیڤیسکهەڕەبەمپیاوەبڵێلەوەزیاترجاسووسیمان بەسەرەوە نەکات، ئەعسابم بەدەست ئەوەوە تێکچووە.

لیڤیسک، ماسیڤانێکی تووندوتۆڵ بوو، ڕەنگ وڕووی قرمیدی بوو، ڕدێنی سوور، چاوانی شین، بیلبیلە ڕەشەکانی دەدرەوشانەوە، هەمیشە بۆ خۆپاراستن لە باو باران و هەتاوی دەریا، ملپێچێکی خووری لە دەوری ملە ئەستوورەکەی دەپێچا. بەکاوەخۆ لەماڵ وەدەرکەوت و بەهەنگاوی خاو بەرەولای پیرەمێردەکە ڕۆیی. بە دووقۆڵی کەوتنە قسان.

مەدام مارتن و منداڵەکانی، لەحاڵێکا کەلە نیگەرانی و شپرزەییدا دەلەرزین، لە دوورەوە تەمەشای ئەوانیان دەکرد.

کابرای نەناس لەناکاوا هەستا و دەگەڵ لیڤیسک دا بەرەو ماڵەوە هات.

مەدام مارتن، لەترسا خۆی گرمۆڵە کردبوو، مێردەکەی گوتی:

-تۆزێنانوپەرداخێشەرابیوێدە،لەدوێنێوەتائێستاهیچینەخواردووە.

ئەوسا، هەردووکیان پێکەوە، لەکاتێکا ژن و منداڵەکان لە دوایانەوە بوون. خۆیان بە کوختەکەدا کرد. پیرەمێرد ڕۆنیشت وسەری لەهەنبەر نیگا کونجکاوەکانی ئەودا داخست و مژوولی نانخواردن بوو.

مەدام مارتن هەستا و ماوەیەک لە کابرا ڕاما، دوو کیژە گەورەکە کەکیژی مارتن بوون، یەکێکیان کە منداڵە بچووکەکەی لیڤیسکی بەباوەشەوە بوو، دانەوی بووەوە و لەپەنا دەرگاکەوە بە کونجکاوی تەمەشای کابرای نەناسی دەکرد، دوو منداڵی دیکە کەلە ناوەندی وەجاخەکەدا و لەنێو خۆڵە کەوەکەدا یاریان بە دیزەیەکی دووکەڵاوی ڕەش دەکرد، دەستیان لە گەمە هەڵگرت، ڕێک وەکو ئەوەی بیانەوێ بەشداری لەو گفت وگۆیەدا بکەن کە دەگەڵ کابرای بێگانەدا دەکرا.

لیڤیسک، لە هەنبەر کابرا ڕۆنیشت و لێی پرسی:- لەڕێگایدوورەوەهاتوویت؟

- بەڵێ، لە " سیت " ەوە دێم.
- بەپێیان؟
- بەڵێ، پیاو کە پارەی نەبێ، ناچارە.
- دەتەوێ کێوە بچیت؟
- بۆ ئێرە.
- کەس لەم محاڵە دەناسیت؟
- لەوەیە.

هەردووکیان بێدەنگ بوون. یارۆی پیرەمێرد زۆر بە ئەسپایی، بەڵام بە تامەزرۆیی مژوولی خواردن بوو، دوای هەر پاروەە نانێک، قومێ شەرابی بەسەردا دەکرد. دەم وچاوی تێک قوپاو وسیسەڵە و پڕ چرچ ولۆچی قووڵ بوو، لەکەسێک دەچوو کە ساڵانێکی زۆر ڕەنجی کێشابێ.

لیڤیسک بە ڕاوێژێکی زبر لێی پرسی:- ناوت چییە؟

پیرەمێرد بێئەوەی سەر هەڵبڕێ، بەرسڤی دایەوە:- من ناوم مارتنە.

تەزوویەکی توونێد بە سەراپای مەدام مارتن دا هات، هەنگاوێک هاتە پێشترەوە تالە نزیکترەوە ڕوخساری یارۆی سەرگەردان بدینێت. لەبەردەم ئەودا بەدەستانی ئاوێزان و زاری کراوەوە، لەجێی خۆی وشک بوو.

هیچکەسێک تەنانەت تاقە وشەیەکیشی لەزار نەهاتەدەرێ.

ئەنجام لیڤیسک پرسی:- تۆ خەڵکی ئەم محاڵەی؟

-بەڵێمنخەڵکیئەمدەڤەرەم.

کاتێ کە سەری هەڵبڕی، نیگای لەنیگای ژنە هەڵەنگوت، بەجۆرێ چاوی لە دورچاوی بڕی ، وەکو ئەوەی نیگایان پێکڤە بەسترابن.

مەدام مارتن، لەناکاوا بەدەنگێکی سووک و لەرزۆک گوتی:- تۆ مێردەکەی منی؟

پیرەمێرد بەنەرمی بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ، خۆمم.

ئیدی جووڵەی نەکرد ولەسەر نانخواردنەکە بەردەوام بوو. " لیڤیسک " ش کەهەم هاڕوژا بوو و هەم حەپەسابوو، بە ڕاوێژێکی توونند پرسی:- تۆ " مارتن " ی؟

کابرا، زۆر سادە بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ خۆمم.

مێردی دووەم جارێکی دی پرسی:- باشە لەکوێوە دێی؟

مێردی یەکەم، بەمجۆرە کەوتە گێڕانەوەی سەربهوردی خۆی:

" لە کەناراوەکانی ئەفریقاوە دێم، کەشتیەکەمان بەر تاوێرە بەردێ کەوت ونقوم بوو، سێ نەفەرمان دەرباز بووین: پیکار، ڤاتینیل و من. هەنگێ هۆڤیەکان گرتیانین و دوازدە ساڵ دەستبەسەریان کردین. پیکار و ڤاتینیل مردن، بەڵام گەریدەیەکی ئینگلیزی منی دەرباز کرد و بۆ " سیت "ی هێنام و ئێستاش ئەوەتام لای ئێوەم.

مەدام مارتن، لە حاڵێکا ڕوخساری لەنێوان بەرکۆشەکەیا شاردبووەوە بەکوڵ دەگریا و دەیگوت:- خودایا، نها چ خاکێ بەسەر خۆمانا بکەین؟

مارتن پرسی:- تۆ ژنەکەی منت خواستووە؟

لیڤیسک بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ منم.

هەردووکیان بێدەنگ بوون و چاویان بڕییە یەکدی.

هەنگێ مارتن، ئاوڕی لای منداڵەکانی دایەوە کە دەوریان دابوو و ئاماژەی بۆ دوو کیژە گەورەکە کرد و گوتی:- ئەمانە هی منن؟

لیڤیسک گوتی:- بەڵێ ئەمانە هی تۆن.

مارتن، نە لەجێی خۆی هەستا و نە ماچی کردن. تەنیا گوتی:- نامەخوا چەندگەورەبوون!

لیڤیسک، بەحەپەساوی گوتی:- نها چارە و تەگبیرمان چییە؟

مارتن به خۆیشی حایر مابوو ونەیدەزانی چی بکەن، ئەنجام بڕیاری دا وگوتی:

–من بەکەیفیدڵیتۆدەکەم،تۆچبڵێیوادەکەم.
نامەوێهیچزیانێبەتۆبگەیەنێمیانگلەییتلێبکەم،بەڵاممەسەلەیئەمخانووەنیگەرانمدەکات.
مندوومنداڵمهەن،تۆسیانتهەن،هەرکەسەمنداڵیخۆهەڵدەگرینەوە،بەڵامسەبارەتبەدایکیانهیمنبێتیاهیتۆ؟تۆچۆنتبوێ من ڕازیم، بەڵام سەبارەت بە خانووەکە حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە هی منە، چونکە لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، من لەم ماڵەدا لەدایک بووم و تاپۆشی هەیە.

مەدام مارتن هێشتا هەر دەگریا و ناڵین وکورتە ئاخینەکانی بە داوێنی بەر هەڵبێنە شینەکەی کەبەدەمیەوەی گرتبوو، خەفە دەکرد، دوو کیژۆڵە گەنجەکە، لە بابیان نزیک بووبوونەوەو بەنیگەرانی سەیریان دەکرد. ئەنجام یارۆ لە نانخواردن بووەوەو گوتی:– چ بکەین؟

لیڤیسک گوتی:– من بیرێکی باشم بۆ هاتووە، دەبێ بچینە لای کەشیش.

مارتن هەستا ولەو کاتەدا کە بەرەولای ژنەکەی دەڕۆیی، لەناکاوا مەدام مارتن خۆی هاوێشتە باوەشی و بەدەم گریانەوە هاواریکرد:– ئەمەتۆی،مێردەئازیزەکەم! مارتن،مارتنەداماوەکەمئەمەتۆیت!

لەکاتێکا مێردەکەی بەخۆیەوە دەگوشی، لەناکاوا یادی ڕابردوو لە یادگەیدا زندوو بووەوە، یادە خەمناک و بە ئازارەکانی دەورانی گەنجایەتی و هەوەڵین ڕامووسانێن عاشقێنی هێرشیان بۆ مێشکی هێنا.

مارتن، کە بەتەواوی کەوتبووە ژێر باندۆر وکاریگەری حاڵەتی ژنەکەیەوە، سەری ماچ کرد. دوو منداڵەکەی مەدام مارتن کەلە دەوری ئاگردانەکە دانیشتبوون کە چاویان بە گریانی دایکیان کەوت، ئەوانیش دەستیان بەگریان کرد، هەرە بچووکەکەش کەبە باوەشی کچی دووەمی مارتنەوە بوو، لە زیرڕژنێکی وەهای دا خەریک بوو گوێی کەڕ دەکرد.

لیڤیسک هەستا و دوای چاوەڕوانیەکی کەم گوتی:– وەرەهاوڕێ،دەبێزووبڕۆینوکارەکەمانیەکلاییبکەینەوە.

مارتن، لە حاڵێکا کە چاوی بڕ بووە کچەکانی، ژنەکەی ڕەها کرد و دایکیان پێی گوتن:– بڕۆن بابتان ماچ بکەن.

کیژەکان هەرووکیان بە چاوانی ئەبڵەقەوە، کە هیچ فرمێسکێکیان پێوە نەدەبینرا، وەک بڵێی ترسابن، لە بابیان چوونە پێشەوە. بابیان، یەک یەک گۆنای هەردووکیانی ماچکرد. منداڵە چکۆلەکە کەبە دیتنی ئەم پیاوە بێگانەیە حەپەسابوو، خۆی لێ نزیک کردەوە و لە زیرڕژنێکی دیکەی دا.

هەنگێ جووتە مێرد، بەدوو قۆڵی لەماڵەکە وەدەرکەوتن.وەختایەک بەبەر " کافەی دوکومرس " دا تێدەپەڕین، لیڤیسک پرسی:– دەمێ تەڕ نەکەین؟

مارتن بەرسڤی دایەوە:– با، زۆریشم پێخۆشە.

پێکەوە وەژوورکەوتن و لە هۆڵەکەدا کە هێشتا چۆڵ بوو، دانیشتن و لیڤیسک گازیکرد:

–

ئەهایچیکودووبیراندیدوبلیزۆرچاکمانبۆبێنە،مارتنمیوانە،گەڕاوەتەوە،مارتنتلەبیرماوە؟مێردیژنەکەمدەڵێم،ئەودەریا وانەیکەلەکەشتی " دووخوشکان " داگومبووبوو.

خاوەن باڕەکە کەبە دەستێک سێ پەرداخ و بەدەستەکەی دی سوراحیەک ئاوی هەڵگرتبوو، بەدەم وچاوە سورفل و گەدگ و گیپاڵە زەلامەکەیەوە هات بۆلای ئەمان وبەڕوویەکی خۆش و بە ڕاوێژێکی نەرمەوە گوتی:

–ئەمەتۆیمارتن،ئاخرینەمردیگەڕایتەوە؟

مارتن بەرسڤی دایەوە:– بەڵێ هاوڕێ ئاخری گەڕامەوە، بنیادەم تەیری بێ باڵە.

## بیرەوەریانی شێتێک

قازی پایەبەرز مردبوو، هەمان ئەو پیاوە ئابڕوومەند و دروستکار و سەر ڕاستەی کە مەردی وڕەندی وی لەهەموو دادگاکانی سەرانسەری فەرەنسادا بووبوو بە داستانی سەرزاران، پارێزەرانی دادگا، ڕاوێژکارانی مافەوانی گەنج و، قازییەکان، بۆ نیشاندانی ڕێز وحورمەتی خۆیان سەبارەت بەو، لەهەنبەر جەنازەکەیا کڕنۆشیان برد و تا نزیکی ئەرزەکە سەریان بۆ دانەواندەوە، ئەو دەم وچاوە لاواز وسپی وبەشکۆیەیان وەبیر هێنایەوە کە دووچاوی درەخشان ڕوناکیان کردبووەوە.

قازی، هەموو تەمەنی خۆی وەقفی تاقیبی تاوانباران و بەڕەڤانی لە داماوان کردبوو. قاچاخچیان و پیاوکوژان زۆری لێدەترسان، ئەویان بەسەرسەخترین دژمنی خۆ دەزانی. لە زەواقی نابوون، چونکە پێدەچوو، کە کانگای دەروونی وان و نهێنی ترین هزرین ونیازیان بخوێنێتەوەو بەنیگایەک، بەتاقە نیگایەک، پەی بە ئالۆزترین ڕەفتاریان بەرێت.

ئەم قازیە مەرد وڕەندە، لەتەمەنی هەشتا ودوو ساڵیدا مردبوو، لەهەموو شوێنێ بەڕێز وخۆشەویست بوو، هەموو میللەت بۆ مردنەکەی بەداخ بوون. سەربازان بە پانتۆڵی سوورەوە تا ناو گۆڕەکەی بەڕێیان کرد و، گەنجان و پیاوان، هەموو دەسماڵی سپیان لەمل کردبوو و دەوری تابووتەکەیان دابوو و بەچاوانی تەڕی ڕوندکەوە، وتاری ئاگرینیان دەربارەی دەدا کەبە بۆچوونی زۆرکەس، ڕاستگۆیانە بوون.

بەڵام دوای مردنەکەی، بەڵگەنامەیەکی سەیر وعەجیب لەلایەن ئەرشیڤکارێکی قەدیمیەوە، لە چەکمەجەی ئەو مێزەی کە قازی ئابڕوومەند، فایلی تاوانبارە ناسراوەکانی تیا هەڵدەگرت، دۆزرایەوە کەم ئەم بیرەوەریانەی تیا نووسرابوو:

### بۆچی؟

٦/٢٠:

ئێستا لە دادگاوە هاتووم. قەراری مەرگی " بلوندل " م دەرکرد، ئەم پیاوە چما پێنج منداڵەکەی خۆی کوشت؟ زۆرجار مرۆڤ تووشی کەسانێک دەبێت کەبەلایانەوە کوشتنی خەڵکی لەزەتێکی بەدەنی خۆشی هەیە. بەڵێ، بەڵێ دەبێ ئەم کارە لەزەتێکی بەدەنی هەبێ، لەوەشە خۆشترین لەزەتی هەبێت، مەگەر کوشتن، لەهەر کارێکی دی زیاتر لە خولقاندن ناچێت؟ دروست کردن و وێران کردن، مێژووی هەموو کاینات، لەم دوو وشەیەدا چڕ بووەتەوە، مێژووی هەموو دنیا و هەرچییەک کەهەیە. کەواتە بۆچی کوشتن بەم ڕادەیە ناپەسند و نەفرەت ئەنگێزە و لە خەڵکی قەدەغە و حەرام دەکەن؟

٦/٢٥:

ئەم بیرەی کە بوونەوەرێکی زندوو، لەگەڵ مەدایە، خەلقەنەیەک کە دەژی، خۆشەویستی دەکات، ڕێدەکات، غار دەدات، شتێکی قێزەونە، خەڵقەنەیەکی زندوو! ئەرێ بەڕاست خەڵقەنەی زندوو چییە؟ ئەم گیانەوەرە کە ژیان،

توانای حەیاتی جووڵە، ئیرادەیەک کە فەرمان بەم توانایە دەدات، لە خۆدا هەڵگرتووە و بەستەگی بەهیچ شتێکەوە نییە، چییە؟ بەڵێ ئەم خەڵقەنەیە کە ئینسانی ناوە، پایەکانی هەمیشە پەیوەستبە زەمینی ئێمەوە نییە، بەڵکو زەرەیەکە لەژیان کەلەسەر ڕووی زەوی سەرگەردانە، و ئەم زەرە گیاندارە، کەمن نازانم لە کوێوە هاتووە، دەتوانێ بە مەیلی خۆی یان بەمەیلی یەکێکی دی لەناو بچێ و نەمێنێت. دوای ئەوە هیچ شتێک نامێنێت، هیچ شتێک، دەرزێ و، هەموو شتێک تەواو دەبێت و دەبڕێتەوە.

:٦/٢٦

کەواتە بۆ کوشتن تاوانە؟ بەڵێ بۆ؟ خۆ ئەمە یەکێکە لە یاساکانی تەبیعەت. ئامانج و مەبەستی سەرەکی هەر بوونەوەرێک کوشتنە، دەکوژێ تا بژی، دەکوژێ تالە کوژران دەربازبێ، تا نەیەتە کوشتن، دەژی بۆ ئەوەی بکوژێت. کوشتن لە تەبع وتەبیعەتی مەدایە: ئێمە دەبێ بکوژین، ناچارین بکوژین، دڕندان لە پەستا وبێپسانەوە دەکوژن، لەهەر ڕۆژ وهەرساتێکی ژیانیاندا دەکوژن، ئینسان بەردەوام دەکوژێ، تا بخوات، تا برسی نەبێت، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێ لەپێناوی ڕازیکردنی خۆیدا بکوژێت، بۆ ئەوەی هەستی دەروونی خۆی قانع و ڕازی بکات و هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕاو و شکاری داهێناوە. منداڵ، کە مێروویەکی بچووک دەدۆزێتەوە، کە باڵندەێن بچووک و هەر حەیوانێکی بچووک لەسەر ڕێگای خۆ دەبینێ، دەیکوژێت، بەڵام ئەمەش، سوکنایی بەو خولیای کوشتنە نادات کەلە ناخماندا هەیە، ئەو خولیای کوشتنە ڕازی وتێر ناکات.

تەنیا کوشتنی گیانلەبەران بەس نییە، دەبێ بەشەریش بکوژین، لە کۆنا ئێمە ئەم خولیا دەروونیەی خۆمان بە قوربانی کردنی بەشەران دادەمراندەوە، بەڵام ئەمڕۆکە پێداویستیەکانی ژیانی جڤاکی، بەشەر کوژی بەتاوان داناوە، حەرامی کردووە. ئێمە ئەم کارەمان مەحکووم و حەرام کردووە و تاوانکار سزا دەدەین. بەڵام چونکە ناتوانین بەبێ ڕادەست بوون لە هەنبەر ئەم مەیل و غەریزە خودی و سروشتیەی مەرگدا کەبە سەرماندا سەپێنراوە بژین، بۆ دامرکاندنەوەی ئەم غەریزەیە، هەر ماوە نا ماوەیەک، شەڕێک بەرپا دەکەین، کەلەو شەڕەدا نەوەیەک، نەوەیەکی دی قەتلوعام دەکات و دوای دەبڕێتەوە. جەنگ جەژنی خوێنە، جەژنێک کە سوپا و قۆشەنان لە ڕێگەیەوە تینوویەتی خوێنخۆری خۆی دەشکێنێت و، نەک هەر عەوامی خەڵک و سڤیل مەست دەکات، بەڵکو ژنان ومنداڵانیش کە شەوان لەبەر چرا هەواڵی قەتلوعامی بەشەران دەخوێننەوە مەست دەکات و لەزەتیان پێدەبەخشێت.

خەڵکانێک پێیان وایە، ئەو کەسانەی کە ماموری ئەنجامدانی ئەم قەتلوعامەی بەشەرانن، دەبێ بەچاوی سووک تەمەشا بکرێن و سەرزەنشت بکرێن. ئەمە هەڵەیە، چونکە ئەمانە لە شەرەف و شانازیدا غەرق دەبن. سەراپایانلە زێڕ دەگرن و کاڵای شکۆمەندی بەباڵایان دەبڕن. ئەمانە پەڕ بە کڵاوخودەکانیانەوە دەکەن ومیداڵ لە یەخەیان دەدەن، جۆرەها نیشانە، یاداشت وڕێزنامەیان پێشکەش دەکەن. دەبنە مایەی ڕێز وخۆشەویستی ژنان و هەست بە غروور و شانازی دەکەن، کۆمەڵگە بە هورای شادی و هەلهەلەوە ئافەرینیان دەکات و، هەرهەموو ئەمە تەنیا لەبەر ئەمەیە کە ئەوانە لەژیانیا هەموو ئەرکێکیان تەنیا خوێن ڕشتنی بەشەران بووە. بەچەک و ئەسڵەحە و ئەوزاری قەتلوعامەکانیانەوە، بەجادە و کۆڵانەکاندا دەسوڕێنەوەو خەڵکی سڤیل بەدڵبەندییەوە تەمەشایان دەکەن و خۆزیایان پێدەخوازن. چونکە کوشتن قانوونێکی شانازی ئامێزە کە

تەبیعەت لە قوولترین هەیەجان و داینەمۆی ژیانی بەشەریا داناوەو، هیچ شتێک لەم دنیایەدا لە کوشتن خۆشتر و ئابڕوومەندانەتر نییە.

:٦/٣٠

کوشتن یاسایە، چونکە تەبیعەت حەزی لە گەنجایەتی ئەبەدیە و چونکە بەهۆی ڕەفتاری نەزانستە و گەوجانەی خۆیەوە هاوار دەکات: خێراکەن! پەلەبکەن! لەزێکەن! بەهەمان نەفەسەوە کە وێران دەکات و نابووت دەکات، دووبارە ژیان دەبەخشێت و دروستی دەکاتەوە.

:٧/٢

بوون، بوون چییە؟ هەموو شتێکە و هیچ نییە، لەدنیای فیکردا ڕەنگدانەوەی هەموو شتێکە، لەدنیای زەین و یادگە و زانستدا کورتە و پوختەی دنیایە، ئەفسانەیەکە کەلە ناوەوەی خۆیدا دووبارە دەبێتەوەو بەردەوام دەبێت. ئاوێنەی شتەکانە، ئاوێنەی کار و کردارانە، هەر ئینسانێک بوونەوەرێکە لەناوەوەی بوونەوەرانی گەورەدا.

سەفەر بکەن، بڕواننە ئەو خەڵکەی هەموو شوێنێکیان قەرەباڵغ کردووە و تەمەشاکەن کە ئینسان هیچ نییە، هیچ نییە! هەر هیچ نییە! سواری کەشتی ببن، تەواو لە کەنارە قەرەباڵغ و پڕ لە حەشاماتەکە دووربکەونەوە، هەرزوو بۆتان دەردەکەوێ کە جگەلە کەناراوەکە هیچی دی نابینن، بەشە هەرە گرینگەکەی بوون، دیار نامێنێت، چەند بچووک و ناچیزە، چەند بێ بایەخ و بچووکە. بە قیتاری لەزگین سەفەری ئەورووپا بکەن و لە پەنجەرەی قیتارەکەوە تەمەشای دەرەوە بکەن، بەشەرەکانی بەرانبەر خۆتان ببینن، بەشەرەکان، بەشەرەکان، بەشەرانی بێ شومار، بەشەرانی سووک وڕیسوا کە مەزراو شەقام و جادەکانیان قەرەباڵغ و جەنجاڵ کردووە، تەمەشای گوندییانی بێئاوەز ونەزان بکەن کە جگەلە هەڵگێڕانەوەو بێڵ تەپکرنی زەوی هیچی دیکەیان لەدەست نایەت، تەمەشای ژنانی ناشیرین بکەن کە جگەلە ئامادەکردنی خوارن بۆ مێردەکانیان ناتوانن هیچ کارێکی دی بکەن. بڕۆن بۆ هندستان، بڕۆن بۆ چین، ئەو هەزاران هەزار خەڵکە بدینن کەبە هەر لایەکا غار دەدەن، دێنە دنیاوە، دەژین ودەمرن. هیچ شتێک لەدوای خۆ جێ ناهێڵن جگەلە پلیشانەوەی مێرووله بەسەر ئەرزەکەوە.

بڕۆن بۆ وڵاتی ڕەش پێستەکان، کە خەڵکی، لە خانووە گڵەکانیاندا، بەسەر یەکا کەڵەکە بوون، بڕۆن بۆ وڵاتی عەرەبێن سپی پێست کەلەژێر دەواری قاوەییدا، کە با هەر چمکێکی بەلایەکا تەکان دەدات، دەژین، تابزانن کە ئەم بوونەوەرە بێ ڕەگ و ڕیشە و گۆشەگیرە کە ئینسانی ناوە، هیچ نییە ،هیچ شتێک نییە! تاک چییە/ ئایا تاک جگەلە تاقە ئەندامێکی تیرەیەکی سەرگەردان لە بیابانێکی کاکی بەکاکی، بێ ئاو و ڕووەک هیچی ترە؟ و ئەوانەی کە ئەقڵ و ئاوەزیان هەیە، بەخۆڕایی خۆیان لە ڕادەبەدەر دەربارەی مەرگ ئازار نادەن. ئینسان دژمنی خۆی دەکوژێت. ئەمە ناوی شەڕە، ئەمە لە ڕۆژگار و سەردەمانی کۆنا لەهەر ماڵێکی گەورەدا و لەهەر دیار و دەڤەرێکا، بەڕێگای دنیا وژیان دەژمێردرا.

بەڵێ، سەفەری سەرانسەری دنیا بکەن، ئاپۆڕای بەشەرانی بێ ناو وبێ شومار بدینن. بێ ناو؟ ئەها، کێشە وعەیبی کارەکە لێرەدایە. کوشتن تاوانە، تەنیا لەبەر ئەوەی خەڵکی دنیامان دیاریکردووە و ناسیوە. وەختایەک دێنە دنیاوە: ناویان لێدەنرێت، ناویان لەبەر دەکرێت. قانوون مەسئولیەتی وان لە عۆیە دەگرێت. زۆرچاکە، بەڵام لەوە بترازێ، ئەو ئینسانەی کەناوی لێنەنراوەو ناوێکی نییە، لە جوملەی بەشەران نییە و هیچ حیسابێکی بۆناکەن. لە بیابانێکی کاکی بەکاکی و وشک و برینگا یان لەسەر گردێکا یان لە دەشتێکدا بکوژن چ فەرقێ دەکات و چ بایەخێکی هەیە؟ تەبیعەت مەرگی خۆشدەوێ و هەرگیز سزاتان نادات.

ئەوەی بەڕاستی موقەدەس و پیرۆزە کۆمەڵگەیە. هەر ئەمەیە! ئەمەیە کە پارێزگاری لە بەشەران دەکات. تاک، بۆیە بەڕێز وحورمەتە چونکە ئەندامی کۆمەڵگەیەکە، کڕنۆش بۆ دەوڵەت بەرن، لەبەردەم ئەم خوای قانوونی و شەرعی کۆمەڵگەیەدا، چۆک دابدەن.

دەوڵەت (حکومەت) بەخۆی دەتوانێ بکوژێت، بۆی هەیە بکوژێ، چونکە مافی چاکسازی وڕیفۆرمی کۆمەڵگەی هەیە. وەختێ دووسەد هەزار کەس لە شەڕێکا قەتڵوعام دەکەن، ناوی ئەوانە لە تۆماری کۆمەڵگەدا دەسڕێتەوەو بەدەستی ناوگوزارانی خۆیان لەنێو دەچن. ئەمە کۆتایی بوونی ئەوانە و، هەروەها کۆتایی هەموو شتەکانی دیکەیە، بەڵام ئێمەمانان کە ناتوانین تەنانەت تۆماری میوانخانەکانی یەک شار چاک بکەین، مەجبوورین کە حورمەت و ڕێزی ژیان بگرین. ئەی کۆمەڵگە، ئەی پەرستراوی پڕ شانازی کە قودرەت و دەسەڵاتی حکومەتەکەت لە پەرستگەی شارەوانییەکاندایە! سڵاو لەتۆ، تۆ لە تەبیعەتیش بەهێزتری، ها، ها، ها!

:٧/٣

وادیارە دەبێ کوشتن لای ئینسان لەزەتێکی سەیر و تامێکی بێ وێنە و لەتەواو نەبوونی هەبێت، چ لەزەتێک لەمەدایە کە ئینسانێکی بەهۆش و گۆش لەسەرپێ ڕابگرین و ڕووبەڕووی بوەستین و کونێک بکەینە بەدەنی، تەنیا یەک کونی بچووک و هەنگێ ڕژانی ئەو مادە سوورە تەمەشا بکەین کە خوێنی ناوەو هەوێن و سەرچاوەی ژیانە و، دوای ئەوە جەستەیەکی بێ هەست لەهەنبەر خۆدا بدینین، تۆپەڵێک گۆشتی بێ هەست و خوست، سارد، بێ جووڵە، بەتاڵ لەهەرجۆرە هزر و هەستێک!

:٨/٥

من کەهەموو تەمەنی خۆم لە قەزاوەت و حوکمدانی خەڵکیدا بەسەر بردووە، من کەتەنیا بە چەند وشەیەکی بنجبڕ و خێرا دەستووری ئیعدامم دەرکردووە، من کە جارەهای جار بە گیوتین ( مقصلە ) خەڵکیم کوشتووە، ڕێک وەکو ئەوانەی کە خەڵکی بە کێرد دەکوژن، من، من، ئەگەر من وەکو چۆن تاوانکاران خەڵکی دەکوژن، بەوئاوایە خەڵکی بکوژم، بەڵێ من، من ئەگەر ئەم کارە بکەم، کێ پێدەزانێ؟

:٨/١٠

کێ پێدەزانێ؟ کێ دەتوانێ تەنانەت بچووکترین گومانم لێبکات، بەتایبەتی ئەگەر کەسێک بۆ ئەم کارە هەڵبژێرم کە هیچ قازانجێک لە مردنی ئەو نەکەم، کە مردنی ئەو هیچ قازانجێکی بۆ من نەبێت؟

:٨/١١

واز وازی، واز وازی وەکو کرمێ کە لوول دەخوات خۆی بەبوونی منا کردووە. لوول دەخوات، دەجوولێت، بەسەرانسەری بەدەنما، بەمێشکمدا دادەخزێ، مێشکی من کەلە یەک بیر زیاتری تیانییە – کوشتن، لەچاوانی منا کە تینووی دیتنی خوێنە، دیتنی شتێک بەدەم مردنەوە، دەنگێک بەبەردەوامی لە گوێچکەکانما دەزرینگێتەوە؛ دەنگێکی سەیر، نائاسایی، دەنگی شکان و تێکشکانی شتێک، دەنگێکی گێژکەر، وەکو دواهاواری بەشەرێک، دەبێ چ کارێکی شانازی ئامێز لە لاقەکانی منا کە مەیلی غاردان دەیان لەرزێنێ هەبێت، مەیلی غاردان بۆ خالێ کە ئەو بەشەرە بێ و لەوێندەرەوە تێپەڕێ، دەبێ چ کارێکی شانازی ئامێز لەدەستەکانی منا کەلە ئارەزووی کوشتنا دەلەرزن هەبێت، کارێکی نایاب و دەگمەن کە شایستەی پیاوێکی ئازاد، پیاوێک کەلە هەموو خەڵکانی دی گەورەترە ، کەشتیوانی ڕوحی خۆیەتی و عەودالی بەرزترین و پیرۆزترین هەست و سۆزانە.

:٨/٢٢

پێش ئەمە نەمدەتوانی مقاوەمەت بکەم، گیانەوەرێکی بچووکم کوشت تەنیا بۆئەوەی بتوانم دەست بەکارەکە بکەم.

جانی پێشخزمەتم، سوێرویەکی هەبوو، لە قەفەزێکی نابوو و بە پەنجەرەی ژووری فەڕاشەکانەوە هەڵیواسی بوو. ئەوم بەکارێک نارد و خۆم باڵندە چکۆلەکەم بەدەستەوە گرت، دەستم هەستی بەلێدانی دڵی دەکرد. بەدەنی گەرم بوو. ئیدی سەرکەوتمە سەرێ بۆ ژوورەکەی خۆم. سات بەسات زیاتر لەناو دەستما دەمگوشی، دڵی توندتر لێیدەدا، هەم ترسناک و هەم لەزەت بەخش بوو. بەڵام چەندم دەگوشی هیچ خوێنێکم نەبینی، هەنگێ مقەستێکم هەڵگرت، مەقەستە چکۆلەکەی خۆم، سەریم بە سێ جار بڕی، دەنووکی داچەقاند، هەوڵیدا خۆی دەرباز بکات، بەڵام توند گرتم، وەکو ئەوەی سەگێکی شێت و هارم گرتبێت، ئەو خوێنەم بینی کەلە بەدەنی هات. خوێنێکی چەند جوانە، سوورە، دەدرەوشێتەوە، پاک و بێگەردە! حەزم دەکرد بیخۆمەوە. نووکی زمانم لە خوێنەکە دا، خۆشبوو! بەڵام باڵندە چکۆلە بەلەنگازەکە ئەوەندە خوێنی کەم بوو کە نەمتوانی وەکو پێویست لەزەتی لێ بدینم. بێگومان تەمەشای فیچقە و فوارەی خوێنی گایەک تا گیانی دەردەچێت زۆر بەلەزەتە.

هەنگێ هەمان کارم کرد کە هەموو تاوانکاران دەیکەن مقەستەکەم شۆرد، دەستەکانم شتن و، ئاوەکەم ڕشتە دەرێ و پاشان جەستەی سوێروکەم برد تا بەخاکی بسپێرم، لە بێستانی تووە فەرەنگیەکەم شاردەوە. هەرگیز نایدۆزنەوە. هەموو ڕۆژێ یەک تووە فەرەنگی لەم بێستانە دەخۆم. بەڕاستی ژیان چەند خۆش و بەلەزەتە، ئەگەر هەرکەسێک بزانێ دەبێ چۆن بژی.

پێشخزمەتەکەم گریا، بەخەیالی خۆی سوێروکە فڕی بوو و ڕۆیی بوو. چۆن دەشیا گومان لەمن بکات، ها، ها، ها!

:٨/٢٥

من دەبێ بەشەرێک بکوژم.

:٨/٣٠

کارەکە ئەنجام درا، چەند کارێکی ئاسان وسادەیە.

بۆ گەڕان و پیاسە چووم بۆ ( بوادوڤیرن ) بیرم لەهیچ نەدەکردەوە، لەهیچ شتێک. منداڵێکم لەکەنار جادەکە بینی، کوڕێکی چکۆلە بوو کە پارووێەک نان و کەرەی بەدەستەوە بوو و مژوولی خواردنی بوو. بەڕێزەوە لەبەرم هەستا تا ڕەتبم و گوتی:- ڕۆژباش، جەنابی سەرۆک.

لەناکاوا، ئەو بیرۆکەیەم بەسەرا هات، چۆنە بیکوژم؟ وەڵامم دایەوە:- کوڕم هەر بەتەنیای؟

- بەڵێ جەنابی سەرۆک.
- بەتاقی تەنیا و لەم جەنگەڵەدا؟
- بەڵێ جەناب.

ئارەزووی کوشتنی ئەو، وەکو ڤەخارنێکی زۆر بەقوەت سست وبێحاڵی کردم. بەوپەڕی پارێزەوە، وەکو بابایەکی دز لێی نزیک بوومەوە، وام هەستدەکرد، دەگری. هەنگێ دەستم نایە بینی… گوشیم، گوشیم، بەهەموو هێز و توانای خۆمەوە گوشیم و گوشارم لێکرد. بەچاوانی ترساوەوە تەمەشای دەکردم، چ چاوانێک! خڕ، گەش، گونگ و ترسناک! هەرگیز هەیەجان و هەڵچوون و هەستی وا هۆڤیانەم لەخۆدا نەبینی بوو…

بەدەستە چکۆلەکانی مەچەکی گرتم و، بەدەنی وەکو پەڕێک بکەوێتە سەر ئاگر، کەوتە لەرزین و هەڵقرچان و گرژ بوون، هەنگێ جووڵەی لەبەر برا.

لێدانی دڵم هێواش وئاسایی بوو. دڵم هێور بووبووەوە، ئاه! دڵی باڵندەکە! جەنازەی کوڕەکەم هەڵدایە چاڵێکەوەو پاشان بە هەژگ وبژاڵ دامپۆشی.

دووبارە بۆ ماڵ چوومەوە. شێوێکی باشم خوارد. چ کارێکی سادە و ئاسان بوو، ئەو شەوە زۆر ئاسوودە وخۆشحاڵ بووم، دڵم ئارام و دووبارە گەنج بووبوومەوە. باقی شەوەکەم لەماڵی سەرۆکمان بەسەربرد. هەمووان بە بەشداری من لەو کۆڕ و مەجلیسەدا خۆشحاڵ بوون.

بەڵام من خوێنم نەبینی، زۆر ئارام و ئاسوودەم.

:٨/٣٠

جەنازەکە دۆزراوەتەوە، لە بکوژەکە دەگەڕێن. ها! ها! ها!

:٩/١

دووکەسی بەڕەڵلایان دەستگیر کردووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نییە. ها، ها، ها!

:٩/٢

داک وبابی کوڕیژگەکە هاتن بۆلای من و بەکوڵ گریان. ها، ها، ها!

:١٠/٦

هیچ شتێکیان بۆ بەدیار نەکەوت و، لەو باوەڕەدان کەدەبێ کەسێکی بەڕەڵلا، منداڵەکەی کوشتبێ. ها، ها! ئەگەر تەنیا ڕژانی خوێنەکەیم دیتبا، پێموایە هەنووکە مێشک و روحم ئاسوودە وئارام دەبوو.

:١٠/١٠

ئارەزووی کوشتن بەسەر هەموو دەمارێک و هەموو زەڕەو گەردیلەیەکی بوونما زاڵ بووە. ڕێک وەکو تۆفان و توورەیی ئەو عەشقەی کەلە تەمەنی بیستساڵیدا، حەوانەوەمان لەبەر هەڵدەگرێت.

:١٠/٢٠

تاوانێکی دیکە! دوای نانی بەیانی لە کەناری ڕوباردا پیاسەم دەکرد، لەژێر دار بییەکدا، ماسیڤانێکم بینی کە خەوێکی قووڵی لێکەوتبوو. نزیکی نیوەڕۆ بوو. بێڵێکیان بە ئەستوونی لە ئەرزەکە چەقاندبوو، دیاربوو هی ئەو کێڵگە پەتاتەیەی، مەزراکەی ئەو دەوروبەرە بوو.

چووم بێڵەکەم هەڵگرت و گەڕامەوە، بێڵەکەم بەرز کردەوە و تا هێز لە بازوومدا بوو، دامهێنایەوەو کێشام بەسەری ماسیڤانەکەدا و لە ناوەڕاستەوە شەقم کرد. ئاە، کە خوێنەکە چۆن لە کاسەی سەرییەوە فیچقەی کرد! خوێنێکی سوور، پڕ لە پارچە مێشک. زۆر بەئارامی تێکەڵ بەئاوی ئەو ڕوبارە بوو کە بەوێدا دەڕۆیی و من بەکاوەخۆ بەرەو ماڵ گەڕامەوە، ئەگەر کەسێک دیتبامی! ها، ها، ها! وەکو کارامەترین تاوانکار دەناسرام.

:١٠/٢٥

سەربهوردی کوژرانی کابرای ماسیڤان هەرا وهەنگامەیەکی گەورەی ناوەتەوە، نەوەکەی ئەویان، کە هەمیشە لەگەڵیا دەچووە ڕاوەماسی، بە کوشتنەکەی ئەو تۆمەتبار کرد.

:١٠/٢٦

بەڵگەنامەکان وئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، ئەوە دەسەلمێنن کە نەوەکەی تاوانبارە. هەموو خەڵکی شاریش باوەڕیان کردووە. ها، ها!

:١٠/٢٧

نەوەکەی یارۆی ماسیڤان بەرگرییەکی لاوازی لەخۆی کردووە. دەڵێت من ئەو ڕۆژە بۆ کڕینی نان وپەنیر چووبوومە گوندێ. سوێند دەخوات کە ماسیڤانەکەیان وەختایەک کوشتووە کە ئەو لەوێ نەبووە، بەڵام قسە بۆ کێ دەکەی و کێ باوەڕ دەکات؟

:١٠/٢٨

نەوەکەی یارۆی ماسیڤان، تا ڕادەیەک ئیعترافی کردووە، بەجۆرێ گێژیان کردووە و سەریان لێشێواندووە کە ئاوەزی لەدەست داوە. ها، ها، ها! عەدالەت!

:١١/١٥

بەڵگەێن بنجبڕ و سەنەدی زندوو دژی نەوەکەی یارۆی ماسیڤان، کە تاقە میراتگری ئەو بووە، کۆکراوەتەوە، سەرۆکایەتی دادگا بەمن دەسپێردرێت.

:١١/٢٥

مردن، مردن، مردن! حوکمی مەرگم بۆ دەرکرد! ڕاوێژکاری مافەوانی وەکو فریشتەیەک خیتابی دا. ها، ها، ها! تاوانێکی دیکە! دەبێ لەکاتی ئیعدام کردنەکەیا بچم بۆ تەمەشای.

:٣/٢٠

کارەکە تەواو بوو. ئەم بەیانیە چووەژێر گیوتین ( مل پەڕێن ). کۆتاییەکی باشی بە نەسیب بوو، زۆرباش، تەمەشاکردنی ئەو بۆمن لەزەتێکی زۆری هەبوو. چەندم لەگیان خۆشە کە دەبینم سەری پیاوێک دەبڕن و لەلاشەی جوێ دەکەنەوە. خوێن وەکو شەپۆل لەبەری دەڕۆیی، وەکو شەپۆل. ئاخ ئەگەر بمتوانیبا، حەزم دەکرد لەو خوێنەدا مەلە بکەم! چەند خۆشدەبوو ئەگەر بمتوانیبا لەژێر چۆڕاوگەی ئەو خوێنەدا بوەستم، هەستم بە دارڕژانی بەسەر قژ و سەروچاوما بکەم، سەراپام لە خوێنا سوور هەڵگەڕابا، سەراپام سوور بایە! ئاە ئەگەر خەڵکی دەیانزانی!

بەڵام ئیدی دەبێ سەبربکەم، دەتوانم تەحەموولی چاوەڕوانی بکەم. چونکە لەوەیە بچووکترین هەڵخزین بمخاتە داوەوە.

❊❊❊

بیرەوەری نامەکە، چەند لاپەڕەیەکی دیکەشی لەگەڵ بوو، بەڵام بەبێئەوەی ئاماژە بۆ چ تاوانێکی تازە بکات.

پزیشیکی تایبەتی شێتان کە جێگەی باوەڕ و متمانەیە، ڕایگەیاندووە کەلە دنیادا شێتانێکی نادیارو ناسنەکری هەن کە ئەم شێتە دێو ئاسایە لە جوملەی ئەوانە بووە.

تێبینی: ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٢١/٨/٥ لە پاچڤەی ئەم کۆچیرۆکە بوومەوە کەلەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

از مجموعه‌ی آثار موپاسان/۲، عشق: ترجمه: هوشنگ مستوفی/ بنگاه مطبوعاتی گوتنبرگ – خیابان منوچهری – تهران – ۱۳٤۲ ( ۱۹٦۳ ).